بەرزان ئەحمەد کوردە

# مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان

هەواڵنامەی کتێب

٢٠١٩

# مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان

نووسینی: بەرزان ئەحمەد کوردە

بابەت: سیاسی

تایپ: نەورۆز فوئاد عەزیز- چرۆ محمد مراد

نەخشەسازی بەرگ و ناوەرۆك:

چاپخانەی:

نرخ: ٦٠٠٠ دینار

تیراژ: ٢٠٠٠

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

ژمارەی سپاردن: ( )ی لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانەی سلێمانی پێدراوە.

هەولێرنامەی کتێب

# پێرست


پێشەکی ........................................................... ٥

دەستپێك ........................................................... ٩

بەشی یەکەم ........................................................... ١١

باسی یەکەم: ........................................................... ١١

مێژووی حزب ........................................................... ١١

باسی دووەم: ........................................................... ١٦

پێناسەکانی حزب ........................................................... ١٦

باسی سێیەم: ........................................................... ٢٠

جۆرەکانی حزب ........................................................... ٢٠

حزبی سۆسیالٚ – دیموکراتی (کۆمۆنیزمی) ........................................................... ٢٦

حزبی سۆسیالٚ- دیموکراتی ........................................................... ٢٩

ناسیۆنالیستی چەپگەرا ........................................................... ٢٩

حزبی مەزهەبی ........................................................... ٣٣

حزبی ناسیۆنالیستی ........................................................... ٣٥

حزبی سنترالٚ ........................................................... ٣٧

بەشی دووەم ........................................................... ٤١


هەواڵنامەی کتێب

باسی یەکەم: ........ ٤١
دیموکراسی ........ ٤١
باسی دووەم: ........ ٥٦
ئایدیۆلۆژیا ........ ٥٦
بەشی سێیەم ........ ٧٥
باسی یەکەم: ........ ٧٥
حزبی مۆدێرن ........ ٧٥
باسی دووەم: ........ ٩٦
مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان ........ ٩٦
باسی سێیەم: ........ ١٦٩
سەرکردە ........ ١٦٩
زاراوەکان ........ ١٨١
ئیندێکس ........ ١٩١
سەرچاوەکان ........ ١٩٩

# پێشەکی

مێـژووی نـویێو هاوچـەرخ بـۆ مێـژووی مرۆڤایـەتی، بەقۆناغو سەردەمێکی گرنگ ئەژمار دەکرێت، ئەمەش تەنها لەو سۆنگەوە نییە کەکۆتایی بەچاخە تاریکەکانی مێژووی مرۆڤایـەتی هێنـا، بـە تایبـەت لـە رۆژئـاواو ئـەوروپا، بـەڵکو زیـاتر لـەوە، سـەردەمی رێنسـانسو رۆشـنگەری کـردە دەستپێكو سەرەتای قۆناغێکی نوێ، کە دۆزینەوەی چاپو دۆزینەوە جوگرافیاییەکانو گەشەی پیشەسازیی کاریگەری گـەورەو بەرچـاوی لەسـەر ڕەوتـی ژیـانی سیاسـیو کۆمەڵایـەتییو ئـابووریو زانسـتی کـۆی مرۆڤایـەتی دروسـتکرد. تێـڕوانینی مـرۆڤ لـە بایەخـدان بـە پێکهاتـەو بنیادەکانی دیکە، بۆ خودی بایەخدان بۆ مرۆڤ و چۆنیەتی بەدیهێنانی ژیانێکی شایستەو خاوەن رێز وەرچەرخا بـە چـەقبوونی مـرۆڤ لـەکۆی کایـەکانی ژیـانی سیاسـیو کۆمەڵایـەتیو فیکریو...تـاد، هانـدەربوو بـۆ ئـەوەی لێکۆڵینـەوەو خوێندنـەوەکان بـەدوای میکـانیزمو هۆکـاری

جۆراو جۆردا بگەڕێن، تاوەکو بەباشترین شێواز ژیانێکی شایستەو خۆشگوزەران و دەرفەتی گونجاو بۆ مرۆڤەکان بڕەخسێنن، بەتایبەت لەژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، لەبەر ئەوە لەو قۆناغەوە مرۆڤ زۆر داهێندراو و میکانیزمی بۆ ئەم مەبەستە هێنایە ئاراوە.

حزب یەك لەو دیاردانەیە کە هەر لەسەدەی حەڤدەوە وەك میکانیزمێك پێگەیەکی گرنگی لەژیانی سیاسی مرۆڤ داگیرکردووەو بووەتە یەکێك لەگرنگترین داهێنراوەکان کە لەپێناو بەدەستهێنانی خواست و ماف و بەرژەوەندییە سیاسییەکان و بەدەستهێنانی دەسەڵات بەکاریبردووە، هاوکات ناوەندی کۆکردنەوەی ئەو گروپ و چینانەی کۆمەڵ بوو، کە هاوبەرژەوەندیی و دیدی فیکریی و ئایدیۆلۆژی بوون.

حزب هەر لەو رووەوە بایەخی نەبوو، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا پێویستی و زەمینەسازی هەڵبژاردن و چەمکە فیکریی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هێنایە ئاراوە. هەروەها داینەمۆی وشیارکردنەوەو جیهانبینی بووە، هێزی بزوێنەرو جوڵەی کۆمەڵ و سیمای زیندویەتی گەل و نەتەوەکان بووە، چونکە رۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لەپەروەردەو فراوانکردنی گیانی لێبوردن و شێوازی مامەڵە لەکەڵ جیاوازییەکان و رێزی دیدو تێڕوانینەکانی بەرامبەر دەگرێت.

لەبەر ئەوە نووسین لەبارەی حزب لەهەر کۆمەڵەو ناوچەیەك بایەخ و گرنگی تایبەتی هەیە، بەتایبەت ژینگەی جوگرافیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کەلتوریی کاریگەری گەورەیان لەفۆرم و شکڵبەندیی و بونیادی حزب و پرۆسەی حزبایەتی هەیە، هەروەها حزب ئاوێنەی بونیادیی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و هەڵگری خاڵە گەش و ڕەشەکانیەتی.

لەم سەرەبەنەوە نووسینی بابەتێك لەژێر ناوی (مۆدێلی حزبایەتی لە کوردستان) لەلایەن کاك (بەرزان ئەحمەد کوردە) ئەرزش و نرخی خۆی هەیە، بەتایبەت لەوەدا کەنووسەر خۆی یەکێکە لە کاراکتەرەکانی یەکێك لەحزبە سەرەکییەکانی باشووری کوردستان، دووەم لەوەدا کەلەناو حزب پلەو پۆستی جۆراوجۆری هەبووەو ئاگاداری پێکهاتەی فیکریی و ئایدیۆلۆژی حزب و شکڵبەندیەکەیەتی، هەر ئەمەش وایکردووە کە لەپرۆسەی سیاسی باشووری کوردستان و لەئەنجامی ململانێی حزبی و کاری حزبایەتی، ئاگاداری فۆرم و شێوازی کاریی حزبەکانی دیکە بێت.

واتە نووسەر هەوڵیداوە کەمتر لەتیۆری و چوارچێوەی کتێبەکانەوە بیرۆکەکانی گەڵاڵە بکات، بەڵکو وەك کەسێك کەئەزموونی لەکایەی حزبی و سیاسیدا هەیە، خوێندنەوەو دیدی تایبەت و کەسیی لەفۆرمی ڕەخنەیی و هەڵسەنگاندندا خستۆتە ڕوو، لەم هەوڵەشدا تا ئاستێکی باش توانیویەتی

بێلایەنانە، وەك كۆی حزبەكان بەبێ ئاماژە بۆ ناوهێنانی هیچ حزبو لایەنێك تێڕوانینەكانی خۆی پێشكەشكردووە، لەم نێوەندەشدا حزبەكەی خۆشی وەك هەر حزبێكی دیكە بینیوەو هەڵاویردی نەكردووە.

هەروەها وەك هەر هەوڵو تێڕوانینی كەسیی دیكە، ئەم نووسینە شیاوی ڕەخنەكردنو دیدی جیاوازو بۆچوونی ترە. كە ئەگەر ئەم نووسینە لەدوای خۆیەوە بتوانێت ببێتە مایەی وروژاندنو هێنانە كایەی دیدو بۆچوونی دیكە بۆ بابەتەكە، ئەوە لایەنێكی گەشو سەركەوتنێكی دیكە بۆخۆی مسۆگەر دەكات.

پ. ی. د. هیوا عزیز سعید

٢٠١٩ /١٠/١٤

هەولێرنامەی کتێب

# دەستپێك

زۆر لەحزبە سیاسییەكان لەبەرامبەر گۆڕانكارییە گەورەو خێراكانی دیاردەی بەجیهانیبوون توشی ئاریشە بوونەوە، تەنانەك هەندێك حزب لەگەڵ شوناسی خۆشیان گرفتیان هەیەو نازانن چ رەوشێكی سیاسی بگرنەبەر– هەتا لەگەڵ سەردەمدا تەبابێت، چونكە گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكان خێراترن لەوەی حزب بتوانێت بنەمایەكی لۆژیكی باش بۆخۆی داڕێژرێت و بیكاتە پەیڕەوی هەمیشەیی خۆی. دەمانەوێت بڵێین: لەسەر ئاستی كۆمەڵایەتی جۆرێك دابڕان لەنێوان هێزی كۆمەڵایەتی نەتەوەیی دروستبووەو دەیەوێت بەپێوەری خۆی، لەگەڵ دیاردە تازەكاندا بگونجێت.

بەرنامەی هیچ حزبێك خۆی لەخۆیدا سیاسی نییە، هەموو دیاركەوتەو بنەما كۆمەڵایەتییەكان لەبارو دۆخێكدا دەگوڕدرێن بۆ دیاردەی سیاسی.

بەکورتی دەمانەوێ بڵێین: ئەگەر حزبی راستەقینە بیەوێت بەردەوام بێت، ئەوا دەبێ پشت بەجەماوەر ببەستێتو هەمیشە بەرنامەو ئامانجەکەی لەخزمەتی نەتەوەکەیدابێتو بەشێوەیەکی پراکتیکی پیادەی بکات.

پەیڕەوی حزبەکانی کوردستان زیاتر پەیوەست بەجیاوازی سیاسییو ئەرکەکانی حزبە، نەك چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەم کتێبەی بەردەستی بەڕێزت دیارخەری ئەو لایەنە گرنگانەیە کەپەیوەندی بەبنەمای حزبایەتیەوەیە.

شایانی باسە ئێمە بەدیاریکراوی مەبەستمان لەهیچ حزبو لایەنێك نییە، تەنها ویستومانە راستییەکان وەك خۆی بخەینە ڕوو. ئومێدەوارم خزمەتێکم بەفەرهەنگی کوردی کردبێت.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

## باسی یەکەم:

## مێژووی حزب

حزبەکان لەدنیادا زادەی سەردەمو مێژوویەکی دیاریکراونو خاوەنی فاکتەرو هەلومەرجی دەرەکی و ناوخۆیی خۆیانن. هەندێك حزب بەهۆی تەنگژە ئابووریی و سیاسییەکانەوە دروستبوون. هەندێکیشیان بەهۆی ئاستەنگی نەبوونی شەرعیەتەوە سەریانهەڵداوە،

(وەك: تەنگژەی ناڕەوایەتیبوونی دەسەلاّتی قەیسەر- پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر) هەموو ئەو حزبانەش خاوەنی ئایدیۆلۆژیای تایبەت بەخۆیان بوون. هاتنەئارای حزب دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرەتایەی کەگروپی پەرلەمانی سەریانهەڵدا. دواتر کۆمیتەی هەڵبژاردنەکان پێکهێندران و پەیوەندی هەمیشەو نەگۆڕی نێوان ئەم دووانە، بوو بەهۆی

دروستبوونی حزب. کاتێکیش حزب لەپەیوەندی نێوان ئەم دووانەوە دروستبوو- خۆی بوو بەپارێزەریان لەلیژنەی یاسادانانددا. (کەواتە بنەمای هەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ مافی دەنگدانی گشتی.) دوای ئەمە لەدەرەوەی پەرلەمان لیژنەو ناوەندی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەیی دروستبوون و وردە وردە کەوتنە پەیڕەودانان و ڕێکخستنی حزبی. ئەمانە بوونە بەردی بناغەی حزبی سیاسی لەدەرەوەی پەرلەمان و بنەمایان دەگەڕێتەوە بۆ سەندیکاکانی کرێکاران و ناوەندەکانی ئایینی و...تاد.

لەساڵی(١٦٨٠) دوو گروپ لەناو پەرلەمانی بریتانیدا هەبوون بەناوەکانی (ویك)و (تۆری) ویکەکان پێکهاتبوون لە بازرگان و تەکنۆکرات و ئەرستۆکراتەکان. تۆریەکانیش پێکهاتبوون لە فیودیاڵەکان و پیاوانی ئایینی. دواتر ئەم دوو گروپە حزبی لیبراڵەکان و پارێزگارانی لێدروستبوون.

چەمکی حزبی سیاسی بەماناکەی ئەمڕۆی لەساڵانی (١٨٠٠) لەئەمریکا سەریهەڵداو بەرنامەکەی خۆی بۆگەیشتن بەدەسەڵات، بۆ دەوڵەت خستەڕوو. ئاشکرایە چالاکی حزبە سیاسییەکان پەیوەست بە بەرەوپێشچوونی سیستمی دیموکراتیەوەیە.

مارکسیزمیش وەك یەك ئایدیۆلۆژیا سەرچاوەی وزە بەخشی و ئیلهامی حزبە کۆمۆنیستەکانە. دوای سەرهەڵدانی نێونەتەوەیی سێیەم لەساڵی (١٩١٩) زۆر حزبی

سۆسیالیستی و سۆسیالّ- دیموکرات و حزبی کۆمۆنیستی دروستبوون. بەواتایەکی ڕوونتر: ئایدیۆلۆژیای مارکسیستی بێخەوشیان کردە پەیڕەو پرنسیپی خۆیان. بۆنموونە: حزبی سۆسیالیستی فەرەنسی دوای بەستنی کۆنگرەی (تۆر) لەساڵی (١٩٢٠) بەهۆی ناکۆکی نێوان ئەندامانی کۆنگرە، حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسی دروستبوو.)(١) لەساڵی (١٩٢٥)یش بۆیەکەمجار لەعێراقیش حزبی پێشکەوتن بەسەرۆکایەتی عبدولمحسین سەعدون، دروستبوو.

هەرچەندە ئەو حزبە پەیڕەو ڕێکخستن و بیروباوەڕێکی دیاریکراوی نەبوو، تەنها کاری بۆ بەدەستهێنانی لایەنگری زۆرینەی ئەندام پەرلەمانەکان کردووە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بەچەپ زانیوە.

سەرهەڵدانی حزبی سیاسی لەولاّتاندا بەشێوەی هەمەجۆر دروستبوون. سەرەتا بەهۆی سەرهەڵدانی سیستمی سیاسی، بەدروستبوونی کوتلەی پەرلەمانی. ئەو ئەندام پەرلەمانانەی لەڕووی بیرۆکەوە لەیەکتری نزیکبوون، ئەمانە بەتێپەڕبوونی کات ئیدی کاری هاوبەشیان پێکەوە کردووە، دواتر بۆ پاراستنی بەرژەوەندیان ئەو کوتلانە لەدەرەوەی پەرلەمان بۆ ڕاکێشانی ڕای گشتی، چالاکیان کردووە. بۆنموونە: حزبی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی

---

[١] ـ م. دورزة. جامعة سناسى سياسى. ترجمة: ابو الفضل قاضى. دانشكده تهران ـ ١٣٦٧ ص٢٤٥

ئەڵمانی باوەڕو پرنسیپەکانی لەسەر بنەمای چەمکی ئایینی مەسیحی و لێپرسراوێتی تاکەکەس لەبەرامبەر خواوەنددایە.
لەپەیڕەوی ناوخۆی ئەو حزبەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە: حزبێکی دیموکراتی لیبراڵی محافیزکارەو پابەندە بەفەرهەنگ و ڕەگوڕیشەی مێژووی ئەورووپا.

بنەما سەرەکییەکانی دیکەی ئەو حزبە بریتییە لە: دادپەروەری کۆمەڵایەتی، پاراستنی مافی مرۆڤ، سەروەری یاساو...تاد، هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدانی حزب دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی ڕێکخراوەکانی لاوان و دامەزراوەکانی ئایینی و ناوەندەکانی فکری و سەندیکاکان.

ئیدی ئەمانە کەوتنە خۆڕێکخستنەوەو دواتر لەو چوارچێوەیە چوونەدەرێ کەتەنها ناوەندێکبن و بەرگری لەبەرژەوەندی دەستەیەك لەئەندامانیان بکەن.

نموونەیەکی دیکە: حزبی کرێکارانی بریتانی سەرەتا لەهەناوی سەندیکای کرێکارانەوە دروستبووە.

یان سەرهەڵدانی حزبی ئایینی) لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا بزوتنەوەی دیموکراتی مەسیحی لەئەورووپادا سەریانهەڵدا.

دیارە ئەمەش زیاتر پەرچەکردارو کاردانەوەبوو بەرامبەر بزوتنەوە سۆسیالیستە کرێکارییەکان. سەرەتا ئەو حزبە مەسیحیانە لەمەیدانی کۆمەڵایەتییەوە دەستیان پێکردووەو دواتر چوونە ناو بواری سیاسییەوە.

ئـەو حزبانــە بیرۆکــەکانیان لەســەر بنــەمای بــاوەڕی ئایینییە.

حزبـی دیمـوکراتی سۆسیالیسـتی ئـەڵمانی، کـۆنترین حزبـی سیاسـی ئەڵمانیـەو لـەڕووی بـوونی ئەندامەکانیـەوە گەورەترینـە. ئـەو حزبـە کـار بۆ ڕیفـۆرمی ئابووری دەکـات– هەتا لەگەڵ ڕەوشی بەجیهانیبووندا بێتەوە، هەروەها جەخت لەســەر چارەســەرکردن و پێداویســتییەکانی کۆمەڵایــەتی و کرێکاران و چینە بێبەشەکانی کۆمەڵگا دەکاتـەوە. ئەو حزبە ساڵی (١٨٧٥) دامەزراوە.

پێویســتە لێرەدا ئامــاژە بەوەبکــەین جیــاوازی هەیــە لەنێوان بزوتنەوەی سیاسی و حزب بەمانا ئەکادیمییەکەی.

بۆنموونــە: مایکیــاڤیللی لــەکتێبی (مـیر)دا باســی دوو پارت دەکات بەناوەکانی (کۆڵۆنیا) و (ئۆرسینی) ئەمانە زیاتر بزووتنەوەی سیاسی بوون، نەك حزب.)[1] دامەزراندنی حزبی سیاسی مێژوویێکی دێرینی نییە.

---

[1] ـ الامير. تاليف: نيكولا ميكيافللي. الناشر: معهد البحرين للتنمية السياسية. ترجمة: محمد عبدالرضا التميمي ٢٠١٤ص١١٤

باسی دووەم:

# پێناسەکانی حزب

**زۆر پێناسە بۆ حزب کراون، بەڵام ئێمە لێرەدا گرنگترینیان دەخەینە ڕوو:**

**١- موریس دیڤریجە: بەمجۆرە پێناسەی حزب دەکات: (کۆمەڵێك خەڵکن لەرووی فکری و سیاسییەوە هاوڕان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان، هەوڵدەدەن بگەن بەدەسەڵات- یان بۆ بەدەستهێنانی بەشێك لەدەسەڵات تێدەکۆشن.)١**

**٢- یەکەمین پێناسە بۆ حزب لەساڵی (١٨١٦) لەلایەن (بنیامین کۆنستان) کراوەو دەڵێت: کۆبوونەوەی کۆمەڵێك کەسە کەیەك باوەڕیان هەڵگرتووە.**

**٣- هانز کلسن. پێیوایە: (ئەو ڕێکخراوەیە کۆمەڵێك کەس لەخۆدەگرێت کەیەك باوەڕیان هەیە، ئەمەش بۆ**

---

[1] ـ الاحزاب السياسية. تاليف: موريس ديفريجة. ترجمة: عبدالحسين محمد. الناشر: دار النهار للنشر والتوزيع. ١٩٧٧ص٨



هەواڵنامەی کتێب

دەستەبەرکردنی کاریگەری راستەقینە لەسەر کاروبارە گشییەکانی دەوڵەت.)[1]

٤- لای لیبراڵەکان پێناسەی حزب بەواتای: گرتنەبەری ئەو ئامانجە سیاسییە کەحزب لەڕێگایەوە دەیەوێت دەسەڵات بگرێتە دەست و بەشداربێت لەدروستکردنی بڕیار.

٥- جۆن چیکاڵ. دەڵێت: (حزب ڕێکخراوێکی هەمیشەیەو لەسەرئاستی ناوخۆیی و نیشتمانی لەجوڵەو چالاکیدایە بۆ دەستەبەرکردنی پشتگیری لەلایەن جەماوەرەوە. ئەمەش لەڕێگای گرتنەبەری سیاسەتێکی دیاریکراوەوە.)

٦- حزب ڕێکخستنی سیاسییەو ئایدۆلۆژیایێکی دیاریکراو کۆیاندەکاتەوە. ئامانجی هاوبەشی ئەمانە گەیشتنە بەدەسەڵات- یان بەشداریکردنە لەدەسەڵات، بۆپاراستنی بەرژەوەندی ئەندامەکانی لەژێر پاساوی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی.

٧- حزب: هەندێك بیرۆکەو بۆچوونی دیاریکراوی ئایدیۆلۆژیە، بریتییە لەکۆمەڵێك بەهای ئەخلاقی و ئاینی و نەتەوەیی، لەویشەوە تێڕوانین و چارەسەر بۆکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و...هتد. دادەڕێژرێت.

---

[1] ـ *المصدر: مجلة تكريت للعلوم السياسية.* المجلد(٢) العدد(٢) ٢٠١٥ ص١٨٧

٨- هەموو حزبێك لەسیستمی دیموكراسیدا ئامانجی سەرەكی ئەوەیە بەڕێگای دەستووری و پەرلەمانی دەسەڵات بگرێتەدەست- یان تێیدا بەشداربێت. بەكورتی كۆمەڵێك كەسن و خاوەن باوەڕێكی سیاسی دیاریكراون و دەیانەوێت لەوڕێگایەوە ئامانجە گشتی و تایبەتییەكانیان دەستەبەر بكەن بۆگرتنە دەستی دەسەڵات.

٩- چەمكی حزبی سیاسی بەومانایە لێكدەدرێتەوە: ڕێبازێكە كۆمەڵێك كەس لەسەری ڕێكدەكەون و باوەڕی پێدەهێنن، بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیەو هەوڵدەدەن لەڕێگای ئەو حزبە ئامانجەكانی خۆیان دەستەبەربكەن. واتا: بگەن بەدەسەڵات.

١٠- حزب ئۆرگانێكی كۆمەڵایەتی- سیاسییەو كۆمەڵێك كەس خۆبەخشانە بۆ دەستگەیشتن بەو ئامانجەی هەیانە لەدەوری ئایدیۆلۆژیایەك كۆبوونەوە. ئەو كۆمەڵە كەسەش بەپێی پێویستی سیاسی دەبێ دوو پایەی بنەڕەتیان هەبێت. یەكەم: بنەمای ئایدیۆلۆژی. دووەم: پرۆسەو ئامانجی حزبەكەیان. واتا: پەیڕەو پرۆگرامی حزبەكەیان كەوەك دەستوری بنەڕەتی ئەو حزبە وایە.

١١- ماكس ڤیبر. پێیوایە: زاراوەی حزب بەو مانایە بەكاردێت: پەیوەندی كۆمەڵایەتی ڕێكخراوە، لەسەربنەمای لایەنگری ئارەزوو مەندانە، ئامانجیش دەسەڵاتدانە بەلێپرسراوانی ناو ئەو حزبە لەپێناو

ئامانجێکی دیاریکراو– یان بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیاز بۆ ئەندامانی ئەو حزبە. بەتێڕوانینی ناوبراو:(حزب کۆمپانیایەکە ئامانجی بەدەستهێنانی دەسەڵاتە، چوونە ناو ئەو کۆمپانیایەش وەك کۆمپانیا بازرگانیەکان خاوەنی یاساو ڕێساکانی بازاڕە. واتا: خواستو خستنە ڕوو، لێرەدا تاکە کەسەکان بەلێکدانەوەی عەقلانی بۆگەیشتن بەخواستە ماددیو مەعنەویەکانیان، ڕاکێشی حزبەکان دەبن.)

١٢- ئەنتۆنی گرامشی، دەڵێت: (بنەمای حزب بریتییە لەهەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین لایەنگری خەڵکی ئاسایی لەبەرنامەی ئەو حزبە. واتا: لایەنگرێتی حزبو بەجەماوەربوونی پەیوەست بە ڕەوائی بەرنامەکەیەتی.)[1]

١٣- حزبی سیاسی بریتییە لەکۆمەڵێك خەڵكو ئاراستەیەکی سیاسی دیاریکراویان هەیەو باوەڕیان بەکۆمەڵێك بیرۆکەی سیاسی ئایدۆلۆژییە. بۆگەیشتن بەئامانج چەند ڕێو شوێنێك دەگرنەبەر لەمانەش: خستنەڕووی بەرنامەی سیاسیو گرێنتیدان بەپاراستنی قەوارەی دەوڵەتو دابینکردنی ئاسایشی ئابووری هاولاتیانو...تاد.)

---

[1] ـ انطوان غرامشی: قضایا علم السیاسة الماركسیة. ترجمة: واهی شرفان وقیس الشامی ـ بیروت دار االعلیمة ١٩٧٠ ص٤٩

## باسی سێیەم:

# جۆرەکانی حزب

چەندین جۆر حزب هەن، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها ئەوجۆرە حزبانە باسدەکەین، کەلەکوردستاندا هەن.

## حزبی هەڵبژاردنەکان

ئـەمجۆرە حزبانــە ئامانجیــان گرتنەدەســتی دەســەڵاتە لـەڕێگای پـەنابردن بـۆ بـەڵێنی گـەورەو زەقکردنـەوەی ئـەو گفتانــەی کــەپاڵێوراوەکانیان بــۆ پەرلــەمان پڕوپاگەنــدەی بۆدەکەن، گوایا کار بۆ پاراستنی بەرژەوەندی هـەموو چین و توێـژەکانی کۆمەڵایـەتی دەکـەن. خەسڵەت و ستراتیژیی ئـەم حزبانــە بەپەنابردنــە بۆبابــەتی هەمــەجۆر. رێکخســتن و دامــەزراوەکانی حزبیــان لاوازە، پەیوەنــدی دیپلۆماســیان ناجێگیرە.

سیاسەتەکانیان بەپێی هەلومەرج و پێشهاتەکان دەگۆڕدرێت. زیاتر لەکۆمپانیایەکی پشکداری دەچێت. خوێندنەوەیان بۆ ئایندەی سیاسی لاوازە، خۆیان بەحکومەت دەژێنن. واتا: لەڕێگای ئەو بەرپرسانەی کەبەپێی کورسییەکانی پەرلەمان لەحکومەتدا لێپرسراویەتی وەردەگرن لەڕێگای لێپرسراوانی ناو حکومەت پارەو داهاتی شەرعی و ناشەرعی بۆ ئەندامەکانیان پەیدادەکەن. زیاتر وەك مۆدێلێکی موزایکین و هەمیشە ئەگەری هەڵوەشانەوەو لاوازبوونی زۆریان هەیە. زیاتر وابەستە بەیەك پانتایی جوگرافیایین.

ئەمجۆرە حزبانە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە دروستبوون، واتا: ئەوکاتەی مافی دەنگدان لەسیستمی نیمچە دیموکراسەکانی ئەوروپا هاتەئاراوە، ئەم حزبانە زۆر گرنگی بەبواری ڕێکخستن نادەن، تەنها کار لەسەر دەستەبەرکردنی ڕای زۆرترو کورسیەکانی پەرلەمان دەکەن. پەیوەندییە شەخسییەکانیان زیاتر لەپەیوەندی فیودیالی دەچێت و لەسەر بنەمای بەئەمەکی و پابەندبوونە. لەسەرو بەندی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێن و پەیمان بەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەدەن. لەحزبە مەزهەبی و ناسیۆنالیستەکان نزیك دەبنەوە، گفتی گەورە بەخەڵك دەدەن و پشتبەستن بەمیدیاو بانگەشەی هەمەجۆر، ئەمانە هەمیشە پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن خاوەنی بەرنامەی

سیاسی و دادپەروەرانەن و باوەڕیان بەدیموکراسی هەیە.

لەڕێڕەوی سیاسییاندا زۆرینەی کات دژی سیستمی سیاسی دەوڵەتن- لەباشترین حاڵەتدا نیوە لایەنگر دیاردەکەون. ئەمجۆرە حزبانە کەتازە لەکوردستانیشدا سەریانهەڵداوە، ستراتیژی و ئامانجی سەرەکیان ژمارەی کورسی زیاتری پەرلەمانەو وەرگرتنی لێپرسراوێتی لە حکومەتدا. ڕەوشی سیاسەتەکانیان ڕوون و ئاشکرا نییەو زیاتر سیاسەتی مایکیاڤیلیانە پەیڕەودەکەن. تەنها لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا گەرمی دادێنن و هاشووهوش و بەڵێنی ناڕاست دەدەن. کاندیدانی پەرلەمانیان دەبنە دەمڕاست و قسەکەری حزبەکەیان.

لەهەڵبژاردنێکەوە بۆ هەڵبژاردنێکی دیکە گۆڕانکاری ئەوتۆ لەشێوازی ئەو حزبانەدا بەدی ناکرێت. لەکاتی قەیرانەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کەڵك لەناڕەزایەتی خەڵك وەردەگرن و لەبەرژەوەندی خۆیان دەیشکێننەوە.

بەخێرایی گەورە دەبن و دەبنە خاوەن جەماوەرێکی زۆر، بەڵام ئەو جەماوەرەیان لەماوەیەکی دیاریکراودا دوای دوو بۆ سێ خولی پەرلەمانی بەخێرایی دادەبەزێت. دواجار وردە وردە جەماوەریان کەم دەکات هەتا دەگاتە ئەوەی ژمارەی کورسییەکانیان هێزی بەشداری کارایان لەحکومەت پێنابەخشێت. سەرچاوەی دارایی حزب دەکەوێتەبەر هەڕەشە، ئەو کەسانەی لەدەوری کۆبوونەوە بەرژەوەندی

watermark

ماددیـان نامێنێـت و لـەو حزبـە دوور دەکەونـەوە. چـونکە ئەمانە لەسەر بنەمای (کارتلی)١ سیاسەت دەکەن.

بیروبـاوەڕی حزبـی هەڵبژاردنـەکان زیـاتر (هۆلیۆکی)یـە، واتـا: نەلایـەنگری ئاینییـەو نـە دژیـەتی، بـەڵام ئـەم حزبانـە جیاوازن لەڕێکخراوە مۆدێرنەکانی سەردەمی بەجیهانیبوون کەخاوەنی ئایدۆلۆژیاو پەیڕەوێکی دیاریکراونین.(٢)

حزبـی هەڵبژاردنـەکان ئایدیۆلۆژیاکـەیان ڕووکەشـییەو جێگای گرنگی پێدانی لایەنگرانی ئەو حزبە نییە. ئامانجی سەرەکیان بەدەستهێنانی دەنگی زۆرتری خەڵکەو زۆربوونی کورسییەکانی پەرلەمان و لەوێشەوە گرتنەدەستی دەسەلات. سیاسـەتکردنیان ئەوەیـە سیاسـەت تێکـەڵاوی هـەموو لایەنـەکانی ژیـانی کۆمەڵایـەتی بکـەن و ڕووپۆشـی گشتگیری جـەماوەری بەبـەردا بکـەن، سـەرنجی هاوڵاتییـان بۆئـەوە ڕادەکێشـن پاڵێوراوەکانیـان کەسـانی شایسـتەو بـەتوانان و بەرگری لـەمافی هاوڵاتیـان دەکـەن. ئایدیۆلۆژیاو پـەیڕەوی نـاوخۆی نادیـاری نـاو حـزب و پرنسـیپەکانیان تـەنها لـەوەدا خـۆی دەبینێتـەوە چـۆن و بـە چ میکانیزمێـك بەرنامەیـەکی

---

١ - حزبی سیاسی کارتلی: (kartell parier) بەو حزبانە دەگوترێت بۆپاراستنی پێگەی خۆیان، کەڵك لەسیستمی سیاسی وەردەگرن و سەرچاوەو داهاتەکانی حکومەت بەشەرعیو ناشەرعی دەدەن بەحزبەکەیان.

٢ - ڕێکخراوێکن کار بۆبەرژەوەندی خۆیان دەکەن، بەپاساوی سیاسی پارەو داهات بەدەست دێنن.

سەرنجڕاكێش بۆ هەڵبژاردنەكانی داهاتوو دابڕێژن، لەخەمی ئامانجە باڵاكانی نەتەوەیی و ئایندەدا نین.

جەماوەرەكەیان لەناوچەیەكدا دەمێنێتەوەو بە بەسەرچوونی كات جەماوەریان كەمدەبێتەوەو دەكەونە ژێر كۆنترۆڵی سەركردەكەیان و دواتر وەك دەستەیەكی كەم دەمێننەوەو دروشمی نەتەوەیی و خەسڵەتەكانی حزبی نەتەوەیی هەڵدەگرن.

سەركردەی كاریزمایی هیچ لەباراندانەبوو دروستدەكەن. ئەو كورسیانەی لەڕێگای هەڵبژاردنەكان بەدەستیان هێناون لەبازاری بۆرسەی سیاسەتدا مامەڵەی پێوەدەكەن و زۆرجار بەهەرزانترین و ناڕەواترین شێوە دەیفرۆشنە ئەو حزبانەی زۆرینەی كورسییەكانی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە- یان لەڕێگای هاوپەیمانیەتیكردن لەگەڵ ئەو حزبانەی كەپێشتر ناحەزیان بوون و هەندێك دەنگیان لەڕێگای بەڕواڵەت دژایەتیكردنی ئەو حزبە بەدەستهێناوە. زۆر گرنگیی بەلایەنی ئەخلاقی نادەن و ئامانجیان قازانجی ماددییە، لەكاتی هەڵبژاردنەكاندا بەڵێنی زۆرو هەمەجۆر دەدەن، بەڵام دواتر بەپاساو هێنانەوەی بێبنەما خۆیان لەو گفتولفتانە دەدزنەوە.

ئەو حزبانە بەئاسانی دەتوانرێت لەكایەی سیاسی بەدەر بخرێن و دواتر هەڵبوەشێنەوە. بۆنموونە: ئەگەر بۆ دوو سێ خول بەشداری لەحكومەتدا نەكەن، مەترسیان دەكەوێتەسەر.

هەندێك لەو حزبانە توانیویانە بەگرتنەبەری چەند هەنگاوێك خۆیان لەمەترسی هەڵوەشانەوە بپارێزن و درێژە بەمانەوەیان بدەن. دیارە لێرەدا بواری ئەوەمان نییە باس لەوهەنگاوانە بکەین.

هەواڵنامەی کتێب

# حزبی سۆسیالْ - دیموكراتی
## (كۆمۆنیزمی)

بیرۆكەی سۆسیالْ- دیموكرات[1] مێژوویێكی كۆنی هەیە، لەسەدەی شازدەدا بەچەند جۆر پۆلێنكراون، وەك: سۆسیالْ- دیموكراتەكانی: نێونەتەوەیی، نەتەوەیی، یۆتۆپیایی، بۆرژوازی، ئاینی، رێچكەیی، زانستیو...هتد. بە بەسەرچوونی كات ئەمانە بوونە دوو بەشی سەرەكی: سۆسیالْ- دیموكراتی كۆمۆنیزمی زانستیو سۆسیالْ- دیموكراتی لیبرالْی.

---

[1] - تێبینی: جیاوازی هەیە لەنێوان: دیموكراسیو دیموكراتی- یان زاراوەی لیبرالْیو لیبرالیسم. هەرچەندە زۆر لەرۆشنبیرانمان كەمتر ئەو جیاوازییە لەبەرچاودەگرن. بۆنموونە: سۆسیالْ- دیموكرات راستە. ناگوترێت سۆسیالْ- دیموكراس. سۆسیالْ- دیموكرات واتا ئەوانەی باوەڕیان بەوڕێبازە هەیە، بەلاّم دیموكراس، واتا سیستمەكە خۆی، سیستمی دیموكراسی- یان دەگوترێت كەسێكی لیبرالْە، واتا باوەڕی بەرێبازی لیبرالْی هەیە. بەلاّم بگوترێت: لیبرالیسم واتا سیستمەكە خۆی.

سۆسیالْ- دیموکراتی چەپگەرا لەلایەن: کاوتسکی، برنشتاین، سان سیمۆ، فۆریەو...هتد، دامەزرێندرا. باوەڕدارانی ئەم ڕەوتە فکرییە پێیانوایە بۆگەیشتن بەقۆناغی سۆسیالیستی، پێویستە بەڕێگای ئاشتیو پرۆسەی دیموکراسی بێتەدی. هەر لەسەرەتاوە کۆمۆنیزمەکان دژی سۆسیالْ- دیموکراتەکان بوونو بەلادەریان دەزانیین، چونکە کۆمۆنیستەکان باوەڕیان بەسۆسیالیستی زانستی هەیە. جیاوازی راو بۆچوونی ئەم دووانە زۆرن، بەلاّم تەنها ئاماژە بەخاڵە گرنگەکانیان دەکەین. سۆسیالْ- دیموکراتە چەپگەراکان پێیانوایە:

١- چینایەتی تاکە فاکتەرو میکانیزمی درووستکەری مێژووی مرۆڤایەتی نییە، چینی پرۆلیتاریا ئینتمای نیشتمانیو نەتەوەییان هەیە.

٢- نابێ پەنا بۆ توندو تیژی ببرێتو گۆڕانکارییەکان بەشێوەی سیستمی دیموکراسیی بکرێن.

٣- سۆسیالیزم هەنگاو بەهەنگاو بێتەدیو شەڕو شۆڕشکردنی ناوێت.

٤- سۆسیالیزمو دیموکراتی لەیەکتری جیاناکرێنەوە، لەسیستمی سۆسیالْ- دیموکراتیدا دەوڵەت دەمێنیت، سۆسیالْ- دیموکراتەکان بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن.

٥- دەبێت هەوڵبدرێت باری گوزەرانی پرۆلیتاریا لەرێگای ریفۆرمکردن لەپەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا باش

بكرێـت. بـەكورتی باوەڕیـان بـەزۆر لـەو بنەمایانـە نییـە کەکۆمۆنیستەکان بۆی تێدەکۆشن.

پێچەوانەی بۆچوونی کۆمۆنیستەکانە کەپێیانوایە:

٦- نـابێ لـەقۆناغی سۆسیالیسـتیدا دەوڵـەت بمێنێـت، چونکە ئامرازی چەوساندنەوەیە.

٧- پەیوەندییـەکانی بەرهـەمهێنان تـەنها بەشـۆڕش و توندوتیژی چاك دەکرێن.

٨- کۆمـۆنیزمی حەتمیـەو بەبـەرپاکردنی شۆڕشـێکی جیهـانی سیسـتمی سـەرمایەداری لـەناو دەبرێـت و سۆسیالیسـتی زانسـتی دێتـەدی و مرۆڤایـەتی لەچـنگی چەوساندنەوەی سەرمایەداری رزگاری دەبێت.

# حزبی سۆسیالّ- دیموکراتی
# ناسیۆنالیستی چەپگەرا

لــەژێر دەســەلاّتداری یــەك ســەرکردەی کارێزمــادا دەمێنێتــەوە. جیــاوازی کــەمی نێــوان حزبێکــی سۆســیالّ- دیموکراتی ناسیۆنالیست لەگەلّ حزبێکی ئەنتەرناسیۆنالّ، لەوەدایە ئـەوەی یەکـەمیان هەولّـدەدات جـەماوەر ڕاکێشـێتە نـاو مەسـەلەکانی نەتـەوەیی و سـەربەخۆیی و...هتد، پـاوانی بەرژەوەندییــە گشــتییەکانی نەتەوەکــەی بکــات، وای نیشـانبدات تـەنها ئـەو حزبـە دەتوانێـت خواسـت و ئامانجە بالاّکـانی گەلەکـەی بـەدی بێنێـت. هـەروەها گرتنەبـەری ئـەو سیاسەتەی بەرژەوەندیەکانی نەتەوەکەی ناکۆك و نەگونجاون لەگەلّ بەرژەوەندی نەتەوەکانی دیکەدا.

ئەگـەر حزبـی سۆسـیالّ- دیمـوکراتی ناسیۆنالیسـتی[١]

[١]- واتا: جۆری سێیەمیان جیاوازە لەحزبی سۆسیالّ- دیموکراتی ئایدیۆلۆژیایی و ڕێچکەیی (مەزهەبی) و سۆسیالیستی و سۆسیالّ- دیموکراتی لیبرالّ و چەپگەراو...تاد،

زۆرینـەی کورسـییەکانی پەرلـەمانی بەدەسـت نـەهێنا، ئـەوا لەگەڵ حزبی قەومی دیکەدا هاوپەیمانێتی دەبەستێت، بەڵام کەمتر هاوپـەیمانێتی لەگـەڵ حزبی مەزهـەبی و کۆمۆنیسـتیدا دەبەسـتێت. حزبـی سۆسـیاڵ- دیمـوکراتی ناسیۆنالیسـتی کلاسیکی، خاوەنی دوو بنەماو پایەی بنەڕەتی بوون.

١- پەیڕەوی ناوخۆ.

٢- پرنسیپ.

یەکـەمیان: ئایـدیۆلۆژیاو ئامانجـەکانی حـزب. دووەم: پـەیڕەوی حـزب: کـەبریتیبوون لەچـاودێریکردن و پاپەنـد بـوونی ئەنـدامانی حـزب، بـەبڕیارو پـەیڕەوی نـاوخۆو سیاسەتەکانی.

ئەم حزبانە جیاوازن لەگەڵ حزبی سۆسیاڵ- دیموکراتی ئەنتەرناسیۆنالیستی کەناوەندی بڕیار لەکۆمیتەی کارگێڕی مەکتـەبی سیاسـییەوە دەردەچـێت. هەمیشـە لـەناو ئـەو حزبانەدا کێشەی حزبی و ململانێ هەیە، ئایدیۆلۆژیاکەیان و پـەیڕەوەی حزبیـان بنـەمای سـەرەکیانە. زۆرجـار ئـەو کێشمەکێشـانەی نـاو ئـەو حزبـە دەبێتـەهۆی کـەرتبوونی و یەکێکیان دەبێتە حزبێکی میانڕەو.

ڕێبازی سۆسیاڵ- دیموکراتی، یەك ئەزموونی میللییەو خـاوەن ویـژدانێکی جیهانییـە. واتـا: لەهـەر سیسـتمێکدا دادپـەروەری کۆمەڵایـەتی و یەکسـانی هـەبێت، ئـەوا واتـای ڕێبـازی سۆسـیاڵ- دیمـوکرات دەگەیـەنێت. سۆسـیاڵ دیموکرات یەك دیاردەی کۆمەڵایـەتی پۆست ئایدیۆلۆژیایەو

باوەڕیـان بـە ئایـدیۆلۆژیای ئەبسـتراك نییـە کەدادپـەروەری کۆمەڵایـەتی وەك ئەفسـانەو جـادوو دیاردەخـاتو دواجـار دەیگەیەنێتـە هاوشـێوەی ڕەوشـی فەندەمـەنتاڵی ئـاینی. سۆسیالْ دیموکراتەکان فۆرماڵیسمی سیاسی ڕەتدەکەنەوەو لەزەمینـــەی گۆڕانکارییـــەکانی کۆمـــەڵگای لیبراڵیـــدا گەشەدەکەن.

بیرمەنــدانی سۆســیالْ- دیمــوکرات پێیانوایـــە: سۆسـیالیزمو بـورژوازی هـەتا ئەوکاتـە سیسـتمن کـەکراوەو بـەرفراوانن، بـەڵام کـەدەگۆڕدرێن بـۆ ڕژێـم ئـەوا داخـراو و لاچـــەپەك دەبـــن. سۆســـیالْ- دیموکراتـــە ئەنتەرناسیۆناڵیستەکان هەمیشە پشت بەچینی چەوساوە دەبەستنو ئامانجیان دنیا نیشتمانیە، بەهێنانەدی قۆناغی سۆسیالیستیو کۆمەڵگایەکی بێ چەوسانەوەو چینایەتی.

(کارلْ رادك) پێیوایە: (سۆسیال- دیموکراتەکان ئـەرکی مێژوویی ئەوەیان لەسەر شانە پشتگیری هەر خەباتێك بکەن کەنەتەوەیـەك داوای سـەربەخۆیی دەکـات.) بـەڵام هـەر سەبارەت بەو مافەی کەسۆسیال- دیموکراتـەکان بۆ کەمینـە نەتـەوەکان بەڕەوای دەزانن. (لینین) دەڵێت: جەخت لەسـەر ئەوە دەکەینەوە پابەندبوون بەمافی ئۆتۆنۆمی و سـەربەخۆیی کەمینەی قەومی لەسیستمی سۆسیالیستدا، خیانەتکردنە بە سۆسیالیزم.)١

---

١ - حق ملل در تعین سرنوشت خویش. نوشته: ولادیمیر ایلیچ لینین. مجموعه اثار جلد (٢٢) ترجمه: علی دبیر. انتشارات پژوهك- تهران چاپ

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوەبکەین کەحزبی سۆسیالْ- دیموکرات هەیە لەکوردستان زۆبەی کادیرەکانی نازانن ئایا حزبەکەیان چ جۆرە سۆسیالْ- دیموکراتێکە. سۆسیالْ- دیموکراتی ناسیۆنالیست- یان ئەنتەر نێونەتەوەیی- یان رێچکەیی و...تاد، وەك چۆن رۆژگارێك حزبی چەپی کوردستانی هەبوون نەیاندەزانی- یان کادیرەکانیان بۆیان ساغ نەببۆوە ئایا: لەسەر ڕێچکەی: ماوین- یان لینینستی- یان مارکسیستی ڕاستەقینەو..تاد.

---

اول ١٣٥٩ ص٢٨

# حزبی مەزهەبی

حزبی مەزهەبی[١] ئامانجیان بەرگریکردنە لەلایەنگرانی ڕێبازێکی فکری– یان باوەڕو ئایینێکو بڵاوکردنەوەی شەریعەتەکانی، بنیادنانی سیستمێکی ڕێچکەیی بۆ دەوڵەتو دابەشکردنی دەستکەوتە داراییەکان بەسەر لایەنگرانیاندا.

هەروەها پارێزگاریکردن لەبنەماو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیو مەزهەبییە سوننەتیەکان. ئەم حزبانە لەبنەماکەیاندا زیاتر حزبی فەندەمەنتالینو بەڕواڵەت بەرگری لەچینی ناوەنجیو زەحمەتکێشان دەکەن، ئەمجۆرە حزبانە بنەماکانی نەتەوەییو ئایینی بەیەکەوە وابەستە دەکەن.

---

[١] - مەزهەب (doctrina) بەمانای- فەندەمەنتالیو ڕێچکەیی. مەرج نییە حزبو ڕێکخراوی سیاسی تەنها ئایینی بێت. بەڵام ئێمە لێرەدا زیاتر وەك لایەنی ڕێچکەی ئایینی بەکارمان هێناوە.

بنەڕەتی بەرنامەی حزبی لەسەر بنچینەی مەزهەبییەو لەڕێگای تێکەڵەیەك لەشەریعەت و سوننەتی ئایینی و کۆمەڵایەتی دەخرێنە ڕوو، کاری حزبیان لەڕێگای ڕێکخستنەوەیە. ئەو حزبە مەزهەبییانە ئایدیۆلۆژیاکەیان بەتەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندانییەو سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەریعەت و ناوەندە مەزهەبییەکەیان. جیاوازیشیان لەنۆرم و دنیابینیان دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی تێگەیشتنیان لەباوەڕداریان و مێژوو.

# حزبی ناسیۆنالیستی

حزبی قەومی: یەك جۆر بنەمای ئایدیۆلۆژی یەکگرتوویان نییەو لەناو جەماوەرەوە هەڵقولاون. زۆربەی ئەو حزبانە پەیڕەو بەرنامەی سۆسیالیستی- یان ناسیۆنالیستیان هەیە. ئەم حزبانە بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکەن حزبی جەماوەرین و پشتبەستن بەگرتنەبەری سیاسەتی ڕادیکاڵی و سیستمی دیموکراسی. گرنگی بەڕێکخراوە مەدەنیەکان دەدەن و جەخت لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی و دادپەروەری کۆمەلایەتی و سەروەری یاساو باشترکردنی بژێوی خەڵك دەکەنەوە. لەسەرتاسەری وڵاتدا بارەگای حزبیان هەیەو خەریکی کاری ڕێکخستنن.

پەیڕەویان نزیکە لەسۆسیالْ- دیموکراتی ناسیۆنالیستی. هەوڵدەدەن کێشە کۆمەلایەتیەکان لەڕێگای دابەشکردنی هێزو پاراستنی بەرژەوەندی گروپ و توێژەکان چارەسەربکەن، پشتبەستن بەکەسایەتیەکانی کۆمەلایەتی

ناوچـەكان. ئـەمجۆرە حزبانـە بـەرەیی فـرەیین و بەڕواڵـەت لەسـەر ڕێبـازی سۆسـیاڵ- دیمـوكراتن، بـەڵام لەبنەڕەتـدا حزبێكـی قـەومین. لـەڕووی فەرهەنگیـەوە ئامانجیـان ئەوەیـە شوناسـی فەرهـەنگی گەلەكـەیان بپـارێزن، بەتایبـەتیش لەڕووی زمان و كلتورەوە. كەسانی سیاسی- یان ڕۆشنبیری ئـەوجۆرە حزبانـە لـەناوخۆی حزبەكانیانـدا خوازیـاری وروژانـدنی بابـەتی نەتـەوەیی بـاڵاترن و لەگـەڵ یەكتریـدا دەكەونە ململانێی سیاسی، سیاسەتمەدارانی كلاسیكی ناو ئەو حزبە دەیانەوێت گۆڕانكاری لەحزبدا بكرێت، بەڵام ئەم گۆڕانكاریانـە لەگۆشـەنیگای ئایـدیۆلۆژی بێـت و بـۆن و بەرامەتی سەردەمانی پێشوی پێوەدیار بێت.

ڕەوشی سیاسییان بۆتێگەیشتن لەپرسە هەنوكەییەكان، لەباكگراوندە مێژووییەكەیانەوە، سەرچاوە دەگرێت.

# حزبی سنتڕاڵ

حزبی سنتڕاڵی خاوەنی ناوەندێکی بڕیاردانی دیاریکراوە، ئەوجۆرە حزبە لەڕێگای ناوەندەکانی حزبی و دامەزراوە مەدەنیەکان و کەسایەتییە لۆکاڵیەکانەوە، زۆرینەی جەماوەر بۆخۆی مسۆگەر دەکات، هەروەها پشتبەستە بەمێژوەکەیی، دروشمەکانیان ئامانجە باڵاکانی میللەتە، لەڕێگای گرتنەدەستی دەسەڵات هاوکاری هەمیشەیی لایەنگرانی دەکات، خۆی وەك تاکە بەرگریکارو پارێزەری نەتەوەکەی دیاردەخات و سیاسەت بۆ سیاسەت ناکات، بنەما حزبیەکەی سوننەتی و مۆدێرنەیەو بەتێکەڵەیەکی هاوسەنگ دیاردەکەوێت. ئایدیۆلۆژیاکەی زۆر جێگای گرنگی پێدان نییە، لەبری ئەمە گرنگی بەڕێکخستن و جێگیری پرنسیپەکانی حزب و پابەندبوونی ئەندامەکانی دەدات، بەبڕیارەکانی حزب.

بڕیاردان تێیدا زیاتر کەسی ڕابەر دەریدەکات. دەستوری کاری حزبی لەئایدیۆلۆژیای حزبەکە گرنگی

زیاتره. کەسی ڕاهبەر- یان سەرۆکی ئەو حزبە هەموو دەسەڵاتێکی هەیەو مەسەلەی دەستەگەری بەزەحمەت لەناویدا دروست دەبێت. ئەو حزبە پشت بەبنەماکانی سوننەتیو کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت، گرنگی بەئامانجەکانی نەتەوەیی دەداتو سیاسەتی ناڕوونی درێژخایەنی هەن، لەهەڵبژاردنەکاندا بەپێچەوانەی حزبی هەڵبژاردنەکان، گرنگی بەوکەسانە کەم دەدرێت کەبۆ ئەندام پەرلەمانی پاڵێوراون، بەڵکو زیاتر گرنگی بەکەسی کارپێزمای سەرۆکی حزب دەدرێتو وەك کەسێکی سیاسیتێڵی نەتەوەیی نیشان دەدرێتو بەچارەسەرکەری هەموو گرفتەکانی وڵاتو نەتەوەکەی دیار دەخرێت.

ئەمجۆرە حزبانە بایەخ بەپاراستنی بەرژەوەندی ئەندامەکانی دەدات، بەڵام لەچوارچێوەی سنووردارو بەئاستی پێوانەی دڵسۆزیان بۆ سەرکردە. ئەندامانی ئەو حزبە کەمتر قالبۆوەی ئایدیۆلۆژیاو سیاسەتەکانی حزبەکەیانن و هەرکە حزب گرنگی پێنەدان ئیدی ئەو کەسانە بەسیاسەت نامۆ دەبنو بیردەچنەوە. بەومانایەی کەسانی دیاری لێپرسراوی ئەو حزبە کەوازیان لەو حزبە هێنا ناتوانن سەربەخۆ لەمەیدانی سیاسەتدا ڕۆڵ بگێڕن، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە ڕۆشنبیری سیاسیان وابەستەو سنووردارە بەحزبەکەیان. لەناو ئەو حزبەدا گروپی توندڕەوی شۆڕشگێڕ هەنو توانای ئەوەیان نییە لەکۆنترۆڵی ناوەندی سنتراڵی

حزب و ڕاهبەر دەرچن، بەڵام چالاکن و دەیانەوێت شوناسی نەتـــەوەیی زەق بکەنـــەوەو نەتەوەیایـــەتی و ئـــازادی و ســەربەخۆیی تێکــەڵاوی ژیــانی ڕۆژانــەی خــەڵك و بــواری ئابووری و سیاسی بکەن.

لەکۆتاییــدا پێویشــتە بڵــێین لەکوردســتان حزبــەکان دەکــرێن بــەدوو بەشــی ســەرەکییەوە، چــەپ و راســت: تایبەتمەندیی و خەسڵەتی حزبە راستڕەوەکان: دژی گۆڕانن و لەگــەڵ نوێگەرایــدا نــاکۆکن. ســورن لەســەر قبــوڵکردنی سیســـتمی ســـەرمایەداری و جیـــاوازی چـــینایەتی. جەختکردنــەوە لەســەر بــوونی دامــەزراوە ســوننەتیەکان، باوەڕبوون بەلیبراڵیزم و دژایەتیکردنی سۆسیالیزم.

چــەپڕەوەکانیش: خوازیــاری نوێگــەری و گۆڕانکــارین، دژایەتی ئەو بارودۆخە دەکەن کەهەیە. کەسانی رادیکاڵ و شۆڕشگێڕن. خوازیاری یەکسانین.

بــەرگری لەگۆڕانکاریــەکانی کۆمەڵایــەتی دەکــەن. دژی جیاوازی کۆمەڵایەتین.

جــەخت لەســەر ئەنتەرناســیۆناڵ دەکەنــەوە. بەڕواڵــەت دژی کاپیتالیزمن.)١

---

١- اطلاعات درباره احزاب وجناحهاي سياسي. نشره ني ١٣٨٩ص١٨

# بەشی دووەم

## باسی یەکەم:

## دیموکراسی

(دیموکراسی بریتییە لەدروستکردنی دیالۆك لەنێوان سیستمی حوکمرانیو هاولاَتیان. بەرئەنجامەکەشی راگرتنی یەکسانیە لەنێوان ئەو دەستەیەو هاولاَتیان بەمەرجیَ هێزی فەرمانڕەوا دەستەبەری بەرژەوەندی هەموو هاولاَتیان بکات و دەولَەت چاودێری جێبەجێکردنی بکات.)١

[١] ـ الدموقراطية. تاليف: تشارلز تيللي. ترجمة: محمد فاضل طباخ. الناشر: المنظمة العربية للترجمة ـ بيروت لبنان ٢٠٠٩ ص٣٤٨

دەربارەی دیموکراتی، ئانتۆنی گیدنز دەڵێت: (دەتوانرێت لە چەند ڕێگای سەرەکیەوە پارێزگاری لەسیستمی دیموکراسی بکرێت: بوونی ڕۆڵی سیاسی و دەستوریی و دامەزراوەکانی یاسادانان. واتا: دەستوری و ئیداری. یەکەمیان بڕیار لەسەر دەستوربوونی قانونەکان دەدات، دووەمیشیان بۆپاراستنی هاوڵاتیانە لەو زیادەڕەویانەی حکومەت لەبواری کارگێڕیدا دەیکات، هەروەها گرتنەبەری کەناڵەکانی جەماوەر، ئەمیشیان لەڕێگای ڕای گشتی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەتواناوە. دیارە نابێ ڕۆڵی گەورەو چالاکی میدیا لەهەموو ئەمانەدا فەرامۆشبکرێت.)

دیموکراسیەتی وڵاتانی خۆرئاوا دوای بەرپابوونی شۆڕشەکانی فەرەنسی و ئینگلیزیی و ئەمریکی بوون بەدامەزراوەیی، ئیدی مافەکانی مرۆڤو ئازادی ڕادەربڕین و....تاد، لەدەستوری ئەو وڵاتانەدا جێگیربوون و بەرەوپێشەوە چوون.

بەڵام لەسیستمی دیموکراسی سەردەمدا، بەپێی گوتەی (لسلی لیبسۆن) (لەدیموکراسی تازەدا یەك حەقیقەت بەڕوونی دیاردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە: سیستمی دەستوری ڕێگا دەدات پێبەپێ و بەڕێکخراوەیی سیستمی حکومڕانی بگۆڕدرێت. بۆیە ئیتر پێویست بەوەناکات پەنا بۆ توندوتیژی ببرێت.) مەبەست لەوەیە لەم سەردەمەماندا

خەباتی پەرلەمانی بۆتە جێگرەوەی شۆڕشی چەکداری و توندوتیژی، ئاراستەی مێژووی مرۆڤایەتی گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ئەم گوتەیەی ئێمە بەو مەبەستەنییە باوەڕمان بەبۆچوونەکانی (ساموێل هنتنگتۆن) بێت کەلەکتێبەکەی لەژێر ناونیشانی: (لێکدانی شارستانییەکان) بڵاویکردۆتەوەو بەکورتی دەڵێت: (دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، دیموکراسی لیبراڵی دەبێتە سیستمێکی باوو زاڵ لەدنیادا.

ئەو پێیوایە ململانێکان لەنێوان دەوڵەتە قەومییەکان لەسەر ئابووری و سیاسەت نابێت، بەڵکو دژایەتیەکان لەسەر ناکۆکی فەرهەنگی و کلتوریی دەبن و ئەمە دەبێتە بنەماو داینەمۆی سەرەکی مرۆڤ، لەسالآنی داهاتوودا.) هەروەها ناوبراو دەڵێت: (لەماوەی شەڕی سارددا ململانێی ئایدیۆلۆژی لەنێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیزم هەبوو، بەلآم ململانێ و ناکۆکییەکانی ئایندە شێوازێکی دیکە وەردەگرن و دەبێتە دژایەتی و ململانێی نێوان فەرهەنگ و ژیارییە هەمەجۆرەکان.)

لەڕاپۆرتی سالآنەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی (٢٠٠٢) دەربارەی جاڕنامەی بنەماکانی دیموکراسی. بەمجۆرەی خوارەوە هاتووە:

١- دیموکراسی ڕاستەقینە جیاکاری لەنێوان مافەکانی مرۆڤدا ناکات و لەسەر بنەمای سەروەری ئەو یاسایانەیە

کەدامەزراوە قەزاییەکان لەخۆیانی دەگرن. هەروەها مکانیزمەکانی چاودێریکردنی بۆ لایەن و چالاك.

٢- دیموکراسیەت وەك نموونەیەکی باڵایە لەلایەن هەمووانەوە دانی پێدانراوەو پشتبەستە بە بەهای هاوبەش لەنێوان هاوڵاتیان، بەچاوپۆشی لەجیاوازی فەرهەنگی- یان سیاسی- یان کۆمەڵایەتی- یان ئابووری لەنێوانیاندا. هەوڵدەدات بۆ پاراستنی شکۆمەندی تاکەکەس و مافەکانی.

دیموکراسیەت بریتییە لەو سیستمە سیاسییەی کەخەڵك بەئازادانە حکومەتێکی چالاك و متمانەدار هەڵدەبژێرێت و ملکەچی لێپرسینەوە بێت و شەفاف بێت.

٣- دیموکراسیەت لەسەر دوو بنەمایە: بەشداریکردن و لێپرسینەوە، مەرجەکانی حوکمی دیموکراسی- بوونی دامەزراوەی باشە بۆ دەستەبەرکردنی هاوسەنگی لەنێوان خواستە جیاوازەکانی خەڵك، لەمانەش: پەرلەمان دەبێ لەسەربنەمای دامەزراوەیی بێت و هەڵبژاردنەکان پاك و بێگەردو ڕێکخراوبن.

٤- بوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی چالاك بۆ دروستکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ مومارەسەکردنی مافەکان و بەشداریکردن، پێویستە هەموو لایەك پابەندبێت بەدابینکردنی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی توێژە کۆمەڵایەتییە بێبەشەکان بۆگرێنتی بەشداریکردنیان لەو مافانە. لەمانەش بەشداریکردنی ئافرەت شانبەشانی پیاوان بۆ بەڕێوەبردنی

کاروبارەکـــانی کۆمـــەڵگا. هـــەروەها پاراســـتنی مـــافی کەمینەکان و هەژارو پەراوێزخراوەکان.

٥- پاراستنی فرەیی. مافی ناکۆکبوون و ناڕەزاییەتی دەربڕین لەچوارچێوەی لێبووردەیدا.

درێــژە پێــدان بەسیســتمی دیموکراســی پێویســتی بەڕۆشـنبیری دیموکراتیانەیە لـەڕێگای پـرەودان بەچـالاکی پرۆســەی پـەروەردەو فێرکـردن. بەگرتنەبـەری هـەموو ئـەو ئامرازانە، دەتوانرێت دەستەبەر بکرێت.)

(مۆنتسکیۆ) پێیوایە (ئەوەی گرنگە ئەوەنییە دەسەڵات لەدەست کێ دایە- چ کەس و گروپ و حزبێك، بەڵکو ئەوەی گرنگـە ئاراسـتەی کرداریـی بـەکارهێنانی دەسـەڵاتە. لـەم تێڕوانینەوە دەتوانرێت دیموکراسی لەسیستمی کۆماری و حکومەتی محافزکار (ئەرستوکراتی)و رژێمی شانشینیشدا هەبێت، ئەوەی گرنگە گونجاوی و باشی سیاسەتەکانێتی.)١

ئـەوەی بـەلای هاونیشـتمانیەوە جێگـای بایەخـە، دادپەروەی کۆمەڵایەتی و سەروەری یاساو خۆشگوزەرانییە.

شینکی: پێیوایە: (بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی لەچوار خاڵی سەرەکیدایە، ئەوانیش:

١- دابەشکردنی داهاتی دەوڵەت بەیەکسانی.

٢- ئازادی تاکەکەس.

---

١ - روح القوانین. (کتاب دوازدهم - فصل دوم) نوشته: منتسکیو. ترجمه: علی رامین. نشریه امیر کبیر ١٣٥٨ ص٣٠٣

٣- سەروەری یاسا.

٤- پاراستنی مافەكانی مرۆڤ)[1]

دیارترین خەسڵەتی كرانەوەو تێكەڵاوبوون كەگۆڕانی بەسەر بارودۆخی ناوخۆیی دەوڵەتان و هەلومەرجی نێودەوڵەتیدا هێناوە- ئەو كۆمەڵانەن كەبەرگریان لەگۆڕان بەرەو دیموكراسی كردووە. ئەوانە لەلێكۆڵینەوە سیاسییەكانی پێشوودا گرنگیان پێنەدراوە، بۆ بەراورد كردنیان.

بەڕای ماركس: (دیموكراسی پەیوەستە بە ڕەوشەكەیەوە، بەشێوەیەك هەموو پێكهاتەی كۆمەڵگا لەخۆ بگرێت. ئازادی دیموكراسیانە كاتێك كامڵ دەبێت و دەستەبەردەبێت كەدەوڵەت لەشێوەی سیستمی ئۆرگانیكی فەرمانڕەوایەتی بەسەر كۆمەڵگادا بكات و تەواو گوێڕایەڵی كۆمەڵگا بێت)[2] شێوازە تازەكانی پەیوەندی لەنێوان گۆڕانكاری سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری، بەهۆی بوونی ئەزموونی سیاسی و ڕیفۆرمەكان و بوونی ئامڕازی تازەیە بۆ دروستكردنی گۆڕانكاریە بەرفراوانەكان بەرەو دیموكراسی، لەسەر ئاستی جیهانیدا.

---

[1] - دیاردەی بەجیهانیبوون. نووسینی: عمر شینكی: لەبلاوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبیری - هەولێر ٢٠١١ ل٢٢١

٢ـ اطلاعات سياسي ـ اقتصادي. شماره: (٩٣ـ ٩٤) ص١٤ـ مقاله: جمع بندي ماركسيسم در قرن بيستم. نوشته: دكتر حسين بشيري.

**دیموکراسی لیبراڵی باوەڕدارییە بەئازادی تاکەکەس و سەروەری جەماوەری. دوای تێپەڕینی زیاتر لە سێ سەدە لەبەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسی و ئەمریکی، بنەماکانی ئازادی و یەکسانی ئەوەی سەلماند کەنەك هەر بەردەوامە، بەڵکو دەتوانێت دووبارەو سەرلەنوێ بژێتەوە.**

**(لینین) دیموکراسی بەسەر سێ قۆناغدا دابەشدەکات: قۆناغی سەرمایەداری و قۆناغی سۆسیالستی و قۆناغی پێش لەکۆمۆنیزمی. ناوبراو دەڵێت: (دیموکراسی رێکخراوێکە بۆ دەستەبەرکردنی کردەوەی سیستماتیکی توندو تیژانە، لەلایەن چینێکەوە دژبە چینێکی دیکە...)[1]**

**سیستمی سیاسی ئاشتیگەرا بەسەر دوو بەرەدا دابەشدەبن: ئالیگاریشی ڕکەبەرێتی و دیموکراتە زۆرینە گەراکان. جیاوازی ئەم دوو سیستمەش لەئاستی بەشداری سیاسیاندایە. لەیەکەمیاندا دەسەڵات لەدەست دەستەیەکی کەمی سەرمایەدارو پیاوانی ئایینی و کۆلاکی گەورەو بەڕێوبەرانی کۆمپانیا گەورەکان و ئەفسەرانی پلە باڵاو لێپرسراوانی پلەبەرزی دەڵەتدایە. لەم سیستمەدا توێژاڵەکانی ژنان و لاوان و کرێکاران و...هتد، لەبەژداری سیاسی بێبەشدەکرێن. تەنانەت لەمجۆرە سیستمی حکومڕانیەدا بوونی ناوەندەکانیشیان نامێنێت.**

---

١- ديموكراسي در اندشه: ماركس و لينين. نوشته: جيوواني سارتوري: ترجمه: دكتر مصطفى رحيمي. اطلاعات سياسي- اقتصادي شماره: ١٦١- ١٦٢ ص٥٧

نموونەی لەمجۆرە رژێمانە وڵاتی هندستانە لەسەردەمی ژێردەسەڵاتدارێتی بریتانیا کەفەرمانڕەوایانی بریتانی لەو وڵاتە ڕێگایان بەهەندێك گروپی هیندی وەك: مافناس و ڕۆژنامەوان و...هیتر، دەدا، ئەنجومەن دابمەزرێنن بۆ دەستێوەردان لەهەندێك کاروباری حکومەت و پلانی سیاسیان دادەڕشت. لەم سیستمی حکومڕانیەدا دەوڵەت ئەوەندە بەهێز نییەو ڕۆڵی حزبە سیاسیەکانیش سنووردارە. بەڵام لەسیستمی حکومڕانی زۆرینەگەرایدا: بەپێچەوانەی یەکەمیان زیاتر گرنگی بەئازادیەکانی مەدەنی و یەکسانی، بەشداریکردنی سیاسی دەدرێت. ڕکەبەریی حزبی و فرەحزبی هەیە.

دەوڵەت زیاتر گرنگی بەخزمەتگوزاریەکان دەدات و دەکەوێتە ئەستۆی. ئیدی سیستمی فیدراڵی، دابەشبوونی دەسەڵات بەسەر هەرێمەکاندا پەیرەو دەکرێت. یەکێتیەکانی کۆمەڵایەتی دەربارەی ئەو مەسەلانەی پەیوەندی بەخۆیانەوەیە تونادار دەبن.

ئانتۆنی گیدنز دەڵێت: (بەڵگەنەویستە ئامانجی دیاری دیموکراسی تەواو لەگەڵ واقیعدا یەك ناگرێتەوە– ئەو واقیعەی کەپەنابردن بۆ دیموکراسی لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەوە، بەشێوەیەکی پەیوەستدار بەڕێوە دەچێت و ئەوەندە پێکهاتەی واقیعی نیشان نادات.)١

---

١ - سۆسیۆلۆژیا، سەرچاوەی پێشو- ل٣٣٤

یـەكێك لەبنـەما سـەرەكیەكانی سیسـتمی دیموكراسـی ئەوەیـە ئـەو حكومەتـەی لەلایـەن خەڵكـەوە هەڵدەبـژێردرێت و شـەرعیەتی پێـدەدرێت بۆماوەیـەك فەرمانڕەوایـەتیان بكـات، دەبێ لەخزمـەتی خەڵكدا بێت. بـەڵام حكومـەت لەسیسـتمی سیاسی نادیموكراسیدا داوا لەخەڵك دەكات لەخزمەتیدابن و بڕیارەكـان بەسـەر هاوڵاتیانـدا دەسـەپێنێت، دەسـەڵاتی سەروی حكومەتی دیموكراتیش دەستورە كەلەچوارچێوەی رێساكەیدا حكومـەت پابەنـد دەكـات بەپاراسـتنی ئازادییـە سیاسییەكانی تاكەكەس و دادپەروەری كۆمەڵایەتی.

لای هەندێك شارەزای بواری سیاسی وەك: ئالان تورین و هابر ماس و جۆن رۆلز...هتد. (دیموكراسی بەواتای فرەیی و دوور كەوتنەوە لەتوندوتیژی و تەگبیرو رای بنەڕتی و گشتی دێـت.) ئـالان تـورین دەڵێـت: (دموكراتییـەت ئەوەیـە چـۆن فێـربین سـەرەڕای ناكۆكیـەكانمان لەگـەڵ یەكتریـدا بـژین، چـونكە ئـەوە سیسـتمی دیموكراسـییە قبـوڵی پێكـەوەژیانی فرەیی دەكات.)[1]

دیموكراسـی تـەنها رواڵـەتی فرەناوەنـدی دابەشـبوونی دەسـەڵاتەكان بەخۆیـەوە دەگرێـت، بەومانایـەی زیـادبوونی حزبـەكان لەسیسـتمی حـوكمرانی دیموكراسـیدا ئەرێنیـە، چـونكە نـاتوانن یـەكتری رەتبكەنـەوە، بۆیـە ناچـارن پێكـەوە

[1]- ماهي الديموقراطية؟ حكم الاكثرية ام ضمانات الاقلية. تاليف: الان تورين. ترجمة: حسن قبيسى. بيروت دارالساقي ٢٠٠١ص٢١

هاوپەیمانێتی ببەستن، ئەمەش دەبێتەهۆی گومان پەیداکردن لای هاولاتیان بەوەی دەنگەکانیان مامەڵەی پێوە دەکرێت، بۆیە خەڵك زیاتر دێنەناو کایەی سیاسی و لەهەڵبژاردنەکاندا دەبنە چاودێر، ئەمەش سەرەتایەکی باشە بۆنەهێشتنی پاوانخوازی لەلایەن چین و توێژاڵێکی کۆمەڵایەتی- یان حزب و دەستەیەك. حزب لەسیستمی دیموکراتیدا دەبێ لەکێشەو گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵك تێبگات و گرنگی بەکارە لەپێشینەکانی بدات. ئینجا خاوەنی پلانبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەو لەوێشەوە خەڵك متمانەی بەو حزبە دەبێت و بەرگری لێدەکات. مەرج نییە ئەو پەیامەی حزب بۆ خەڵکی هەیە دوورو درێژو ئایدیۆلۆژیانە بێت، تەنانەت دەتوانرێت سیاسەتی حزب لەچەند ڕستەیەکدا کورت بکرێتەوە. بۆنموونە بگوترێت: (حزبەکەی ئێمە تێدەکۆشێت بۆگەشەکردنی ئابووری و گرنگیدان بەپەروەردەو فێرکردن و سەروەری یاساو خۆشگوزەرانی هاولاتیان و دادوەری کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی گەندەڵی.)

دیارە حزبی سیاسی چالاك وەك هەر ڕێکخراوێکی دیکە ئامانجێکی دیاریکراو و ڕەوشێکی دیاریکراوی هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەی. حزبە سیاسییەکان ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لەسیستمی دیموکراسیدا. حزبەکان خۆیان ڕێکدەخەنەوەو لەهەڵبژاردنەکاندا ڕکەبەریێ لەگەڵ یەکتریدا دەکەن و سیاسەتەکانی خۆیان دەربارەی چارەسەرکردنی

کێشــە کۆمەڵایەتییــەکان و خزمەتگوزارییــەکان بــۆ خــەڵك دەخەنەڕوو.

وەك چۆن لەڕۆژگاری شۆڕشی چەکداریدا خەڵك پەنای بۆ شۆڕش دەبرد لەپێناو نەهێشتنی ڕژێمی بەعس. جگە لەوەی ئامانجێك هەبوو ئەویش جەماوەری کوردستان ئەو حزبانەیان وەك ئومێدێك سەیردەکرد کەبتوانن لەزوڵم و زۆر ڕزگاریان بکەن. لەسیستمی دیموکراتیشدا بۆیە خەڵك دەنگ بەحزبێکی دیاریکراو دەدات، هەتا خواست و بەرژەوەندی خــۆی بپارێزێــت. ئەگــەر کاریگەرییــە دەرەکیــەکان و ستراتیژیەتی گشتی وڵاتە زلهێزەکان لەبەرچاو نەگرین و بپرسین ئایا: لەکوردستان بەتایبەتی حزبە سیاسییەکان سیستمی سیاسی دروستدەکەن- یان ئەوەتا خۆیان لەلایەن سیاسەتەوە دروستکراون؟

وەڵامی ئەم پرسیارە چەند لایەنێکی هەیە گرنگترینیان ئەوەیە: ئەوە پرۆسەو سیستمی دیموکراسییە لەڕێگای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی- هێزو مانەوەی حزبەکانی ڕاگرتــووە. لایــەنی دووەمــی حزبــە شۆڕشــگێڕەکانی کوردســتانیش ئەوەیــە، خــاوەنی ســەرمایەی مەعنــەوی مێژووین و لەڕۆژگاری شۆڕشی ڕزگاریدا ڕۆڵیان هەبووەو ئەمــە بۆتــە بنەمایــەك بــۆ بــوونی دەســەڵات لــەدەرەوەی حکومەت و مانەوەیان.

مارسیل غوشیە. دەڵێت: ئیدی تەبعیەت تەنها شتێکی

رابردد نییه، ئێستاش زیندوویەو ئەگەری سەرهەڵدانەوەی هەیە. چونکە تێکەڵبوونی تەواو لەنێوان ئایینەکانو دیموکراسیدا رووی نەداوە.)١

ناوبراو مەبەستی لەئازادی تاکەکەسە کەبەهۆی گەشەنەکردنی قانونو دیموکراسیو کۆمەڵگای مەدەنییەوە لەزۆر وڵاتو هەرێم فەراهەم نەبووە. ئازادی بەڵگەی پێکەوە ژیانی خەڵکە لەناو دامەزراوەیەکی سیاسیدا، بەبێ ئەمە بواری سیاسی بێمانا دەبێت، لاسەنگبوون و ئاستەنگی سیاسی وابەستە بە ئازادییەوەیە. تەنانەت رێبازی ئاگزبستانسیالیسم لەمەش زیاتر دەڕواتو پێیوایە: کامڵبوونی مرۆڤ لەئازادی ئەو دایە.

(هایك) دەڵێت: نزیکییەکی زۆر لەنێوان قانونو ئازادیدا هەیە. (ئازادی تاکەکەس بەرهەمی قانونەو لەدەرەوەی کۆمەڵگای مەدەنی بوونی نییە)٢ دۆخی سروشتی خاوەنی قانوونی سروشتیەو دەبێتە کۆنترۆڵو یاریدەی هەمووان دەدات ئاگادارین و چاودێری بکەن. ئەم قانونە هەمان عەقڵی هەموو کەسەکانەو بەخواستی خۆیان پرسو مەشوەرەتی پێدەکەنو هەمووشیان یەکسانن و نابێ کەس زیان بەژیانو ئازادیو مافی ئەوانی دیکە بگەیەنێت.

---

[1] ـ الدين في الديموقراطية. تاليف: مارسيل غوشية. ترجمة: د. شفيق محسن. المنظمة العربية للترجمة.٢٠٠٧ ص٨٥

٢ توتاليسم، حكومت، ارعاب، كشتارو خفقان. نوشتة: هايك. ترجمه: محسن ثلاثي. انتشارات جاويدان ١٣٦٣ ص٩٢

سیپنویچ دەڵێت: (ئەگەر دادپەروەری لەبەرامبەر ئازادیدا بێت، ئەوا دەبێ بۆ بەدەسهێنانی ئەم بیرۆکەیە وەك ئایدیۆلۆژیایەك خۆی نمایش بکات.)١ ئەمە بەو مانایەیە لێکۆڵینەوەو شرۆڤکردنی پەیوەندی نێوان ئایدیۆلۆژیاو ماف دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی، ئەم دووانە کاریگەریان لەسەر یەکتری هەیە.

باوەڕبوون بەئازادی دەستەواژەیێکی جیهانی مرۆییەو دەتوانرێت لەڕێگای بەرەوپێشبردنی دامەزراوە دیموکراسیەکان و شێوازو بەهاکانیەوە بەرەوپێش ببرێت.

ئەلیکسندەر کوجێف، دەڵێت: (لەوکاتەوەی بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسا– یان سیستمی سیاسی لەسەر دوو بنەما داڕێژراون، (ئازادیو یەکسانی) دنیا بەشێوەیەکی راستەقینە پێشنەکەوتووە. ئێستاش بنەماکانی سیاسەتی مۆدێرن هەر لەسەر ئەمەنو هەموو ئەو پشێویو ڕووداوانەی سەدەی بیستیش بەگشتی، لەراستیدا پرۆسەی گواستنەوەی ئەو بیرو باوەڕانە بووە کەلەو ناوچانەی شارستانیتر بوون بۆناوچە دواکەوتووەکانی دیکەی دنیا بووە.)٢

---

١ ـ سیپنویچ. فصلنامة علمي پژوهشی ـ دورة هشتم. شمارة (٤) پاییز ١٣٩٥ ص٢٢

٢ ـ الاحزاب السياسية والديمقراطية. الناحيتين النظرية والعملية. تاليف: نورم وسيفاكور اشياغبور. ترجمة: نور الاسعد و سوزان قازان. الوكالة الأميركية للتنمية الدولية، (USAID) ٢٠٠٨ ص٧

هەموو ڕەوش و دیاردەیەکی تازە گۆڕانکاری لەگەڵخۆیدا دێنێت، هەتا وردە وردە بە بەسەرچوونی کات جێگیر دەبن و لایــە نێگــەتیڤ و پۆزەتیڤــەکانیان دیاردەکــەون، دواتــر تاکەکەســەکانی کۆمــەڵگا بڕیــار لــەوە دەدەن ئایــا تاچــەند باشن.

لیســلی لیبســۆن: پێیوایــە: (دیموکراســی خۆرئــاوایی تــەنها دوای شۆڕشــەکانی بریتانیــا (١٦٨٨)و ئــەمریکا (١٧٦٥)و فەرەنســا (١٧٨٩) بوونەتــە دامــەزراوەیی. ئــەم شۆڕشــانە وایــانکرد دەوڵــەتی میرنشــینی ببنــە دەوڵــەتی دامــەزراوەیی و ململانــێ کومەڵایەتیــەکان کەمبکاتــەوەو گرێنتی پاراستنی ئازادییە گشتی و تایبەتییەکان بکات.

بــەڵام لەسیســتمی دیموکراســی مۆدێرنــدا ئــەو ڕاســتییە دیارکەوت ئیدی پێویست ناکات لەوڵاتاندا شوڕش بکرێن، چــونکە سیســتمی دەســتووری ڕێگــەدەدات سیســتمی حــوکمرانی بگــۆڕدرێن، ئەمــەش دەبێتــە ڕێگــر لەبــەردەم پــەنابردن بــۆ توندوتیــژی.)١ ئەگــەر دیموکراســی خۆرئــاوایی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بەپێی پێشکەوتنی ڕەوڕەوەی بەرەوپێشچــوونی کۆمــەڵگای مرۆیــی ســەیر نــەکرێت، ئــەوا بەهەڵەداچوون و لادانە لەڕەوشە سروشتیەکەی خۆی.

---

١- الحضارة الديموقراطية. تاليف: ليسلي ليبسون. ترجمة: فواد موباقي و عباس عمر. بيروت: دار الافاق الجديدة ١٩٨٠ص٢٨

فۆكۆیامـــا دەڵێـــت: (سیســـتمی دیموكراســـی لیبراڵـــی باشـــترینو پـــڕ بایـــەخترین جـــۆری حوكمڕانییـــە، كەمێـــژوو بەخۆیەوە بینیبێت.)[1]

سیســتمی دیموكراســی باشــترین جــۆری حوكمڕانییــە- بــەلانی كەمــەوە لــەم ســەردەمەماندا، چــونكە لایــەنێكی زۆری مافــەكانی مــرۆڤ دەگرێتــە خــۆی و لەهــەموو سیســتمی حوكمرانییەكانی پێشتر دادپەروەرانەترو سیستماتیكی ترەو جێگای متمانەی هاولاٚتیانە بۆپاراستنی مافەكانیان، دیارە بەرئــەنجامی ئەمــەش بەرزبوونــەوەی ئاســتی وشــیارێتی تاكـــەكانو كرانـــەوەی كۆمەڵگاكانـــە، لەســـەرووی هەمووشیانەوە پێشكەوتنەكانی تەكنۆلۆژیایـە)[2] ئـەوەماوە بڵــێین: چــەند حزبــەكان لەســەر بنــەمای پرنســیپەكانی دیموكراسی بڕۆن، ئەوەندە زیاتر بەرەوپێشدەچنو متمانەی زیاتری هاولاٚتیان بەدەست دێنن.

---

[1] - فوكویاما، فرانسیس. بهترین دنیاها. مصاحبه: مایكل لرین و بناتریس- با فوكویاما. ترجمه: فرامرز رستمی. مجله: سیاست بین الملل- شماره (١٧٥- ١٧٦)

[2]- دیارە باسكردن لەبنەما سەرەكییەكانی دیموكراسی بەنووسینی نامیلكەیەك كۆتایی پێدێت، چونكە چەند بنەماو ڕێسایەكن. لەمەزیاتر لەسەر نووسین شتی زیادەو بێمانایە. خۆ ئەگەر پرنسیپی دیموكراسی لەماوەی دوو - یان سێ دەهەدا بەهۆی بەرەوپێشچوونی كۆمەڵگاو سەرهەڵدانی دیاردەی تازە، گۆڕانكاری بەسەردابێت، ئەوا تەنها (١٠- ١٢) پەڕاو زیاد دەكات.

## باسی دووەم:

# ئایدیۆلۆژیا

باسکردن لەئایدۆلۆژیا ئاڵۆزو فرەلایەن و دوورو درێژە، بەڵام ئێمە هەوڵمانداوە زۆر بەکورتی و پوختی بیخەینەروو.

زاراوەی ئایدیۆلۆژیا بۆیەکەمجار لەلایەن فەیلەسوفی فەرەنسی (دیستورت دۆتراسی) بەکارهێندراوە. ئایدیۆلۆژایا واتا باوەڕناسی. ئەو کەسانەی لەئەمەیان دەکۆڵییەوە باوەڕیان بەپرسی میتافیزیکی نەبوو، بەواقیعیانەو پراکتیکی لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و....تاد، دەکۆڵیەوە.

دواتر وەك زانستی دەربڕینی بیروباوەڕو لێکۆڵینەوە لەبنەڕەتی گۆڕانکاریی و کامڵبوونی بیرۆکەکانی فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەکارهاتووە. بە بەسەرچوونی کات زاراوەی ئایدیۆلۆژیا گۆڕانکاریی بەسەرداهات و بەو مانایە بەکاردەهات بیرکردنەوە دەربارەی مرۆڤ و کۆمەڵگاو دنیایە.

ئینجا بەمانای هەر ناوەندێکی هزری سیاسی وەك کۆمۆنستی و مەزهەبی و لیبراڵی و...هتد، بەکاربراوە. زۆرجار زاراوەی ئایدیۆلۆژیا بەهەر دووك مانای شکۆدارو سوك سەیرکردنیش هاتووە.

زۆر لەبیرمەندان لەپێناسەکردنی زاراوەی ئایدیۆلۆژیا ناکۆکن. مایکیاڤێللی یەکەمین کەس بوو ئایدیۆلۆژیایا وابەستە بەترس و تۆقاندن کردووە. دیارە گەشەکردنی تیۆری ئەبستراکی لەسەدەی حەڤدەدا نیشاندەری سەرهەڵدانی شێوازەکانی ئایدیۆلۆژی بوو.

گوتنی زاراوەی ئایدیۆلۆژیا (ئایدیۆلۆژستی) لەلێکۆڵینەوەو دەربڕینە سیاسییەکاندا بەکاردەبراو ئەو چەمکە لەبوارەکانی ماف و ئازادی ڕەواجی پەیداکرد، بەڵام ئەم زاراوەیە لەنووسینەکانی (مارکس و هیگڵ)دا زیاتر بەمانی تەوس و سوکایەتی پێکردن بەکارهاتووە.

ئەم دوو فەیلەسوفە ئایدیۆلۆژیایان بەویژدانی درۆینەو وشیاری ناڕاستی لەقەڵەم داوە. هیگڵ پێیوایە: (میللەت ئامرازی مێژوون و لەئەستۆگری ئەو ڕەوش و پلانانەن کەبەزۆر بەسەریاندا سەپێنراوە، بەجۆرێکیشە درکی تێناکەن. لەم ڕووەوە تەنها فەلسەفە توانای تێگەیشتنی لەم پرسانەدا هەیە.)

مارکس لەڕەخنەگرتنی لەهیگڵ دەڵێت: (ئایدیۆلۆژیا جۆرێك لەسەپاندن دروستدەکات، کەتەواو لەسەر بنەمای باوەڕی فریودەرانەیە.) چەمکی ئایدیۆلۆژیا لێرەدا بەو

مانایە هاتووە ئەو تێڕوانینانەی لەگەڵ ڕاستیەکاندا ناکۆکن.

ئـــەوەی کەســـانێك وابیردەکەنـــەوە لۆژیکـــەو شـــیکارو لێکدانـــەوەی بۆدەکـــەن، ئەمـــە خـــۆی لەخۆیـــدا جۆرێکـــە لەویژدانداری درۆینە.

هـــانتینگتون. ســـەبارەت بەئایـــدیۆلۆژیا دەڵێـــت: (ناوەندێکی باوەڕداریەتیەو خەریکی دابەشکاری بەهاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیەو گروپێکی کۆمەڵایەتی گرنگ بوونەتە خاوەنی و پەیوەست بەخۆیان کردووە.)

مارکسیســتە کلاسـیکیەکان پێیانوایـە: (ئایـدیۆلۆژیا لەژێر بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، پێویست بووە، بـەڵام بەسـەرهەڵدانی کۆمـۆنیزم پەردەکێشـی ئایـدیۆلۆژیا وەلانـراو دواجـار کۆمـەڵگاو سروشـتی مـرۆڤ بەشـێوەی واقیعیانەی خۆی درکی پێکرا.)(١) مارکسیستەکانی سەدەی بیسـتەم: مارکسـیزم وەك یـەك ئایـدیۆلۆژیا لەقەڵەمـدەدەن، بـەڵام مـارکس خـۆی ئـەو کۆمەڵـە ئەندێشـە سیاسـییەی لەبەرئـەنجامی ئـەزموونی کۆمەڵایـەتی یـەك چین پەیـدابووە- ناوی لێناوە ئایدیۆلۆژیا.

کاری ئایدیۆلۆژیی پاراستنی ئەو بارودۆخەیە کەهەیـەو ئـەو هەلومەرجـە کۆمەڵایەتییـە تایبەتییـەی بۆتـە جێگـای جەخت لێکردنەوە، وەك خەسڵەتی جێگیرو بۆماوەیی مرۆڤ دەناسێنێت.

---

[1] ـ کتاب: تاریکخانه ایدیولوژی. نوشته: سارا کوفمان. ترجمه: ستاره هومن ـ نشره نی ـ تهران ١٣٥٦ ص١٠١

واتـــا: ئايــديۆلۆژیا پارێزگـــاری لەچــینی دەســـەڵاتدار دەكـات، ئەمـەش لـەڕێگای بـڕوا پێهێنـانی چینەكانی دیكـە بـەوەی ڕەوایـەتیو شـیاوی چـینی دەسـەڵاتدار قبوڵبكـەنو بەشێوەیەكی سروشتی پەیڕەو لایەنگری بكەن.

بۆیە ئایدیۆلۆژیا لەم ڕوانگەیەوە خاوەنی سێ فاكتـەری بنچینەییە.

١- مەشروعیەت.

٢- ئەفسانەسازی.

٣- دروستكردنی یەكانگیری.

كارڵ ماركس دەڵێت: (ئەندامبوونی كەسێك لەچینێكی دیاریكراودا، ئەو كەسە والێدەكات ڕەنگی دەمارگیرێتی ئەو چـینە بەخۆیــەوە بگرێــت، بۆیــەش ئەنــدامانی یــەك چــین بـەكردەوە نـاتوانن تێڕوانینـی دروسـتو دركـی بەرهەسـتی ڕاستیان سـەبارەت بـەدنیای دەوروبـەری خۆیـان هـەبێت.)(١) ماركسو ئەنگلز، لەكتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا، زاراوەی ئایدیۆلۆژیان بەمانای سۆسیۆلۆژی بەكارهێناوە. فەلسەفەو قانونو دانستی كۆمەڵایەتی وابەستە بەبارودۆخی ماددی ئـەو كەسـانەوەیە كەئـەم چـەمكو ڕایانـەیان خسـتۆتە ڕوو. بـــەكورتی لـــەم ســـۆنگەوە ئایـــدیۆلۆژیا ڕەنگدانـــەوەی بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدارە. ماركس ئەوەی دیارخست: حـــزبو گـــروپو بزوتنـــەوە سیاســـییە هەمـــەجۆرەكان،

---

[1] - ایدیولوژیای سیاسی عصر ما. نوشته: تی. سرمنت. ترجمه: محمود كتابی. تهران انتشارات دانشگاه اصفهان ١٣٥٧ ص٤ ـ ٥

دەرهاویشــتەو ڕەنگدانــەوە- یــان دیارخــەری شــەڕو ململانێکانی ناو دەرونی کۆمەڵگان.

بەڕای کارلْ مانهایم: ئایدیۆلۆژیا بنەمایەکی چینایەتی هەیە. ئەو لەکتێبەکەی خۆی لەژێر ناونیشانی (ئایدیۆلۆژیاو یۆتۆپیا) باوەڕی بەدوو لایەنی ئەندێشەی ئایدیۆلۆژی هەیە.

١- ئەو باوەڕانەی بۆپاراستنی ئەو سیستمی کۆمەڵایەتییەی کەهەیە.

٢- بـاوەڕی یۆتۆپیـا، کەبریتییـە لـەتیۆری هەمـەجۆر سـەبارەت بەسیسـتمی کۆمەڵایـەتی و ڕەخنـەگرتن لـەو سیسـتمەی هەیـە.) ڕاسـتە ئـەو بـاوەڕەی بـەهۆی هـەموو چـینەکانی کۆمـەڵگاوە دروسـتدەبێت، دواجـار دەبێتـە ئایدیۆلۆژیا، چونکە لەزۆر وڵاتی کۆمۆنستی دامەزراوەکانی ئایـدیۆلۆژی بووەهـۆی ئـەوەی فەلسـەفەی حزبـی لەئایـدیۆلۆژیای حزبییـەوە بـاس بکرێـت. وەك بلیخـانۆف دەڵێت: (ئایدیالْ پەرستەکان لەبەرامبەر ئەو واقیعەی هەیە نـاتوانن تێـی پـەڕێنن، ئـەوە نـازانن ئایـدیۆلۆژیا تـەنها دیاردەیەکــە پەیوەســت بەهــەلو مــەرجی خۆیــەتی و یاریدەدەریەتی بۆ دیارکەوتنی، واتا: ئایدیۆلۆژیا پرۆسەی پـەیبردن نییە بەزەروریـەتی ئەو، بـەڵکو هۆکاری بارودۆخی گونجاوی هەنوکەیەتی.)١

لەبەرامبـەردا ئـەو ڕۆشـنبیرانەی بـەرگری لەئایـدیۆلۆژیا

١ - نقش شخصیت در تاریخ. نوشته: گ. و. پلخانف. ترجمه: خلیل ملکی. انتشارات صدا- ١٣٧١ ص١٩

دەکەن پێیانوایە: بیرۆکەیەو دەرخەری کورتبینی بیرمەندانی لیبراڵە.

راستییەکە ئەوەیە: بەرەوپێشچوون و بوژانەوەی سیستمی سەرمایەداری لەسالانی(١٩٥٠)وە بۆتە هۆی بۆچوونی لەمجۆرە، ئەم بۆچوونەش خۆی لەخۆیدا ئایدیۆلۆژیایانەیە. هەروەها ئەوانەی باسی کۆتاییهاتنی سەردەمی ئایدیۆلۆژیا دەکەن دەڵێن: ئایا: مرۆڤ گەیشتۆتە ئاستی پێشکەوتنێکی ئاوا پێویستیان بەئایدیۆلۆژیا نەبێت؟ بەلام وادیارە ئایدیۆلۆژیا بەشێکی هەمیشەیی بنەمای مرۆڤە، وەك دەیبینن دوای لاوازبوونی ئایدیۆلۆژیای مارکسیستی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیست و ئایینی تەشەنەی کردووە.

دوای هەموو هەرەس و پاشەکشەکردنی بلۆلیك- یان گۆرانی قۆناغێکی کۆمەلایەتی، دەرهاویشتەو بۆچوونی تازە سەرهەڵدەدەن. هەتا ئاستەنگ و ئاریشە رووبە رووی رەورەوەی بەرەوپێشچوونی کۆمەلایەتی ببنەوە ئایدیۆلۆژیاکانیش بوونیان دەمێنێت، هەتا خودی ئەو بنەماو راو بۆچوونە تازانەی وەك کۆتایی ئایدیۆلۆژیاو کۆتایی مێژوو.....تاد، هەبن، ئەوا لەراستیدا خۆشیان دەگەرێنەوە بۆ رێرەوی ئایدیۆلۆژیا.

جۆن راولز دەڵێت: (دنیایێکی بێ ئایدیۆلۆژیا، دنیایێکی بەتاڵە لەبەهاکان، بەلایەنی کەمەوە لەو بەهایانەی

کەکاریگەری دەکەنەسەر سیاسەت. ئەمەش بەو مانایەیە فەرمان سەپاندن بەسەر کۆمەڵگایەکدا، پرسەکانی ماف و دادپەروەری، باسیان لێوەناکرێت و پەیڕەو ناکرێن.) لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئەگەر هەموو فەلسەفەکان ئایدیۆلۆژیی بن، کەواتە دەبێ سۆسیۆلۆژیاش وەك هەر ئایدیایێکی دیکە داماڵدراوبێت؟ ئەگەر هەموو ڕاستییە ڕووکەشیەکان لەپانتایی بەرژەوەندی عەقڵانیەتدا بێت، کەواتە ناتوانێت کۆمەڵناسی دروست ببێت.

ئایدیۆلۆژستەکان بەردەوام چوونەتەناو کاروباری ئاسمانی و زەویەوەو ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە، ئەمەش لەڕێگای چوونەناو بواری سیاسییەوە.

لەسەدەی شازدەدا هەر گروپێکی ئایدیۆلۆژی تێڕوانین و سیاسەتەکانی خۆیان دەخستە ڕوو، ئەم گروپانە لەسەدەی هەژدەو نۆزدەدا بەسەر ڕەوشی سیاسییدا زاڵبوون و سەپاندیان، پێیانوابوو هیچ قەڵەمڕەوێکی سەربەخۆ بەنرخی ئابووری و مەزهەبی و....هتد، بەشێوەی پراکتیکی بوونیان نییە، تەنها دەتوانێت لەتێڕوانینی سیاسییەوە قابیلی تێگەیشتنبن. تەنانەت گروپە ئایدیۆلۆژیە ئایینییەکانیش پێیانوایە: ئایدیۆلۆژیا قاڵب و پێودانگە بۆ پۆلێنکردنی ئەو بەها بنەڕەتیانەی خەیاڵ دەکاتە جێگرەوەی بنەمای واقیعی ژیان.

لەم بارەوە هانتینگتون دەڵێت: ئایدیۆلۆژیا بریتییە لەو ناوەندو دامەزراوە باوەڕیانەی خەریکی بەهاکانی سیاسین، کۆمەڵێك کەس کردوویانەتە کەرستەو پیشەی خۆیان.)
کەواتە ڕەوشی ئایدیۆلۆژیا هەردوو لایەنی میتافیزیکی و واقیعی لەخۆ دەگرێت. ئەوەی یەکەمیان ئایین زاڵە بەسەریداو خەریکی بەرز ڕاگرتنی بنەما ئاینییەکان و لێکدانەوەی دنیای میتافیزیکی و پیرۆز ڕاگرتنی بنەڕەتەکانی ئایینە لەڕێگای سیاسەتەوە.

دووەمیشیان هەوڵدەدات لەبەرامبەر ئەو ڕەوشە تاریك و یۆتۆپیەدا، لەڕێگای سیاسییەوە ڕۆشنایی واقیعی ژیان دیاربخات.

فریدریك ئەنگلز: لەو نامەی کە لەسالی (١٨٩٣) بۆ (فرانس مهرینگ)ی ناردووە، ئایدیۆلۆژیای بە (بەئاگایی درۆینە ناو بردووە.) دواتر وردە وردە ئایدیۆلۆژیا هەمان ئەو مانایەی بەخۆیەوەگرت کەناپلیۆن پێیدەگوت: (ئایدیۆلۆژستەکان خەیاڵ پلاوانی سیاسیین.) ئایدیۆلۆژستەکان هزرێك بەگشتێتی عەقڵی دەگشتێنن و پەیڕەوی جێبەجێکردنی دەکەن. بەڕای (هیگل)یش (دەبێ واقیعیەتی عەقڵی گشتی تەباو گونجاوبێت، ئەگەرنا واقیع نییە.)

لەهونەری پێکەوەژیانی ئاشتیانەدا، ئایدیۆلۆژیا تەنها ئەڵتەرناتیڤ نییە لەزانستی سیاسەتدا. سیاسەتی

ئایــدیۆلۆژی زۆرینــەی هاتۆتــەناو سیاســەتی مۆدێرنــەوە، سیاسـەتی مۆدێرنـەش لـەزۆر بـواردا بـۆ ئایـدیۆلۆژیا کـێش بۆتـــەوە. هاوشــێوەی بەرامبەرکردنــەوەی پراگماتیســـم و ئایدیۆلۆژیا، ئەگەر بگۆڕدرێت بۆ جیاوازی پێکردن لەنێوان ئـەم دووانـەدا باشـترە، چـونکە ئـەم دووانـە هەمیشـە وەك تێڕامـان و هەڵسـەنگاندن خراونەتـە ڕوو، لێـرەوە دەتوانرێـت پێودانگە جیاوازەکانی سیاسەت دەستەبەر بکرێن. (تەنانەت قسەکردن لەسەر دزێوکردنی ئایدیۆلۆژیایـەك خۆی لەخۆیـدا جۆرێکـە لـە ئایـدیۆلۆژیا.)(١) درك نـەکردن بـەمانای زارەوەی ئایــدیۆلۆژیا، دەبێتــە هــۆی ئــەوەی نــەتوانرێت جیــاوازی لـــەنێوان ئایـــدیۆلۆژیاو تیـــۆری ئایـــدیۆلۆژیای بەرنامـــە بۆداڕێژراو دابنرێت.

لای ئەوانەی بەرگری لەئایدیۆلۆژیا دەکەن دەڵێن: چەند تایبەتمەندیـەکی خـۆی هەیـە. لەمانـەش: ڕەوشـێکە پشـت بەئەزموونی واقیعی دەبەستێت.

ئەم دەستەیان میتافیزیك ڕەتدەکەنەوەو ئەزموونگـەرایی لـەبری عەقڵگـەرایی دادەنـێن- هـەروەها ماتیریـاڵ لـەبری ئایدیالیستی پەیڕەو دەکەن.

ئەوانـە نـەك هـەر تـەنها هەوڵـدەدەن خـەڵك باوەڕیـان پـێ بێنێــت، بــەڵکو دەیانــەوێت ئەوانــەی پــەیڕەویان دەکــەن ئەمەکدارو قوربانیدەربن.

---

١ - ظهور وسقوط لیبرالیسم غرب. نوشته: انتونی اربلاستر. ترجمه: عباس منجبر- تهران نشره مرکز ١٣٦٧ ص٢٩٥

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆكرد، ئایدیۆلۆژیای درۆینەش بەهەموو ئەو بیروباوەڕانە دەگوترێت كەپراكتیكی و ئەزموونگەرایی نین و پشت بەزانستو واقیع نابەستن.

بەتێڕوانینی ئەوانەی یەكەم: ئەوە بنەمای ئایدیۆلۆژی بوو لەسەدەی ڕابردوودا دوو بلۆكی گەورەی دروستكردن (سۆڤێتی سۆسیالیستی و ئەمریكای سەرمایەداری) تەنانەت گۆڕانكاری گەورەی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەكاندا دروستكرد، ڕوودانی جەنگەكانو دروستبوونی یەكێتی و هاوپەیمانەكان بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز، سەرچاوەكەیان ئایدیۆلۆژیا بوو. لەسەردەمی شەڕی سارددا، پێشتریش سەرهەڵدانی ناسیونالیزمو مەزهەب گەرایی و...هتد، هۆكارو میكانیزمەكەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئایدیۆلۆژیا. لێرەدا مەبەستمان لەوەنییە پێشتر ئەو ڕەوتو باوەڕو بنەمایانە نەبووبن، بەڵكو دەمانەوێت بڵێین ئایدیۆلۆژیا ئەمانەی بەگوڕخستو گەیاندنیە لوتكە.(١) دوای ڕووخانی بلۆكی سۆسیالستی هەندێك ڕاو بۆچوون سەریانهەڵدا- گوایا ئیدی ئایدیۆلۆژیا كۆتایی پێهاتو پێوەرەكانی ئەخلاقی، سیاسەتی عەقلانی و واقیع بینانەو...هتد، بوونە جێگرەوەی ئایدیۆلۆژیا. واتا: یاساو دادپەروەری كۆمەڵایەتی و

[١] ـ دیارە لەمێژوودا جەنگی ئایدیۆلۆژی زۆرمان دەكەوێتە بەرچاو: جەنگی نێوان مسوڵمانو خاچ پەرستەكان، شەڕی دەسەڵاتو باوەڕداری مەزهەبی بووە- یان شەڕی نێوان كاسۆلیكو ئەرسۆدیكسو...هتد،

خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانو...تاد، بۆتە جێگرەوەی ئایدیاو تیۆریەکانی ئایدیۆلۆژیا. بیرۆکەی کۆتایی ئایدیۆلۆژیا، یەکەمجار لەلایەن (ئیدوارد شیلز) بەکارهات، ناوبراو یەکێکە لەناودارترین لیبراڵەکانی سەردەمی شەڕی سارد.

ئەمانە پێیانوابوو بیرمەندانی نائایدیۆلۆژی- تەنانەت دژی ئایدیۆلۆژیاشن. بەڕای (دانیێل بل):(کەسانی ئایدیۆلۆژی، خەڵکانی ساویلکەو ترسناکن.) ئەمەش بەو مانایەدێت کەسی هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەك، کاروباری شەخسی خۆشی لەسەربنەمای توانای فکری خۆی لەناودەبات، بەردەوام پەنا بۆ ڕێساو بنەماکانی ئایدیۆلۆژیاکەی دەباتو وەڵامی سازو ئامادەی دەستدەکەوێت، ئیدی بەدواکەوتوویی دەمێنێتەوەو کەرەستەیەکی خاوەبێت بۆ زوو فریودانی، لەلایەن کەسانی سیاسییەوە. (هانا ئارنت) دەڵێت: (بیری ئایدیۆلۆژی لەسەر بنەمایەك کاردەکات، هەرگیز ناتوانێت پێ بنێتە زەمینەی واقیعەوە، هەرکە ناوەندی ووزەپێبەخشی پێشهاتەکانی جێگیرو سەربەخۆ بوون، ڕێگای چوونەناوەوەی ئەزموونی دەبەسترێتو ئیدی ناتوانێت هیچ لەواقیعەوە فێربێت.) بۆنموونە: بیروباوەڕی ئاینی، مرۆڤ لەواقیع دادەبڕێت، کەسەکان دەکەونە حاڵەتی بەرزەخی و نامۆبوون بەژیان.

فرانسیس فۆکۆیاما پێیوایە: (ئەمەی ئەمڕۆ دەیبینین نەك هەرتەنها کۆتایی شەڕی سارده- یان تێپەڕین

لەقۆناغێکی مێژوویی، بەڵکو کۆتایی خودی مێژووشە. بەدەربڕینێکی دیکە: کۆتایهاتنی ئایدیۆلۆژیای مرۆییەو هاتنی دیاردەی بەجیهانیبوون و هاتنەئارای لیبراڵ-دیموکراتی خۆرئاواییە. وەك دواین شێوازی دەوڵەتی مرۆیی بەچەمکی خۆرئاوایی.)(١)

تیۆری کۆتایی مێژوو بابەتێکی تازە نییە، کارل مارکس نزیکەی(٢٠٠) ساڵ لەمەوبەر ئەم بابەتەی بەشێوەیەکی فرەلایەنە خستۆتە ڕوو. مارکس لەو باوەڕەدابووە ڕێڕەوی دیالاکتیکی مێژوو لەسەربنەمای (دترمینیسم)ی[٢] ئابووری دەگاتە قۆناغی کۆتایی مێژوو. واتا: کۆمۆنیزم) ئەو قۆناغەی مارکس ئامارژەی بۆدەکات، مەبەستی لەوەیە کەهەموو ناکۆکی و ململانێکانی پێشوتر کۆتاییان پێدێت و کۆمەڵگایەکی جیهانی بێ چینی کۆمەڵایەتی دروستدەبێت، دەوڵەت لەسەرووی هەموویەوە دەبێت و ئیدی دەسەلاتدارێتی مرۆڤ بەسەر هەموو شتەکانەوە دەبێت، گوتەکەی کارڵ مارکس بەمجۆرەی خوارەوەیە: ململانێی نێوان سەرمایەداران دەبێتەهۆی مایەپوچی هەندێك کۆمپانیاو لێکدانی هەندێك کۆمپانیای دیکە، بەجۆرێك

---

[١]- فرانسيس فوكوياما. نهاية التاريخ والانسان الاخير. فريق الترجمة: فواد شاهين، د. جميل قاسم. رضا الشايبي. الناشر مركز الانماء القومي. ١٩٩٣ ص٢٥٤

[٢] - ئەم زاراوەیە لێرەدا بەمانای حەتمیەت هاتووە.

دواجــار ئــەو کۆمپانیایانــە دەگــۆڕدرێن بــۆ کۆمپانیــای کۆسمۆپۆلیتی قۆرخکارانە. ئیدی لێرەوە تێکۆشانی گەلانی دنیــا یــەك دەگرێــتو ســەرئەنجام پرۆلیتاریــا کۆمــەڵگای مرۆڤایــەتی رزگــار دەکــاتو سیســتمی سۆسیالیســتی نێونەتەوەیی دروستدەکات.

لــەو قۆناغــەدا بەرئــەنجامی ئاراســتەی مــرۆڤ چــەمکی کـامڵبوونو کۆمەڵگایـەکی ئـازاد بەخۆیـەوە دەگرێـت. پـێش مارکســیش هــیگڵ ئامــاژەی بەمــە کــردووەو دەڵێــت: (پێشکەوتن و کـامڵبوونی مێژوو لـەقۆناغی سـەرەتایی خـود ئاگاییەوە دەگاتـە قۆنـاغی خودئاگایی کۆمـەڵگاو کـامڵبوونی مرۆیی.) فۆکۆیاما بەو شیکارو بۆچوونانەی کەلەبیرۆکەکانی کــارڵ مــارکسو هیگڵــەوە وەرگرتــوون، زیــاتر بــاوەڕی بەســەرکەوتنی لیبراڵیزمــی هیگڵــی هەیــە- نــەك بەبیرۆکــەی مارکس کەپێیوایە دواجار کۆمەڵگاو دەوڵـەت سـەردەکەوێت. ئایا: دەتوانین فۆکۆیاما لەهیگڵ ژیرتر بزانین، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو بیرۆکەیەی کۆتـایی مێژوو لەهـەمان هزری ئەو فەیلەسـوفە ئەڵمانیـەوە سەرچـاوەی گرتـووە. واتـا دووبـارە مێــژووی جیۆپــۆلیتیکی بەشــێوەی کۆمیــدی خــۆی نیشاندایەوە.

لەبۆچــوونەکانی فراســیس فۆکۆیامــادا جۆرێــك لەداروینیزمی کۆمەڵایەتیمان دەکەوێتـە بەرچاو، لەسـەر ئەو

بنەمایەی (باشترینەکان سەرکەوتوودەبن.)(١) کەواتە بەپێی ئەمە بێت: مادام سەرئەنجام لیبراڵەکان سەرکەوتوو بوون، ئەوا مرۆڤایەتی سەرکەوتوو بووە. ناوبراو ئەو ڕاستییەی بیرچۆتەوە کەلیبراڵیزم جۆرێکە لەجۆرەکانی تازەگەرایی و زەمینە خۆشکەرە بۆ دنیا بینیەك کەجیهان نیشتمانیەتی بەخۆوە دەگرێت. بەڕای فۆکۆیاما ئیدی سەردەمی دژبەری و شۆڕشکردنی پڕۆلیتاریا بەسەرچوو، ئەو لیبراڵ دیموکراتیەی ئەم باوەڕی پێیەتی: هەمان ئەو بۆچوونەی کارڵ مارکسە کەدەڵێت: (دوا قۆناغی کۆمەڵگای مرۆڤ کۆمۆنیزمیەو چینبەندی کۆمەڵایەتی نامێنێت.) بەڵام فۆکۆیاما لەبری قۆناغی کۆمۆنیزمی قۆناغی سەرمایەداری لیبراڵیزمی ئەمریکی داناوە- ئەمەش بەو بەڵگەی گوایا لەمڕۆدا ئەوەی بۆ ژیانی ماددی و بژێوی مرۆڤ پێویستە فەراهەمکراوە.

ناوبراو ئەم گوتەیەشی لەکتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی وەرگرتووە کەمارکس دەڵێت: (ناتوانرێت مرۆڤەکان ڕزگاریان بێت، مادام ناتوانن دەستەبەری خواردن و خواردنەوەو شوێنی نیشتەجێبوون و پۆشاك- بۆخۆیان

---

١ - فۆکۆیاما لەکتێبەکەیدا (کۆتایی مێژوو دوایین مرۆڤ) هیچ گرنگی بەوڵاتانی جیهانی سێیەم نەداوە - تەنانەت دەڵێت: جیهانی سێیەم لەدەرەوەی مێژوویەو بەجۆرێکە هیچ ڕۆڵی لەئایدیۆلۆژیای جیهانیدا نییە، ئەو پێیوایە دەستەواژەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا ئیدی گرنگی نەماوەو وڵاتانی باکوورو باشوور جێگای دەگرێتەوە.

دەستەبەر بکەن.)(١) هەروەها فۆکۆیاما پشتی بەوگوتەیەی مارکس بەستووە کەدەڵێت: (ئیدی دوای قۆناغی کۆمۆنیزمی پێویست بەگۆڕانکاریو گۆڕینی سیستمەکان نابێت.) ڕاستە لەمڕۆدا ئایدیۆلۆژیای چەپو شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان لەکەمبوونەوەو پاشەکشەدان، بەڵام ئەم ئاستەنگە کاتیەو لەئایندەی کەمێك نزیکدا سەر هەڵدەدەنەوە، ئەمەش بەو بەڵگەی هەتا نادادپەروەریو نایەکسانی زۆرو بێ بەزەییانە هەبێت- شۆڕشە کۆمەڵایەتیەکان کۆتاییان پێنایەت.

تەنانەت فۆکۆیاما گوتەیەکی هیگڵی بەنادروست وەك نموونە هێناوەتەوەو پێیوایە هیگڵ مەبەستی لەوەیە بڵێت: (ئەوەی هەیە عەقلانیەو هەرچی عەقلانیش بێت واقیعیە.) لەکاتێکا هیگڵ لەو گوتەیەیدا مەبەستی لەوەیە: (واقیعیەت یەعنی ئەوەی کەهەیە عەقلانی نییەو پێویستە عەقلانی بکرێت.)(٢)

وەك گوتمان واتای کۆتایی مێژوو گوتەیەکی تازەنییە. تەنانەت لەهەموو ئایینەکانیشدا هاتووە. لەمانەش لەئایینی زەردەشتیدا بەو شێوەیە هاتووە: سەرەتا خێرو شەڕ دەکەونە ململانی و یەکەمیان بەسەر دووەمیاندا زاڵدەبێت. ئەمەش بەمانای کۆتایی مێژوویە. بەڵام سەبارەت بەدوایین

---

[1] ـ ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانی. نووسینی: کارڵ مارکسو فریدریك ئەنگلز. وەرگێڕانی: عمر شینکی. لەبڵاوکراوەکانی دەزگای دواڕۆژ ٢٠١٧ ل٢٧

[2] ـ هگڵو فلسفەی پراکتیك. نوشتە: چارلز تیلور. مجلە: سیاسی اقتصادی. ترجمە: حسین بشیریە. شمارە ٦٣ ـ ٦٤ ص١٩

مـرۆڤ، لەفەلسـەفەی نیتشـەوە وەرگـیراوە. دیـارە نـاوبراو بەمەبەستی فەلسـەفی ئـەو رسـتەیەی بەكار نـەهێناوە، بـەڵكو بەمەبەستی سیاسییەو ئەو پێیوایە ململانێی نێوان بـرژوازی و پرۆلیتاریا بەسەركەوتنی ئەوەی یەكـەمیان كۆتاییهاتووەو هـیچ پاسـاوێك نەماوەتـەوە بۆبـوونی ناكۆكییـەكانی سۆسیۆلۆژی و ئـابووری. ئـەو بیرۆكانـەی فۆكۆیامـا تـەنها دارشـتنەوەی بیرۆكـەی كـۆنو لـەپانتایی دوایـین مرۆڤـی نیتشـەو دوایـین مرۆڤـی زەردەشـتو حەتمیـەتی مێـژوویی كـارڵ مـاركسو هیگل)یـدا دێـن ودەچـن. بۆیـە دەتوانرێـت بگوترێت تەوەری باسەكانی ناو ئەو كتێبە تەنها تێكەڵەیەكن لەباسكردنی سیاسـەت و فەلسـەفەو ئابووریو سۆسیۆلۆژی و پەروەردەو مافو....هتد.

بەڕای ئالورین تـافلر: (كۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی تـا ئێستا سیٚ قۆناغی بڕیون. یەكـەم: شۆڕشـی كشتوكاڵی (كەهـەزاران سـاڵی خایانـد.) دووەم: شۆڕشـی پیشەسـازی (نزیكـەی سێسەد ساڵی خایاند.) سێیەم: شۆڕشی كوانتۆمی.

بۆیـە بنـەڕەتی كۆتـایی مێـژوو گوتەیەكـە پشـتگیری لەتیۆریەكانی: فۆكۆیاماو هنتینگتۆن ناكات، بەڵكو جۆرێكی دیكەی قوڵترو فرەلایەنترە لـەنێوان شـەپۆلی قۆنـاغی دووەم و سێیەمدایە.)١

---

[1] - فوكویاما ودیموكراسی لیبرال- پایان تاریخ. نوشته: تالوین تافلر. ترجمه: پرویز صداقت. مجله: سیاسی- اقتصادی. ١٣٧٣ (شماره)٧٩

مەبەستی ئایدیۆلۆژیا لەڕووی سیاسی و حزبییەوە: کۆمەڵێك بنەمایە کەحزبە هەمەجۆرە سیاسییەکان لەسەری دادەمەزرێنو ئەندامەکانی هەوڵدەدەن بیخەنە بواری سیاسیو ئابووری- بەشیوازی جیاواز. فەیلەسوفی بریتانی ئادمۆند بارك (Edmund Burke) پێیوایە: (گرنگترین جیاوازی نێوان حزبە سیاسییەکان ئەو ئایدیۆلۆژیاو رێبازەیە کەباوەڕیان پێیەتیو لەپێناو دەستەبەرکردنیدا تێدەکۆشن.)١

لەمرۆماندا ئایدیۆلۆژیا لەسەر سێ بنەمایە: دیموکراسی لیبراڵی، بازاڕی ئازادو دەوڵەتی میللی، دواجار ئەمانەش توشی قەیران بوونەوە. ئەو کەسانەی سروشتی مرۆیی خۆیان پەیوەست بەیەك کۆمەڵگای لیبراڵی دەکەنەوە، ئەوا دەبنە یەك پارچەی ستانداردی میتافیزیکی سیاسی لیبراڵیستی.

چەند دەربارەی ئەوە قسە بکرێت کە ئایدیۆلۆژیایەك شکستی خواردووە- یان باوی نەماوە، جاکە بەهۆی سەرنەکەوتنی بێت لەبواری پراکتیکیدا- یان بەهۆی نەگونجانی لەڕووی لۆکاڵیەوە- یان بەهۆی قۆناغێکی مێژوویی، بەدڵنیاییەوە هەردەمێنێت، جاکە بەشێوازێکی

---

١ ـ مجلة: العلوم السياسية. النظم الديموقراطية في اوروباـ التجريبة التوافقية في الحكم. ترجمة: امنة علي ٢٠٠٧ ص٣٣١

کاتی بێت– یان بەلاوازی. لەجێگای ئەو ئایدیۆلۆژیایەش ڕەوتێکی فکری دیکە دەبێتەوە ئەڵتەرناتیڤی. بۆنموونە: لەم ڕۆژگارەماندا ئایدیۆلۆژیای لیبراڵەنوێکان ئایدیۆلۆژیای چەپەکانی وەلا ناوە. وەك چۆن ڕەوشی مۆدێرنە لەبەرامبەر پۆست مۆدێرنەدا کەوتە پاشەکشەو خۆی بەخاوەنی هەقیقەتی ڕەها دەزانێت.

# بەشی سێیەم

## باسی یەکەم:

## حزبی مۆدێرن

ئــەزموون ئــەوەی ســەلماندووە بــە دیجیتــاڵبوونی کۆمــەڵگاکان دەتوانێــت دووبــارە ڕۆڵــی حزبــە مۆدێرنــەکان لەکایەی سیاسیدا بەهێز بکاتەوە.

تۆڕەکـانی پەیوەنـدیی و زانیـاری گەیانـدن سیسـتمێکی جیهـانی تازەیەو کـار لـەبواری ئەلیکترۆنیدا دەکـات. ئەوەی پێیــدەڵێن شۆڕشــی زانیاریگەیانــدن، هــەموو چــێوەکانی بڕیــون و هــیچ بەهایــەك بــۆ وڵاتــان، فەرهــەنگ، ســنووری جوگرافی و سیاسەت و...هتد، دانانێت.

حزبە مۆدێرنەکان پشت بەستراتیژیی تەکنۆلۆژیای زانیاری گەیاندن و ئاراستەی دنیای ئەمڕۆ دەبەستن لەداڕشتنی سیاسەتەکانیان. واتا: گرتنەبەری شێوازی دیجیتاڵی کۆمەڵگا، وەك پەیڕەوێکی بنەڕەتی بۆ میکانیزمی دەستەبەرکردنی ئامانج و سیاسەتەکانی حزب. دیارە کاریگەرترینیان گرنگیدانە بەتۆڕەکانی سۆسیاڵ- میدیاو مواکەبەکردنی، چونکە ئەمە ڕۆڵی گەورە دەگێڕت لەزیادکردنی جەماوەر.

بەواتایەکی دیکە: سۆسیاڵ- میدیا دەتوانێت ببێتە جێگرەوەی حزبایەتیکردنی جاران، بەبێ ئەوەی حزبێك بارگرانی و ئەرکی خەرجی کێشان و ماندوبوونی جەستەیی بەئەندام و لایەنگرەکانی بکێشێت. لەم سەردەمەماندا تۆڕەکانی پەیوەندی و زانیاری گەیاندن (بەتایبەت ئەنتەرنێت) کاریگەری گەورەیان کردۆتەسەر ژیانی مرۆڤ، ئەوە روونبۆتەوە ئەو دامەزراو و حزبانەی توانیویانە هەتا ئاستێکی باش بچنەناو ئەو پانتاییەو ڕۆڵی تێدا بگێڕن، ئەوا کاریگەری زۆر لەسەر جەماوەر جێدەهێڵن. ڕاستە دیاردەی بەجیهانیبوون و تەکنەلۆژیای ئەنتەرنێت کاری کردۆتەسەر فەرهەنگ و شێوازی ژیانی نەتەوەکانیش. تەنانەت گۆڕانکاری لەئەرکەکانی حزب و شێوازەکانی دەوڵەتداریشدا کردووە. بەڵام هەلێکی باشیشی بۆ حزبەکان ڕەخساندووە کەبەو ڕێگایە بتوانن زۆرینەی ڕای جەماوەر بۆخۆیان

دەستەبەر بکەن. لەوانەیە بڵاوکردنەوەی پەیامێکی حزبی لەتۆڕی سۆسیاڵ– میدیا، بتوانێت قەناعەت بەچەندین کەس بێنێت کەفلان حزب بەرگری لەمافەکانیان دەکاتو لەوێشەوە ڕای خەڵك بگۆڕدرێتو ئەوانە دەنگ بەو حزبە بدەن.

(راستە گرفتەکانی ژینگەو قەیرانە ئابوورییەکان بوونەتە کێشەی نێودەوڵەتیو ناتوانرێت لەچوار چێوەی لۆکاڵیدا چارەسەر بکرێن، بەڵام سیاسەت و دیموکراسی تائێستاش دیلی دەستی دەوڵەتە قەومیەکانن.)١ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گۆڕانکاریانە دەبینین کەلەپانتایی رەوشی دیاردەی بەجیهانیبووندا سەرهەڵدەدەن، ئەو گۆڕانکاریانەی دامەزراوەو ناوەندەکانی سیاسی، ئەو رۆڵە گەورەو پڕ مانایەیان نەماوە، بۆیە حزبە سیاسییەکانی خۆرئاوا بەردەوام گۆڕانکاریو ڕیفۆرم لەبنەماو بەرنامەی حزبەکانیان دەکەن، بەپێی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگاکانیان، تەنانەت ئاسانکاریو نەرمیان لە ئایدیۆلۆژیاکەشیاندا کردووە– بۆئەوەی لەگەڵ سەردەمدا بێنەوە. بۆنموونە: لەگەڵ بەتەوژم بوونی دیاردەی بەجیهانیبوون، ئیدی کێشبوونەوە بۆ ئایدیۆلۆژیای حزبیو کۆبوونەوەو باسکردنی بەهاو ئامانجو پەیڕەوی ناوخۆ و...هتد، جێگای خۆیان بۆ باری گوزەرانو داهاتو ژیانی ئاسودەییو ئارامی و ئاسایش چۆڵدەکەن.

---

١ ـ التحليل السياسي الحديث. تاليف روبرت دال. ترجمة: علا ابو زيد. القاهرة: مركز الاهرام للترجمةو الطباعة والنشر ١٩٩٣ص٨٦

رۆبەرت میشلز. دەڵێت: (حزبەکان ئارەزووی دەستبەسەر داگرتنی دەسەلأتیان هەیە، ئەمەش دەبێتەهۆی وەلانانی دیموکراسیو هاتنە پێشی ئۆلیگاریشی، ئەوەش وا لەدەنگدەران دەکات لەوە بترسن حزبەکان ستەمیان لێبکەن و دەگەکانیان بۆ ئاڵوویرو سەودا بەکاربهێنن، لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا.) لەکاتێکدا خەڵك باوەڕیان بەپرۆسەی سیاسی و حزبەکان لاوازبووە.

حزب: هەموو حزبێك ئامرازێکە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجێك، ئەویش گرتنەدەستی دەسەلأتە. ئایا: دەکرێت ئایکۆلۆژیا بگۆڕدرێت بۆ ئایدیۆلۆژیا؟ لەڕەوشی سیاسەتەکانی ولأتانی ئەوروپیدا، لێرەدا مەبەست لەدیموکراتیەتی سۆسیالیستیە بۆ ئایکۆلۆژیا.

باسکردن لەپەیوەندی نێوان ئایکۆلۆژیاو سەرمایەداری- پانتاییێکی زۆری لەئاراستەی حزبەکاندا گرتۆتەبەر، بەدووبارە چاوپێداخشاندنەوە بەبنەما ئایدیۆلۆژیەکەیاندا.

ئایا: دەکرێت ژیانی سیاسی بەبێ حزبە سیاسییەکان بەڕێوەبچێت؟ وەلأمدانەوەی ئەم پرسیارە بەنەخێرە، چونکە: (مادام خەڵك باوەڕیان بەئامرازی هەڵبژاردنەکان هەیەو ئێستاش پشت بەو حزبو دامەزراوانە دەبەستن کەبۆ رەوشی کۆمەلأیەتی، نوێنەرایەتیان دەکات.)١ بەلأم ئەمڕۆ

---

١ ـ الاحزاب السياسية. تاليف: موريس ديفرجية. ترجمة: عبدالمحسن سعد. الناشر: الهيئة العامة لقصور الثقافة ـ القاهرة ٢٠١١ ص١٣٢

لەکوردستان ئەو دامەزراوانە لەلایەن حزبە کلاسیکیەکانەوە کەوتوونەتە ژێر هەڕەشە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهاتنەئارای سیستمێکی تازە هاوڵاتیان سوورن لەسەر ئەوەی بەشێکبن لەو سیستمە. بۆیە باشتروایە حزبی مۆدێرن کار لەسەر رەوشی تازەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بکات، نەك مێژوو سەروەرییەکانی. خۆ گونجاندن لەگەڵ ڕەوشی زانستی و مواکەبەی سەردەم، دەبێ لەسەر بنەمای ڕاستیەکان بێت، نەك خواستە فەرزکراوەکانی یەك سیستمی ئەخلاقی.

لەرووی رێکخستنی حزبیەوە موریس دوفرجیە. دەڵێت:(حزبە سیاسییەکان بریتین لەرێکخراوێکی تایبەت کەهاوشێوەی سوپان لەرووی رێکخستنەوە. ریزبەندی ئەندامەکانیان زۆر بەوردیە لەئەندامێکی ئاساییەوە هەتا سەرۆکی ئەو حزبە. دەشێ حزبێك بیەوێت خۆی لەگەڵ شەپۆلی گۆڕانکاریەکاندا بگونجێنێت و هەندێك سیاسەتی تاکتیکی بگرێتەبەر، کەلەگەڵ رەوشی بیرو باوەڕەکەیدا یەك نەگرێتەوە.) واتا مەسەلەی بیروباوەڕی پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکان ئەو بەهاو گرنگیەی نەماوە- کەوەك جاران دەقاو دەق بەجێ بگەیەندرێت، زۆر ئاساییە حزبێکی چەپ هاوپەیمانێتی لەگەڵ حزبێکی مەزهەبی- یان ناسیۆنالیستیدا ببەستێت.

لەمبارەوە لێکۆڵەرەوەی بواری سیاسەت (ئانتۆنی داونس) دەڵێت: (حزبە سیاسییە مۆدیرنەکان خاوەنی

چالاکی عەقلانی و بەرژەوەندی تایبەتن، بنەمای پەیڕەوی حزبەکەیان دەکەنە لاوەکی و دەکەونە رکەبەریێ بۆ بەدەستهێنانی دەسەلات.) بەسەرکشان لەپرنسیپ و پەیڕەوی ناوخۆی حزب، نەخیانەت و نەلادانە لەبنەماکان، چونکە ئایدیۆبۆژیاو پەیڕەوی ناوخۆ و زۆر لەبەهاکان پیرۆزی و چەقداریێتی خۆیان لەدەستداوە.

جۆزیف لابلامبراو ڤینر: لەکتێبەکەی لەژێر ناونیشانی: (حزبی سیاسی و گەشەکردنی سیاسی) دەڵێن: (حزب: واتا بوونی رێکخستنێکی هەمیشەیی و لەسەرئاستی لۆکاڵی و نیشتمانی هەوڵدەدات پشتکیری جەماوەری بەدەست بێنێت، بۆئەوەی بگات بەدەسەلات و سیاسەتەکانی خۆی جێبەجێ بکات.) ئەمە چوار بنەما لەخۆ دەگرێت.

١- بەردەوامبوونی رێکخستن.

٢- هەبوونی لەسەرئاستی ناوخۆیی و نیشتمانی.

٣- ئارەزووی دەستگەیشتن بەدەسەلات.

٤- هەوڵدان بۆ پشتگیریکردنی جەماوەری.

لەراستیدا دروستبوونی حزبەکان لەواقیێکی مێژوویی و کۆمەلایەتیەوە سەریانهەلداوە، بەلام مانەوەیان لەسیستمی دیموکراسی مۆدێرندا، پەیوەست بەئاستی تێکەلاوی و گونجاویانە لەگەڵ رێکخراوو دامەزراوە مەدەنییەکان و ئاراستەی سەردەم.

دەبیــنین لــەمڕۆدا حزبــەکانی خۆرئـاوا زیـاتر ڕۆڵــی کۆمەڵایــەتی دەگێــڕن نــەك سیاســی. (بەگرتنــە بەرچـاوی ئامانجی سەرەکیان، کەگرتنە دەستی دەسەڵاتە.)

حزبی سیاسی راستەقینە وەك دامـەزراوەی زەرویین بۆ پاراســتن و جــێگیری سیاســی. (هــانتینگتون) پێیوایــە: (فرەیـی و بەشـداریکردنی بـەرفراوانی حزبـەکان، دەتوانێـت ڕێگربێت لەتوندو تیژی و گرتنەبەری سیاسەتی نابەجێ و دوژمنکارانە لەلایەن حکومەتەوە، بەڵام کەحزبە سیاسیەکان لاوازبـن، مەترسـی دەسـتێوەردانی سـەربازی لەسیاسـەت و حکومەت زیاد دەکات، بەم هۆیەوە جێگیری هەر سیستمێکی سیاسی پەیوەستە بەتوانای حزبە سیاسییەکانەوە.

حـزب کاتێك دەتوانێـت بـەهێزبێت کەلەلایـەن دامـەزراوە مەدەنییەکانەوە پارێزگاری و پشتگیری لێبکرێت.) دامەزراوە مەدەنیـەکان دەتـوانن کاریگـەری زۆر بخەنەسـەر جـەماوەر، تەنانــەت لەحزبــە شــۆڕگێڕەکانیش زیــاتر، کــەڕۆژگارێك رابەرایەتی نەتەوەیەکیان کردووە.

(پێویستە حزبی مۆدێرن لەپرۆسەی ستراتیژی خۆیـدا، شـرۆڤەی خاڵـە لاوازو بـەهێزەکانی خـۆی بکـات و هـەموو لایەنەکانی بگرێتە بەرچاو: کات، ئاراستەکردن و ئەو لایەن و توخمانـەی پەیوەندیـدارن، دواتـر بڕیـار لەسـەر ئـەوە بـدرێت ئایـا: وەك خۆیـان بمێننـەوەو کاریـان لەسـەر بکرێـت– یـان

ریفۆرمیان تێدا بکرێت- یان وازیان لێبهێندرێت و پەنا بۆ بنەمای دیکە ببرێت؟ )[1]

گرنگی حزب لەدامەزراوەیی و هەیکەلی ڕێکخستنەکەی و ئایدیۆلۆژیاو یەکگرتوویی سیاسەتەکانیدایە، هەروەها گرنگی دان بەکێشەکانی خەڵك.

لەوڵاتە پێشکەوتووەکان گروپەکانی فشار (واتا: ڕێکخراوە مەدەنییەکان) ئەوانەی خاوەن سەنگی خۆیانن و پاراستنی بەرژەوەندی ئەمانەو جێگیری و ئاسایشی هەندێك توێژاڵی کۆمەڵایەتی، بۆتە جێگای گرنگیپێدانی ئەو گروپ و ڕێکخراوانە. لەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا یەکێك لەپایە سەرەکییەکانی دیموکراسی لەچوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندی میللیدا هەژمار دەکرێت. هەمیشە ئەو گروپ و ڕێکخراوانە توانیویانە کاریگەریان لەسەر دامەزراوەکانی حکومەت هەبێت و بەشێوەی قانونی و ناقانونیش خواستەکانی خۆیان دەستەبەر کردووە، بەڵام لەکوردستان ئەو ڕێکخراوانە، نەك فشار نەبوون بۆسەر حکومەت، بەڵکو کراونە داردەستی حزبە گەورەکان و وەك بارەگایەکی ڕێکخستنی نهێنین و شێوە سەربەخۆ نیشاندراون.

ئەمە جگەلەوەی لەچوارچێوەی بەرژەوەندی گروپێکی دیاریکراوی لێپرسراوانی حزبێکیش بەکارهێنراون و بەناوی

---

[1] ـ التخطيط الاستراتيجي للاحزاب السياسية: تاليف: كاسبارف فان دن بيرغ. الموسسة الدولية للديموكراتية والانتخابات (International ide)

دیموکراسی و بوونی ڕێکخراوی مەدەنی ناسراون. ئیستین رۆکان: لەکتێبەکەی لەژێر ناونیشانی:(هاوڵاتی و حزب و هەڵبژاردنە سیاسیەکان.) لێکدانەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەی بۆ حزبە سیاسییەکان کردووە. ئەو توانیویەتی زۆر بەزیرەکانە لێکدانەوەی دروست بۆ حزب و گروپە سیاسیەکان بکات، ناوبراو لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکەی (کارل مارکس) بەدواداچوون و دواجار لێکدانەوەیەکی زانستیانەی سۆسیۆلۆژی کردووە، ئەو لەتوێژینەوەکانی خۆیدا تەنها کەڵکی لەشرۆڤەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەرنەگرتووە، بەڵکو کەڵکی لەبواری ئەنسرۆپۆلۆژیاش وەرگرتووە. بەبۆچوونی ئەو بۆ تێگەیشتن لەحزبە سیاسییەکان دەبێ سەرەتا لەو کەلێن و دابڕانانە تێبگەین کەچۆن لەکۆمەڵگادا پەیدابوون.

واتا: تێگەیشتن لەوەی چۆن ڕووداوەکانی مێژوویی بوونەتە هۆی جیاوازی و کەلێن دروستکردن لەنێوان چین و توێژەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا.) ناوبراو کەلێن و جیاوازییەکانی نێو کۆمەڵگای خۆرئاوایی دەگێڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی: یەکەمیان شۆڕشی پیشەسازی، دووەمیش: شۆڕشە میللیەکان.

بەڕای مارکس (گریمانەو ئەگەری لێکۆڵینەوە لەپەیوەندییە ئابوورییەکان بەشێوەیەکی ئەبستراکت، کەجیاوازبێت لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (ئەمە بنەمای ئابووری سیاسی کلاسیکییە) ڕاست نییە.

گوتــەکانی وەك: کــالاو بــەهاو بــازاڕو پــارە، تــەنها شێوازێکن لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و هـەر دیاردەیـەکی ئابووری بەپلەی یەکەم کۆمەڵایەتییە.) لایەنگرانی مۆدێرنە باوەڕیان بەپێشکەوتنەو پێشیانوایە ئابووری فەرمانڕەوایی چارەنووسی مرۆڤە، ئەم باوەڕە پەیوەندیو وابەستەکانی کۆمەڵایەتی وەلاناون، سەرئەنجام دوو هێزی گەورە کەوتنە بەرامبەر یەکتری. لایەنێکیان ئابووریو ئیدارەو تەکنەلۆژیا، ئەوی تریشیان هێزە بەرگریکارەکانی سیاسیو مەزهەبیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی.

شێوازەکانی سیاسیو سیستمی سیاسی لێکدانەوەو ڕیزبەندیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەسانی وەك:

١- شیشرۆن، لەسەردەمی ڕۆمانییەکان.

٢- مایکیاڤێللی، لەسەردەمی ڕێنیسانیس.

٣- مۆنتسکیۆ، لەڕۆژگاری ڕۆشنگەریو چەند بیرمەندی دیکەی وەك: جۆن ستیوراتو موسکاو...هتد.

واتا: جگە لەسیستمی شانشینی تاك دەسەڵاتی رەها. لەسیستمی ئەرستۆکرات، کەمینە دەسەڵاتدارەو لەسیستمی دیموکراسییش زۆرینە، فەرمانڕەوایەتی دەکات.

حزبەکان دەتوانن لەڕێگای ڕێکخراوە مەدەنیەکانو جەماوەرەکەیانەوە فشار بخەنەسەر حکومەت، بەهاندانی جەماوەرو خۆپیشاندانو ناڕەزایەتیەکان.

لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانن هاوڵاتیان وا لێبکەن

بـــەرگری لەحکومـــەت بکـــەن و ڕەزامەنـــدبن، حکومـــەتیش دەتوانێـت بـۆ ڕاکێشـکردن و کـۆنترۆڵکردنی کۆمـەڵگا، کـەڵك لـەحزب وەربگرێـت. بـەڵام هەنـدێك بیرمەنـد پێیانوایـە حـزب چین و توێژاڵـەکانی کۆمـەڵگا پـۆلێن دەکـات و لێکدانـەوەیان بۆدەکـات. لـەم ڕووەوە (لۆکـاچ) سـەبارەت بەچـالاکی حـزب دەڵێـت: (لەسـەر بنـەمای قـانونی سروشـتی گەشـەکردنی سـەرمایەداریی، حـزب کۆمـەڵگا بـەرەو ئاسـتەنگ دەباتـەوە، بـەڵام ناتوانێـت ڕێگاچـارەی سـەرفرازبوون لـەو تەنگژەیـە بدۆزیتەوە.)١

بەردەوامبوون و مانـەوەو بەهێزی حزب تـەنها تۆکمـەیی ئـــەو حزبـــە نییـــە لەناوخۆیـــدا– یـــان بـــوونی چـــەند سیاسـەتمەدارێکی کـۆنی سـەردەمی شۆڕشـی ڕزگـاری و لێـدانی ئـەو بـالۆرە بەسەرچـووە بـەناو پڕشـکۆدارانەی ئـەو حزبـە. بـەڵکو ئـەوەی ئـەمڕۆ گرنگـە دەبـێ حـزب بەشـێوەی هاوچـەرخ و سیسـتماتیکی بـەڕێوەببرێت. ئەو ڕۆژگـارە ڕۆیـی دەســـتەیەك لەســـەرکردەکانی ئـــەو حزبـــە کۆببنـــەوەو بەلێکدانـــەوەو بۆچـــوونی خۆیـــان بڕیـــاری چارەنووســـاز دەربکەن و چاوەڕوانی ئەوەبکـەن هـەموو ئەندام و لایـەنگرانی حـزب و جـەماوەر پشـتگیریان لێبکـەن. ئەوسـەردەمە ڕۆیـی حـزب و سـەرکردە لەلوتکـەی شـکۆمەندیدابن و بڕیاربـدەن و

---

١ - درباره حزب (مارکسیسم و حزب): نوشته: کلاس هورنر. منتشر شده در سایت هفته.

ئەندامو جەماوەریش هەڕەمەکی وەك كۆمبارس بیڵێنەوەو گوێڕایەڵیان بن.

سەردەمی چاوبەستەگیو بەلاڕێدابردن ڕۆیی کەجاران بەناو تاکتیکی سیاسیو زەروریەتی مێژوویی و پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی، حزبەکان پەیڕەویان دەکرد. ئەو ڕۆژگارە چوو سیاسەتەکانی حزب تەنها سەرکردایەتی بالای ئەو حزبە بیزانێتو لای ئەندامو لایەنگرانی حزبو جەماوەر وەك مەتەڵ بێت. تەنانەت لەم سەردەمانەدا حزبەکانیش وەك هەر کۆمپانیایێك دەبێ سیاسەتمەدارو کۆمەڵگاناسو زانایانی سایکۆلۆژیو کەسانی قانوونیو ڕاوێژکاری بەتوانا بەبڕێك پارەی دیاریکراو ڕازی بکەن بۆئەوەی یارمەتیان بدەن لەهەڵبژاردنەکانو بەدەستهێنانی ڕای گشتی جەماوەرو زیادکردنی دەنگەکانیان. بەدەربڕینێکی دیکە: حزبەکان پەنا بۆ دامەزراوەو پەیمانگاکانی تایبەت بەمە ببەن، بۆئەوەی لەڕێگای داڕشتنی پلانی ستراتیژی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنن.

بۆنموونە:(پەیمانگای هۆڵەندی بۆ دیموکراتیەتی فرە حزبی) ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت لەسەرخستنی زۆر حزب لەهەڵبژاردنەکان. لەجۆرجیاو مۆزەمبیقو زۆر شوێنی دیکە حزبی دیاریکراویان لەهەڵبژاردنەکان سەرخستوون.)[١] ڕاستە هەڵبژاردنەکان پێوانەن بۆ ئاستی بەجەماوەریو

---

[١] الموسسة الدولية المعهد الهولندية للدموقراطية متعددة الاحزاب (idea)

ڕێـژەی ئەنـدام پەرلـەمانی ئـەو حزبـە، بـەڵام کاتێـك حزبێـك لەهەڵبژاردنێکـدا تێکدەشـکێت بــەو مانایــە نییــە ئیــدی هەڵناستێتەوە، بەڵکو بەومانایەیە پێویستە ئەو حزبە چاو بەسیاســەت و ئۆرگـــان و پەیڕەوەکەیــدا بخشــێنێتەوەو گۆڕانکاری لەسیستمی کارگێڕی حزبدا بکات، تەنانـەت ئـەو ڕیفۆرمانـەی دەیکـات دەبـێ کـات و ئاراستەکەشیـان دیـاری بکـات. باشـترین چـارەش بەسـتنی کـۆنگرەی ئـەو حزبەیـە کەلەڕێگایەوە کێشە ناوخۆییەکانی حزب چارەسەربکات.

هەمـوو ئۆرگانـەکانی حـزب بەرپرسن لەپاشەکشەکردنی ئەو حزبە لەهەڵبژاردنەکان، بەڵام بەپلـەی یـەك سـەرکردایەتی ئەو حزبە بەرپرسە.

دیارە وەك پێشوتر گوتمـان لادان لەئایـدیۆلۆژیای حـزب نابێتە هۆی هەڵوەشانەوەی ئەو حزبە، لەوانەیە بۆماوەیـەکی کـەم کاریگـەر هـەبێت، بـەڵام لـەم سـەردەمانەدا نـەبوونی سیسـتمی سـتراتیژی خـزب و خراپـی بـەڕێوەبردنی ئیـداری مەترسی گەورەترن، چونکە ئیدی حزب سەردەمانی شۆڕشی ڕزگـاری نیشـتمانی و ئایـدیۆلۆژیای لـۆژیکی تێپەڕانـدووە، پێوانەکـە زیـاتر بەنـدە لەسـەر زۆری لایـەنگرو ڕای گشـتی و هێزی ئیداری.

تــەنها کاتێــك دەتوانرێــت بــاس لــەحزب بکرێــت کەڕێکخراوبێت و ئۆرگانەکانی بتوانن ڕۆڵـی گـەورەی خۆیـان بگێـڕن. ئەمـە لەکاتێکـدا زۆر شـتی دیکـە هەیـە ڕێکخـراو و سـەنتەری دیکـە ئـەنجامی دەدەن و حزبـی سیاسـی ناتوانێـت

بیگرێتــــە ئەســـتۆی خـــۆی. گـــرنگترین پـــەیامی حـــزب دروســتکردنی پەیوەندییە لـەنێوان خـەڵك و دەسـەڵاتداران، حزبــەکان لەلایــەك نوێنــەرەکانی خۆیــان دەنێــرن لەپلــەو پایــەکانی دەوڵەتـدا دایانـدەنێن– لەلایـەکی دیکـەش هـانی خـەڵك دەدەن لەبەرامبـەر سیاسـەتەکانی دەوڵـەت ناڕەزایی و پەرچـەکردار نیشـانبدەن، بـەمجۆرە بنـەمای پەیوەندییەکـە وابەستەیی قایمی بەبەشداریکردنی حزبەکانەوەیە. (لاوسن) پێیوایـــە: (ڕەوشـــی چەســـپاویی و جـــێگیری حکومـــەت– ســـەبارەت بـــەو گروپانـــەی دەســـەڵاتدارن، ئـــەو هەلـــەیان بۆدەرەخســـێنێت بەرژەوەنـــدی تایبـــەتی خۆیـــان وەك بەرژەوەنـدی گشـتی و بەرژەوەنـدی دەوڵـەت بخەنـە ڕوو و جێبەجێی بکەن.)(1)

سیستمی دیموکراسی و حزب، دوو بنـەمان بەزەحمـەت لەیـــەکتری جیادەکرێنـــەوە. بۆیـــە لێکۆڵینـــەوە لەحزبـــە سیاسییەکان بابەتێکی گرنگەو بۆتـە چەمکێکی ستراتیژی و لــەو ڕێگایــەوە دەتوانرێــت دیــاردە سیاســییەکانی نــاو سیستمێکی سیاسی شیکارو لێکدانەوەیان بۆ بکرێت.

کڵســـن، دەڵێت:(حزبـــەکان پایـــەی دیموکراســـین، دژایـەتیکردنی حزبـەکان لەلایـەن دەوڵەتـەوە، دژایـەتیکردنی دیموکراتیەتە.)

[1] ـ بیتهام. توسعه سیاسی. ترجمه: أحمد نقیب زاده. نشره قومس ١٣٧٦ ص٨٥

سەبارەت بەرۆڵی حزب و هەڵبژاردنەکان: ڕاستە ئاستی وشیاری خەڵك ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت لەهەڵبژاردنەکاندا- یان دەنگدان بەحزبێکی دیاریکراو. دەشێ حزبێك بەهۆی بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان دەسەڵات بگرێتە دەست.

ئەمە لەمێژوودا تەنانەت لەوڵاتە دیموکراسیەکانیشدا نموونەیان زۆرە، بەڵام هۆکاری ئەمە چەند مەسەلەی بنەڕەتین.

١- بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە.

٢- زاڵبوونی هەست و سۆزی نەتەوایەتی و مەترسییەکانی دەرەکی.

٣- شکستخواردویی حزبەکانی دیکە.

٤- خراپی بواری ئابووری و قەیرانەکانی کۆمەڵایەتی.

٥- کاریگەری سەرکردە لەسەر سایکۆلۆژیای هاوڵاتیان. لەکوردستان ڕکەبەری حزبەکان بۆ بەدەستهێنانی کورسی زیاتری پەرلەمان، شتێك نین بەشێوەی ئەکادیمی بخوێندرێن و پەیوەست بەکەسانی خاوەن بڕوانامەی بەرزەوە بێت، بەڵکو ئەوانەی لەسیاسەتدا قاڵبوونەوە سەرکەوتوو ترن لەو کەسە ئەکادیمیانەی تەنها لەسەر بنەمای تیۆری کاردەکەن و شارەزاییان لەحزبایەتی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیای خەڵکدا نییە. تێکەڵاوبوونی ئەندامانی حزب لەگەڵ جەماوەر لەڕێگای تاکەکەس و گروپەکان و ڕێکخراوە مەدەنی و حزبیەکان،

کاریگەری بەرچاوی لەبەجەماوەربوونی حزبدا هەیە.

گابریل ئەلموند. پێیوایە:(حزب خۆی یەك كۆمەڵگای بچوكی سیاسییەو لەناو ئەودا هەموو پەیوەندییە سیاسییەكان بەپێودانگێكی بچوكتر بوونیان هەیە.)(١) هەڵبژاردن واتا بەربژێركردنی كەسێك بۆ ئەنجامدانی پەیامێك لەشێوەی دەستەجەمعیدا، لەمڕۆدا چەمكی هەڵبژاردن و دیموكراسی بوونەتە چەمكێكی سازگار لەفەرهەنگی سیاسیدا. دیارە لەكوردستان حزب و هەڵبژاردنەكان گرێدراوی یەكترین و كایە بەكایەی هەڵبژاردنەكان چاوەڕوانی هەلڕەخسان دەكەن و ئامادەكاری كاتی پێش هەڵبژاردنەكان دەكەن– بەومانایەی تەنها لەسەروبەندی هەڵبژاردنەكاندا گرنگی بەلایەنی كۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریەكان دەدەن.

ئەوەی سەیریشە لەهەمان ئەو كاتەدا بەگەرمی باس لەسەروەری و ئەوەی لەڕابردوو كردوویانە لەڕووی خزمەتگوزاری و شۆڕشكردن و...هتد، دەكەن. لەكاتێكا ڕێك پێچەوانەی حزبەكانی خۆرئاوایە كەئەوان لەسەروبەندی هەڵبژاردنەكان باسی پڕۆژەكانی ئایندەو بەرنامەكانیان دەكەن، نەك رابردوو. ڕاستە لەخۆرئاواش گرنگی بەكەسایەتیەكان دەدرێت و ڕێكخراوە ناحكومیەكان دەبنە

---

[١] - چارچوبی نظری برای بررسی سیاست تطبیقی . ترجمة : علیرضا طیب. ناشر: مركز أموزش مدیرت دولتی ١٣٧٦ ص٢١٤ (مجلد ششم)

جێگای گرنگی پێدانیان، بەڵام حزبەکانی کوردستان ئەو دامەزراوە مەدەنی و کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکان دەکڕن، بەپێدانی ئیمتیازی وەك پارەو موڵك ومال، تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی مووچەشیان بۆ هەندێك کەسایەتی کۆمەڵایەتی و مەزهەبی و خێڵەکی بڕیوەتەوە، هەرچەندە بوونی ڕێکخراوی مەدەنی لەکوردستان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام کەمو زۆر دەتوانن لەئایندەدا بەهێزبن.

هەڵبژاردنەکان یەکێکە لەدیارترین تایبەتمەندیەکانی جیهانی هاوچەرخ، بەشداریکردنی هاوڵاتیان لەهەڵبژاردنەکان جۆرە هەستێکیان پێدەبەخشێت کەئەوان بەشدارن لەسیاسەت و دەنگیان دەتوانێت کاریگەری هەبێت.

جاران حکومەتە تۆتالیتارەکان پشتیان بەکۆنترۆڵکردنی ڕاگەیاندنەکان بەستبوو– بۆزیادکردنی جەماوەرەکەیان. دواتریش دزێوکردنی خزبەکانی دیکە. پەراوێزکردنی جەماوەر، خەریکی بلأوکرنەوەی ئاوازێك بوون، دەمێك بوو حزبە دەسەلاتدارەکانی ولأتانی سەرکوتکەر دەیان گوتەوە.

بەڵام شۆڕشی تۆڕەکانی پەیوەندی و زانیاری گەیاندن، ئەو ساختەکاری و قۆرخکردنەیان نەهێشت و ئاشکرایانکرد.

تۆڕەکانی پەیوەندی و زانیاری گەیاندن، دەتوانن ڕۆلی حزب زیادبکەن و پەیوەندی نێوان حزب و خەڵك بەهێزو پتەو بکەن.

حزبە سیاسییەکان وەك پلاتفرم بۆ پەیوەندی و کێشکردنی خەڵك بۆ حزب گرنگی زۆری هەیە.

کۆمەڵگای مەدەنی بەو ڕێکخراو و کۆڕو کۆمەڵو سەندیکا کۆمەڵایەتیانە دەگوترێت کەلەدەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت دروستدەبن، بەڵام کەحکومەت دەستنەخاتە نێو کاروبارەکانیان ڕۆڵو کاریگەری خۆیان هەیە. ناوەندەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانن وەك ئامڕازێکی پەیوەندی بن لەنێوان حکومەتو کۆمەڵگا. لەکوردستانی ئێمە ئەو ناوەندانە هەن، بەڵام دەسەڵاتدارانی حکومیو حزبی نەیانهێشتووە- یان بواریان بۆ نەڕەخساندوون ئەرکەکانیان بەجێ بگەیەنن. لەکاتێکا دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرنی نەتەوەیی لەئەورووپا لەهەناوی ئەو ڕێکخراوانەوە سەریهەڵداوە- یان بەلانی کەمەوە وەك فاکتەرێکی گرنگی ئەو بوون.

بەدڵنیاییەوە گەشەکردنو بەجەماوەربوونی حزبی سیاسی چەسپاندنی پرنسیپەکانی دیموکراسیو ڕکەبەرێتی ئاشتیانەی نێوان حزبەکانە بۆگرتنەدەستی دەسەڵات، ئەمەش پێویستی بەیەك کۆمەڵگای مەدەنی بەهێز هەیە. واچاکە حزبە مۆدێرنەکان لەڕووی کۆمەڵایەتیش پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنیەکاندا بگەیەننە ڕەهەندی پەیوەندی دیپلۆماسی.

کاری سیاسی حزب لەکۆمەڵگای مەدەنیدا وابەستە بەهەڵبژاردنو دەنگدەرانە لەڕێگای خستنە ڕووی پرۆژەکانیان، لەچوارچێوەی قانونیدا.

بۆنموونـه: لـەماددەی(٢١)ی سـاڵی (١٩٤٩)ی ئـەڵمانی، لـەقانونی تایبـەت بەحزبـەکان ئاماژەی بـۆ کـراوە. هـەروەها لەقانونی حزبەکانی عـراقیش بڵاوکراوەتـەوەو دەڵێت: کاری حزب گرنگیدانە بەبیرۆکەو پرۆژەو پەیڕەوی سیاسەتەکانیو کاریگـەری خستنەسـەر کۆمـەڵگاو لەوێشـەوە بەدەستهێنانی ژمـارەی زۆرتـری دەنگـدەرانو زیـادبوونی کورسـیەکانی پەرلـەمان. لەکاتێکدا تـەنها وابەستە بەئەمـەش نییەو بـەس. ئـەوە هەڵبژاردنـەکانن کەسـەنگو جـەماوەربوونی ئـەو حزبـە دیاری دەکەن. لەسیستمی دیموکراسیدا بەزۆری کار لەسـەر قەناعەت پێهێنانی خـەڵك دەکرێت، بەدەنگدانیان بـەحزبێکی دیاریکراو.

یـەك سیسـتمی سیاسـی دەتوانێـت بنـەمای هەمـەجۆری دەنگـدەرانی هـەبێت، گروپـەکانی کـەخاوەن کەسـایەتین، دامەزراوەکانی دارایی، ئەنجومەنی یاسا دانانو...هیتد،

ئـەو حزبانـەی جـەماوەریان کـەم دەبێتـەوەو لاوازدەبـن وردە وردە گەندەڵی ئیداری لەناویاندا تەشەنە دەکات، ئیدی هـەتا ئـەو ئاستە دەچێت لێپرسـراوانی ناوچـەو شارەکان، حـزب وەك کۆمپانیایـەکی بازرگـانی سـەیردەکەنو لـەبری بازرگـانی کـردن بـەکاڵاو شـتومەکەوە- دەبنـە بازرگـانی سیاسـیو مامەڵـەو کـڕینو فرۆشـتن بـەڕای جـەماوەرو دەنگـەکانی حزبـەوە دەکـەن. دیـارە لەمەشـیاندا وەك چـۆن هێـزی جـەماوەری بـۆ بەرژەوەنـدی تاکەکەسـی خۆیـان

بـــەکاردێنن، هێـــزی ســـەربازیش وەك هەڕەشـــە لەســـەروی ئیرادەی جەماوەریشـەوە بەکار دەهێـنن. لێرەوە ئاسایشـی نەتـــەوەیی دەکەوێتـــە مەترســـییەوە، چارەنووســـی گـــەلێك دەکەوێتـە مەترسییەوە، ئەمـەش لەتەشـەنەکردنی گەنـدەڵی ئیدارییەوەیـــە، جـــا چ لـــەناو حزبێکـــی گـــەورەبێت . یـــان لەدامودەزگاکانی حکومەتدا.

فرانـك سـۆرۆف، لەکتێبەکـەی لـەژێر ناونیشـانی: حزبـە سیاسییەکان لەسیستمی ئەمریکیدا. دەڵێت:(حزبی سیاسی ئامرازێکـــە بۆکـــۆنترۆڵو یاریـــدەدان بـــۆ ســـەرکەوتن لەهەڵبژاردنەکانـــدا.) ئـــیتر حـــزب تـــەنها دەبنـــە ماشـــێنی هەڵبژاردنـــەکانو چـــەمکی تـــازە بـــۆ حـــزب دادەڕێژێتـــەوەو بـەهاکان وەلا دەنـرێنو تـەنها لەگۆشـەنیگای بەرژەوەندیـەوە سـەیری حـزب دەکرێـت. حـزب دەبنـە کۆمپانیایـەكو کـێ بیـەوێت دەتوانێـت بۆماوەیـەك کـاری تێـدابکاتو بـەختی خـۆی تێـدا تـاقی بکاتـەوە. ئەگـەر سـەرکەوتوو نـەبوو ئـەوا بەئاسانی واز دێنێتو لەحزبێکی دیکەدا چانسی خۆی تاقی دەکاتەوە.

مـاکس ڤیـبر، دەڵێـت: (حزبـەکان لەئاینـدەدا دەبنـە کۆمپانیـاو لـەبازاڕی سیاسـەتدا تـەنها بـیر لـەکڕیاری زیـاتر دەکەنـــەوە.) مەبەســـتی لەوەیـــە: بـــازاری فرۆشـــتنی ئـــەو دەنگانـــەی کەکورســـی پەرلـــەمانیان پێهێنـــاون. بـــەڵام ئـــەو گوتەیـە سـەبارەت بەحزبـەکانی کوردسـتان چـەند جیـاوازی

بنەڕەتی هەیە، لەمانەش: کوردستان سەربەخۆنییە، قەوارەی دەوڵەت پارێزراو نییە. دەستووری بنەڕەتیو یاسا سەروەر نییە. دواتر تائێستاش حزبەکانی کوردستان ئەدگاری شۆڕشو خێڵەکیان پێوەدیارە.

حزبە سیاسییەکان بوونەتە یەکێك لەپێکهاتەی سیستمی سیاسیو دەستووری، ڕۆڵی حزب بەبەشداریکردنی لەدەسەلات- یان بەشداری نەکردنی دیاریدەکرێت، جاکە ئۆپۆزیسۆن بێت- یان نا، ئەمەش بەپێی دەستووری ئەو دەوڵەتەیە. حزبی سیاسی فاکتەرێکی پێویستە بۆ هەموو سیستمێکی سیاسی.

دیارە سەبارەت بەچەمکی حزبی سیاسی وەك بیرۆکەیێکی باوەڕداری سەیر دەکرێت، نەك لێکدانەوەو شیکارکردنی سۆسیۆلۆژیانە. هەر لەدوای سییەکانی سەدەی ڕابردوو ئیدی حزبە سیاسییەکان وەك ڕێکخراوێکی کۆمەلایەتیان لێهاتو بوونە خاوەن دەزگای ئیداریو لایەنگری خۆیانو کەوتنە تێکۆشان لەپێناو ئامانجەکانیان.

## باسی دووەم:

# مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان

وەك ئاشکرایە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانیی لەوڵاتانی جیهانی سێهەم سەریهەڵدا. ئەو فەرمانڕەوایانەی تازە دەسەڵاتیان گرتبۆدەست، هەمان ئەو بزوتنەوەو حزبانە بوون کەلەڕۆژگاری کۆڵۆنیاڵیدا چالاکی سیاسی حزبیان دەکرد. حزبەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست سەرەتا حزبی مەزهەبی بوونو دواتر حزبی قەومیان دروستکردوون– حزبە مەزهەبییەکان ڕەنگدانەوەی فەرهەنگی کۆمەڵگاکانیان نەبوونو دواجار وردە وردە دروشمی قەومیو سەربەخۆییان کردووەتە ئامانجی خۆیان.

ئەوانە بوون بەتاکە حزبی دەسەڵاتدارو درێژەیان بەمانەوەی خۆیاندا، زۆربەشیان بوونە دەسەڵاتداری سەرکوتکەر. لەهەندێك وڵاتی دیکەی وەك سعودیەو ئیماراتی یەکگرتوو تەنانەت تائێستاش هیچ حزبێکی سیاسی فەرمی دەستووری بوونیان نییە. سیستمی حکومڕانی لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا بریتین لە:

١- بۆماوەیی.

٢- کۆماری پەرلەمانی.

٣- حکومەتی شمولی.

٤- حکومەتی شێوە فیدراڵی.

٥- حکومەتی ناوەندی نەگۆڕو پاوانکراو بۆ حزبێك.

٦-رژێمی سیاسی مەزهەبی (تیۆکراتی)

٧- حزبی پارێزگاران و ئەو ڕژێمانەی لەڕێگای شۆڕشەوە دەستیان بەسەر سیستەمی حکومڕانیدا گرتووە، هەروەها سیستەمی حکومڕانی تۆتالیتاری و ڕژێمی بەناو دیموکراسی فرە حزبی و سیستەمی حزبی پلۆرانیسم.

زۆربەی وڵاتانی باشوور خاوەنی سیستەمی تاك حزبین، واتا: ڕژێمێکی تاك حزبین لەچوارچێوەی ڕەوشی ئابووری سەرمایەداری، ئەمەش ڕێگرە لەبەردەم دیموکراسی لیبراڵی، چونکە دیموکراسیی ڕاستەقینە لایەنە سەرەکیەکانی بریتین لە: ئازادی تاکەکەس. دادپەروەری کۆمەڵایەتی. سەروەری یاسا. پاراستنی بەرژەوەندی گشتی. پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانێتی، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات. فرە حزبی. پێکهێنانی حکومەتی تازە لەڕێگای هەڵبژاردنەکان.

هەتا ئەمڕۆش لەهەندێ لەوڵاتە دواکەوتووەکان بەزۆری دوو جۆر حزب ڕۆڵ دەگەێڕن.

١- حزبی ئالیگاری.

٢- حزبـي پارێزگـاران. جیـاوازی ئـەم دووانــەش: لەیەکەمیانــدا دەســەڵات لەدەســت هەنــدێك ســەرمایەدارو ســەرانی ناوەنــدەکانی مەزهــەبی و کــۆلاك و بەڕێوەبــەرانی کۆمپانیا گەورەکان و...هتد، دایە. لەدووەمیشیاندا هـەموو ناوەنـدو ڕێکخراوەکـانی ژنـان و کرێکـاران و لاوان و...هتـد، پەراوێز دەخرێن.

پـۆڵ سیمۆند (paul Sigmund) سیستمی سیاسـی وڵاتــە دواکــەوتووەکان بەســەر ســێ بەشــدا دابەشــدەکات: حــوکمڕانی کــۆنی پارێزگــاران، حــوکمڕانی ڕیفۆرمخــواز. حــوگمڕانی ڕادیکـاڵی. دیـارە حزبـە کلاسـیکیەکان نـاتوانن خۆیــان لەگــەڵ پێشــکەوتنە کۆمەڵایــەتی و ئابووریــەکانی سەردەمدا بگونجێنن.

حزبـە دەسـەڵاتدارەکانی وڵاتـە دواکـەوتووەکان بەگشـتی لەســەر چـوار بنـەمان: ڕەوشـی سۆسیالسـتی و دیموکراسـی لیبراڵــی کلاسـیکی و تۆتالیتــاری و دەســەڵاتخوازی. جــۆری حزبــەکان لــەوڵاتانی دواکــەوتوو، جیاوازیــان هەیــە لەگــەڵ حزبەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان، چونکە ئەو وڵاتانە زیاتر فرەنەتـەوەو فـرە مەزهـەب و زۆرینـەی حزبەکانیشیان لەسـەر ئەم بنەمایانە دروستبوون.

پێویستە حزب جگەلە پەیڕەوی پرەنسیپەکانی بیرۆکـەو بۆچوونەکانی سـەردەمیش لەبەرچاو بگرێت. بەشێوەیەکی زانســتی ئیــدارەی دۆخــی کۆمەڵایــەتی و سیاســی ئــەو هەلومەرجەی هەیە بەڕێوەببات. دیارە کارگێڕی حزب زیاتر

پەیوەندی بەکەسانی پرۆفیشناڵو خاوەن ئەزموونەوە هەیە، نەك تەنها کادیرانی حزبو ئەو بڕیارانەی سەرکردایەتی- یان مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە کەلەسەری ڕێکدەکەونو دواجار بەبێ لێکدانەوەی ئەکادیمیو لێکەوتەکانی، بڕیار دەدەن. یەکێ لەبنەما گرنگەکانی مانەوەو بەهێزبوونی حزب بریتییە لەگرتنە بەرچاوی بارودۆخی کۆمەڵایەتیو ئابووریو گۆڕانکارییە سیاسیو ئابوورییەکانی ناوخۆو دەرەکیو خوێندنەوەی پێشوەخت بۆ پێشهاتەکان. لەم سەردەمانەدا ئەو پێناس و ڕەوشەی حزبی کلاسیکی نەماوە کەحزب ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو پرەنسیپو ڕیزبەندی لێپرسراوێتیو...هیتری هەبێتو بگوترێت ئیدی ئەوە ڕێبازی حزبە، نەخێر حزبی مۆدێرن دەبێ بنەمای جیاواز لەجارانی هەبێت، ئیدی حزب دەبێ هەوڵبدات خۆی بگۆڕێت- یان بەلانی کەمەوە خۆی لەگەڵ سەردەمدا بگونجێنێتو بەپێی پێویست- یان تەریب بێت لەگەڵ سەردەمو شێوازی بیرکردنەوەی زۆرینەی جەماوەر، نەك وەك ڕابردوو تاکەکانی جەماوەر ڕامبکاتو لەڕێگای ئەندامیان لەحزبو کۆبوونەوەو باسکردن لەئامانجو ئایدیۆلۆژیاکەی ژمارەی لایەنگرانی زیاد بکات.

(تەنانەت هەندێك لەسیاسەتمەداران پێیانوایە لێرەودوا حزبی مۆدێرن پێویستی بەکۆبوونەوەی حزبو ئایدیۆلۆژیای دیاریکراو و ئابوونەدانو...هتد، نییە، چونکە ڕاستەوخۆ دەتوانرێت حزب ئەو پەیامانەی هەیەتی لەڕێگای

ڕاگەیاندن و کۆڕو کۆبوونەوە جەماوەریەکانەوە بیگەیەنێتە هاولاَتیان.)

سەیرنییە گۆڕانکاری سیاسی، ئابووری، کۆمەلاَیەتی ناوخۆ- یان گۆڕانکاریێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی کاریگەری ڕاستەوخۆی باش- یان خراپ بکاتەسەر حزبێك. دەمانەوێت بلێین ئەگەر حزبێك ئیدارەی سیاسی دروستی نەبێت، هەمیشە مەترسی لەسەرە. بۆنموونە: لەکوردستان حزبمان هەیە ئێستاش لەسەر ڕەوشی سەردەمی شۆڕش کاردەکات و پێیوایە ئەمە وزەی مەعنەوی دەدات بەجەماوەر، ئەوەی لەبیر کردووە نەوەی تازە زۆر گرنگی بەو ڕۆژگارە ڕابردووە نادات، جا ئەگەر سەروەری گەورەشی لەمێژوودا تۆمار کردبێت. کەمێژووی ڕووداوێك- یان سەردەمێکی دیاریکراو زۆر دووبارە بۆوە، ئیدی خەسڵەتی حکایەت و بیرەوەری وەردەگرێت. تەنانەت ئەگەر بگوترێت: شۆڕشی ڕزگاری نەتەوەیی لەکوردستانی باشوور خەڵك کردی و ئەو سەروەریە بۆجەماوەری کوردستان دەگەڕێتەوە، بەهەڵەدا نەچووین. بەلاَم نابێ ئەوەشمان بیر بچێت، حزبە شۆڕشگێڕەکان تەواو رابەرایەتیان کردووەو بوونە داینەمۆی راپەڕنەکان.

بوونی پلانی ستراتیژی حزب هەمیشە ئەو حزبە لەمەترسییەکان دەپارێزێت، پێشبینی و بەرچاوڕوونی بۆ دۆزە بنەڕەتییە درێژخایەنەکان و ئەو ئامانجانەی حزب کاری بۆدەکات دەخاتەڕوو، ڕوونیدەکاتەوە.

ڕاسته هەموو ئەندامانی حزب لەدەوری یەك ئایدیۆلۆژیاو ئامانج و بەرنامەیەك كۆبوونەوە، بەڵام ئەمە بەومانایە نییە دەبێ تەنها لێپرسراوانی باڵای ئەو حزبە بەپێی شێوازی بیركردنەوەی زۆرینەیان بڕیار لەشێوەی بەڕێوەچوونی حزب بدەن، بەڵكو باشتروایە ستراتیژی حزب دابڕێژرێت و پەیڕەوبكرێت، هەروەها ئەو پلانی ستراتیژیەی حزبیش مەرج نییە تەنها ئەندامانی ئەو حزبە دایبڕێژن، بەڵكو واچاكە بانگهێشت- یان داوا لەكەسانی پرۆفشینالی بوارەكانی كۆمەڵناس و ئابووریزان و سیاسەتمەدارو...هیتر بكرێت، بۆئەوەی كادیرە باڵاكانی حزب بەهاوبەشی لەبیرۆكەو بۆچوونەكانیان ستراتیژی پەیڕەوی حزب داڕێژن، واچاكە زۆرینەی كات داڕشتنی ستراتیژیەتی ماوە كورت- یان مامناوەندی هەبێت، بەپێی بارودۆخ و پێشهاتەكان.

كاسباف بیرگ. پێیوایە:(دانانی پلانی ستراتیژی یاریدەی حزبە سیاسییەكانە بۆگەیشتن بەو ئامانجەی دەیانەوێت. هەروەها دانانی نەخشەی كاری پێویست بۆ بەهێزكردنی توانا دامەزراوەییەكانی لەئایندەدا.)[1] یەكێك لەبنەما گرنگ و پێویستیەكانی حزبی مۆدێرن ئەوەیە، پلانی ستراتیژی لۆژیكی هەبێت- بەجۆرێك لەگەڵ بنەڕەتی دیموكراتیەتدا بێتەوە، بەگرتنەبەرچاوی بارودۆخی ئەو

[1] ـ التخطيط الاستراتيجي للاحزاب السياسية. الموسسة الدولية للدموقراطية والانتخابات. ٢٠١٩ ص١٤

کۆمەڵگایـەی ئـەو حزبـە دەیـەوێت تێیـدا گەشـە بکـات. بەدڵنیاییەوە ئامانج و پەیڕەوی حزبێکی ئەوروپای خۆرئاوا جیاوازە لەگەڵ حزبێکی وڵاتێکی دواکەوتوو.

بۆنموونـە: حزبـەکانی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت بـۆ وروژانـدن و زیـادکردنی جەماوەرەکـەیان- یـەکێك لەتـەوەرە سـەرەکیەکانی وەك ئـامڕاز بەکاریـدێنن ئەوەیـە: ئاسایشـی وڵات دەکەوێتە مەترسی، ئەوان پارێزەری نیشتمان و...هتد.

دەربارەی بوونی ستراتیژی حزب لەڕووی ڕێکخستنەوە ئەگەر بەشێوەیەکی باش داڕێـژرابێت ئەوا دەتوانرێت ئەو حزبـە بـەخێرایی خـۆی لەگـەڵ گۆڕانکارییـە چاوەڕواننەکراوەکاندا بگونجێنێـت، ئەمـەش بـەو مانایـەی زووتر درك بەوە دەکات- یان توانـای ئەوەی دەبێت بزانێت خـاڵی لاوازو خـاڵی بـەهێزی حـزب لەکوێدایـە، بۆنموونـە: لەکاتی هەڵبژاردنەکانـەدا. تەنانـەت بوونی ڕێکخستنی باش دەتوانێـت کاریگـەری زۆری لەسـەر بەرئـەنجامی باشـی هەڵبژاردنەکان هـەبێت بۆ بەرژەوەنـدی ئـەو حزبـە، (مەبەست لەڕێکخسـتنی جـەماوەریی حزبییـە.) ئەمـە جگەلـەوەی ڕێخۆشـکەرو ئاسـانکاری بۆبەسـتنی کـۆنگرەی حـزبیش دەکات. دەتوانێت ئامانج و بیرۆکە سیاسییەکانی بەئاسانی بگەیەنێتـە جـەماوەرو کاریگـەریان لەسـەر جێبهێڵێـت. کـەحزبێك خـاوەنی پـلان و ئیـدارەی سـتراتیژی بـوو، ئـەوا لەبەسـتنی هاوپەیمانیەکانیشـدا سـەرکەوتوو دەبێـت، دەتوانێـت کـۆنترۆڵی هاوپەیمانیـە مـاوەکورت و مـاوە

درێـژەکانیش بکـات، کـارە لەپێشـینەکانی حـزب بزانێـت و کاریان لەسەربکات. چەمکی بوونی پلانی ستراتیژی لەڕووی ڕێکخستنەوە دەتوانێت کۆنترۆڵی کادیرو لێپرسراوانی حزب بکات، بەو مانایەی ڕێگربێت لەگەندەڵی و بڕیاری سەربەخۆ و دروسـتبوونی سـەرکردەی تـاکڕەو و کـەرتبوونی حـزب. بـەجۆرێك ئـەو حزبـە لەسـەر ڕێبازەکـەی خـۆی بمێنێتـەوەو ڕەنگڕێـژی ئاینـدەی بکـات و بەرژەوەنـدی تایبـەت نەکەوێتـە سەروی بەرژەوەنـدی حزب. هـەموو کـادیرو ئەنـدامێکی ئـەو حزبـە هەسـت بەبەرپرسـیارێتی بکـات لەبەرامبـەر ئـەو لێپرسراویەتیەی پێی سپێردراوە.

دیارە پابەنـدبوون بـەپلانی سترارتیژی زیاتر دەکەوێتـە ئەستۆی لێپرسـراوانی بـاڵای حـزب بۆجێبـەجێکردنی، بـەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کادیرانی حزب و ئەندامەکان بەشداری تێدانەکـەن، بـەڵکو بـەپێی دسـپلین و ڕەوشـی گرتنەبـەری ستراتیژیەکە- دەبێ ئەمانـە لـەڕێگای راوێـژو ڕا وەرگرتنیـان بەشداری تێدابکـەن. چـەمکی سـتراتیژیەتی حـزب تـەنها بـۆ بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان نییـە، لەهەڵبژاردنەکانـدا. بەمانایـەکی دیکـە: تـەنها بـۆ زیـادبوون و ڕەزامەنـدی ڕای گشتی و لایەنگرانی حزب نییە، بەڵکو بۆ پتەو هێشتنەوەو یەکگرتویی ئەو حزبەش گرنگی خۆی هەیە.

واتـا: حـزب لەونەخۆشـیانە دەپارێزێـت کەبـەهۆی تـاکڕەوی و گەنـدەڵی و بێسـەرو بەرەیـەوە توشـی دەبێـت. گرتنەبەری ئەو ستراتیژیەتە یاریدەر دەبێت بۆ ئیدارەکردنی

ڕێکخستن لەناو حزبدا، دەبێتەهۆی پاراستنی بەرژەوەندی ئەندامەکانی بەگشتی و مانەوەی حزب بە بەهێزی.

نموونە: ئەگەر حزبێك ڕێکخستنی تۆکمە بێت، ئەوا ئەو ڕیفۆرمە دەستوری و قانونیانەی کەدەوڵەت دەیانکات، زۆر کاریگەری خراپیان لەسەر ئەو حزبە نابێت، تەنانەت گۆڕانکاریەکانی ناوخۆ و دەرەکیش کاریگەریان کەم دەبێت. دەبینین لەکوردستان حزبی تازە دروستدەبن و حزبی کۆنی خاوەن مێژووی دوورو درێژ لاواز دەبن، زۆر هۆکار بۆئەمە هەن، بەڵام ئەوەی مەبەستمانە ئاماژەی بۆبکەین ئەوەیە: سەرهەڵدانی حزبی تازە (ئەگەر دەستی دەرەکی لەپشتەوە نەبێت) بەهۆی ئەوەوەیە ئەو حزبانەی جاران بەهێزو ئێستا لاوازن، توشی نەخۆشی بوونەوە.

یەکێك لەو نەخۆشییە کوشندانەش نەبوونی پلانی ستراتیژیە- لەئیدارەی ڕێکخستنی حزبەکەدا. ڕاستە بیرو باوەڕی ئەندامانی حزب دەگاتە ئاستێك ئەو کەسانە بەپەرۆشبن بۆ ئەو حزبەو نەتوانن دەستبەرداربین، بەڵام کاتێك حزب لەپرەنسیپەکانی خۆی لابداو پلانی ستراتیژی و ڕێکخستنی پتەوی نەبوو، ئیدی ئەندامە دڵسۆزەکانی ئەو حزبە دەکەونە بەردەم سێ ڕێگا- یان وازهێنان لەو حزبە- یان هەوڵدەدەن لەو حزبە جیاببنەوەو حزبێکی دیکەی هەڵگری هەمان ئایدیۆلۆژیا دروستبکەن- یان هەوڵی چاککردنی ئەو حزب دەدەن. ئایندە ئەو مێژووەیە کەئێستا

تێیدا دەژین و هیچ کاتێکیش بیرۆکە نابنە هێزێکی واقیعی، ئەگەر بەپراکتیکی کاریان بۆ نەکرێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە کوشندەی توشی حزبێکی گەورە دەبێتەوە، دەبێ ڕیفۆرم و گۆڕانکاری لەهەموو ئۆرگان و ڕەوشی سیاسیەکەیدا بکرێت.

گۆڕانکاری بنەڕەتی لەپەیڕەوی ناوخۆیی و ڕێڕەوی ئایدیۆلۆژیاکەیدا بکرێت، هۆکارە نێگەتیڤەکانی دەرەکی و ناوخۆییەکان بدۆزێنەوەو بابەتیانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. لەمانەش گرتنەبەرچاوی سەردەم و ئاراستەکانی سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتی. وڵاتانی جیهانی سێیەم (باشوور) گرفتە ناوخۆیەکانیان بەجۆریك دژەیەك و زۆرن چارەسەرکردنیان هەوڵ و کۆششێکی بەردەوامی دەوێت، بۆ زاڵبوونیش بەسەر ئەو کێشانەدا پێویستیان بەدارشتنی بنەمای مۆدێرن و دەستوری بنەڕەتی هاوچەرخ هەیە.

بەچاوپۆشی لەهەندێك گەندەڵی سیاسی و کارگێڕی ناو حزب، ئێستا لەکوردستان حزب هەیە ستراتیژیی سیاسی وەك کۆمپانیایەك گرتۆتەبەرو لەسەربنەمای خواست و خستنە ڕوویە: حزب + ڕای گشتی + ڕاگەیاندن، سەرئەنجام گەیشتن– یان بەشداربوون لەدەسەلآت. بەلآم وەك دەڵێن: دروستکردنی خانوو بەوشکە کەڵەك بەرئەنجامی ڕووخانە. دەمانەوێت بڵێین: حزبی ڕاستەقینەی خاوەن پرنسیپ و بیروباوەڕ، کۆمپانیا نییە ڕۆژێك بێت مایەپوچی خۆی

ڕابگەیەنێت، ئامانجی فریودانی جەماوەربێت و لەگۆشەنیگاو قازانج و زەرەد سەیری ئامانجەکانی بکات. دیارە لەڕووی دیپلۆماسی و پەیوەندییە ناخۆییەکان پەیڕەو گرتنەبەری ئیدارەی ستراتیژیی سیاسەتی حزب نابێ زۆر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیاکەی بکەوێتەسەر، بەڵکو دەبێ لەسۆنگەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەیر بکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بۆنموونە: ئاساییە حزبێکی قەومی هاوپەیمانێتی لەگەڵ حزبێکی چەپدا بکات- یان حزبێکی مەزهەبی لەگەڵ حزبێکی مۆدێرنی باوەڕدار بەدیموکراسی و خەباتی پەرلەمانی بکات، بەمەرجێك نەگاتە ئەو سنوورەی ڕای جەماوەری ئەو حزبە بخاتە ژێر پرسیار- یان متمانە بەو حزبە کەمبکاتەوە. واتا: پرسی بیروباوەڕی ئایدیۆلوژی و هاوپەیمانێتی ستراتیژی تاکتیکی، تێکەڵاو نەکرێن.

چارەسەرکردن و کانگای زاڵبوونیش بەسەر ئەمەدا پەیڕەوی بەهێزی ڕێکخستنی حزبە. زۆرینەی حزبەکانی کوردستان ئەو لایەنەیان فەرامۆش کردووە کۆمەڵناس و کەسانی بەتوانای ئەکادیمی بواری سایکۆلۆژی ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لەزیادکردنی ڕای گشتی حزب، کەسێکی شۆڕشگێڕی سیاسی نا ئەکادیمی کەمتر دەتوانێت بەشێوەیەکی لۆژیك و زانستی، پەی بەم سەردەمەمان ببات و بتوانێت وەك سەردەمانی شۆڕش کاریگەری هەبێت، چونکە قۆناغی شۆڕش زۆر جیاوازە لەم سەردەمەمان. ئەمە جگەلەوەی ئەوەی ئەم لەسەری پەروەردە بووە، سەردەمێکی

ڕابردووە، کار لەسەر ڕەوشێك دەکات بەسەرچووە، لەوانەیە لەمڕۆماندا کەسێکی وەك (تالێران) بێنیت هاوتای کەسێکی دیپلۆماتکاری ئەمڕۆ سەری لەسیاسەت دەرنەچێت.

گوتنی ئەمە بەو مانایە نییە ئەوانە بەکەم– یان نەزان سەیربکرێن، بەڵکو بەومانایەیە لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانی سەردەمەکان، ڕەوشی سیاسی و کۆمەلایەتیش دەگۆڕدرێن.

کەحزب بوو بەو ئامانجەی نیازی ناڕەوای لەپشتەوەبێت و خۆی لەخۆیدا مانا پەیدا بکات، ئەوا حزب مانا بەهەموو شتێك دەدات کەکاری ئەویش نەبێت.

دوای قۆناغی شۆڕش هەندێك حزب دەبنە پراگماتیستی، لەوکاتەدا حزب دەبێتە ئامرازێك بەپێی عەقڵی کەسە لێپرسراوەکانی سەردەمی شۆڕش بەڕێوە دەچێت، لەکاتێکا حزبی شۆڕشگێر دوای سەرکەوتنی دەبێ ریفۆرمی بنەڕەتی لەئۆرگان و بەرنامەکەیدا بکات، دەبێ حزب درك بەگۆڕانی مێژوویی بکات، لەهەمان کاتدا سیاسەتکردنی بەبێ حزب، سیاسەتکردنی بێ سیاسەتە تەنها پەرچەکرداری هەڵچوونە.

(دیارترین نموونەی بنیادنراوی ئاشکراو قانونی، هێزی یاسادانانی حزبەکانە و بەهۆی بەرەوپێشچوونی سیستمی سیاسی، بەتێکەڵ لەگەڵ یەکتریدا دیاردەکەون.)(١)

---

[١] ـ سید حسن زادە. نوسازیو دیگرگونی سیاسی. تهران نشر سفیر ١٣٦٨ ص٩٥

لـەخۆرئاوا حزبـە سیاسـییەکان پێبـەپێ دروسـتبوون، سـەرەتا حزبـەکانی ئەرسـتۆکراتو پارێزگـاران دواتـر حزبـە لیبراڵەکانو دوای ئەمانەش حزبە سۆسیالیستەکان.

ئوتۆکر شهایمر: ئاماژە بەچوار مۆدێلکی حزبی دەکات، ئەوانیش: حزبی بۆرژوازی، لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی تاك. حزبـی چـینایەتی. حزبـی مەزهـەبی و حزبـی بـەرەیی. بـەڵام لەکوردسـتان حزبـی چـەپڕەو، دواتـر نەتەوەیی و...هتـد، پەیدابوون. لەکاتێکا حزبە چەپڕەوەکانی عێراق و کوردستان کەمتازۆر نەیانتوانیوە کۆمەڵگای کوردی لـەرووی سیاسی و کۆمەڵایـەتی بەرەوپێشـببەن، تـەنها وەك مـۆدێلێکی بـاو دیارکـەوتوون و هـیچ سیاسـەتێکی سـتراتیژیو تەنانـەت کاریگـەری راسـتەقینەی ئایدیۆلۆژیشـیان جێنەهێشـتووە. فـرانتس فـانون: پێیوایـە:(سـەرەتای تـازە لەمێـژوودا، پەیدابوونی جۆری تازەی مرۆڤە.)[1]

دوای هەرەسهێنانی یـەکێتی سۆڤێتو سـەرهەڵدانەوەی دیـاردەی بـەجیهانیبوون بەشێوەیەکی لـەگوڕ حزبـە چـەپ و سۆسـیالً- دیموکراتـەکانو ناسیۆنالیسـتەکان کەوتنـە دابڕانو نامۆ بوون لەجەماوەرو لەحاڵەتی سروشتی خۆیانـدا نەمانەوە. بەو مانایەی نەیانتوانی ڕەوشێکی تازە بگرنەبەر، کەلەگـەڵ ئـەم واقیعـە تازەیـەدا بگونجێـت. ئـەم نـامۆ بوونـە

[1] - كتاب: دوزخيان زمين: نوشته: فرنتس فانون. ترجمه: محمود رياضي. انتشارات تيراژه ١٣٦٣ ص٢٣٢

بەهۆی کەموکوڕی– یان خراپی ڕێبازو ئایدیای ڕۆشنبیری و تێنەگەیشتن لەباوەڕی مارکسیستی لەلایەن لێپرسراوانی حزبە چەپەکانەوە بوو. چەپی ئەمڕۆ پێویستی بەدووبارە داڕشتنەوەی ڕێکخستن و کارکردن بەسیستمی دیموکراسی و ڕۆحی زانستی و تەکنۆلۆژیا هەیە. مانەوەی چەپەکان بەدەق گرتوویی و پشت بەست بەئایدیۆلۆژیا و ڕەوشی کۆنی حزبایەتی، بەرەو دابڕانی زیاتریان دەباتەوەو جەماوەریان نامێنێت.

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، واچاکە حزبەکانی کوردستان خۆیان لەگەڵ سەردەمی تازەدا بگونجێنن، لەمانەش:

١– حزب پێداچوونەوەو ڕیفۆرم لەکاری حزبیدا بکات و گۆڕانکاری لەئامانجە لاوەکیەکانیدا بکات.

٢– گرنگیدان بەکۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی.

٣– لایەنی ڕاگەیاندن و لەوێشەوە گەیاندنی پەیامەکانی حزب بەجەماوەر.

٤– پرەودان بەبواری ئابووری و خزمەتگوزاری، لەپێناو خۆشگوزەرانی هاولاتیان.

٥– پەرەدان بەپەیوەندیەکانی نێوان حزب و ڕێکخراوە ناحکومی و سەندیکاکان و....هتد،

٦–دامەزراندنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی.

هەندێك حزبی کوردستان هەر لەسەرەتای

دروستبوونیانەوە پەیڕەو بەرنامەی حزبیان نەگۆڕاوەو لەسەر هەمان ڕەوشە کۆنەکەی سەدەی ڕابردوویە، پەیکەری حزب لەسەر بنەمای: ئەندامو لێپرسراوی شانەو لێپرسراوی ناوچەیەكو...هیترەو بنیادی حزب بەشێوەی قوچەکییە. بەڵام دەبێ حزبی مۆدێرن لەم ڕووەوە شێوازەکەی بگوڕێت بۆ دامەزراوەیی، واتا: بەشێوەی دامەزراوەیی مامەڵە لەگەڵ کاروباری ناوخۆیی حزبدا بکات.

ئەو حزبانەی لەسەر بنەمای بەرەیی، فرەلایەنی بنیادنراون ئامانجیان گرتنەدەستی دەسەڵاتەو گۆڕانکاریکردنە لەبنەماکانی کۆمەڵایەتیو دەیانەوێت تاکەکان بێ چەندوچون ملکەچی ئەوانبن. ئەوەی حزبە کلاسیکیەکانی ئێمە لەسەردەمی شۆڕشی چەکداریی لەڕووی جەماوەریەوە بەدەستیانهێناوە، لەدنیای واقیعی ئەمڕۆی سیستمی دیموکراسیدا بەئاسانی لەدەستیان دەچێت، چونکە جگەلەوەی پەیڕەوی حزبایەتیان ناگۆڕن، تەواو پشتبەستن بەکادیری حزبی، لەکاتێکدا کەسایەتێکی ئەکادیمی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیرو...هتد، دەتوانن زۆر لەو کادیرە کۆنانەی ناو حزب زیاتر ڕۆڵبگێڕن، چونکە ئەمانە ڕۆڵەی سەردەمو نەوەی خۆیانن و لەگۆشەنیگای حزبایەتیو ئایدیۆلۆژیاو پەیڕەوی حزبەوە سەیری کۆمەڵگا ناکەن.

بەهۆی هەژموونو کاریگەریی دیاردەی بەجیهانیبوون زۆر لەحزبو بزوتنەوە ئایدیۆلۆژیەکان کەوتوونەتە

پاشەکشەو لاوازبوون، ئەمەش بووەهۆی بەهێزبوونی دامەزراوە مەدەنییەکان. کاریگەریی ئەمانەی دوایی لەبەرگریکردنیان لەمافی تاکەکەس لەڕووی سیاسیی و ئابووریی و فەرهەنگیی، زیادیکردووە. دوور لەدروشمی ئایدیۆلۆژی حزبەکان کەهیچ یەك لەم کێشانەیان پێچارەسەر ناکرێن. ئەمانە لێکەوتەی ئەوەیان بەرهەمهێنا جەماوەر باوەڕی بەحزبەکان کەمبێتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دامەزراوە مەدەنییەکان ناتوانن (بۆ پشتگیری حزبەکان) ڕۆڵی سیاسی تەواو بگێڕن. بەو مانایەی ئیدی ڕۆڵی حزبی ئایدیۆلۆژی باوەڕی پڕاگماتیکی تێدەکەوێت. لەبری بوونی ناوەندێکی دیاریکراو، پەیوەستبوونی ئەندامانی حزب بەبنەمایەکی ئایدیۆلۆژی. بەدەربڕینێکی دیکە: لەبری ئەوەی حزب تەنها دەستەیەك سیاسەتمەدار بەرهەمبێنێت، دەبێ کار لەسەر زیادکردنی جەماوەرەکەی بکات.

بۆنموونە: لەکوردستان بینیمان بزوتنەوەیەکی دیاریکراو لەماوەیەکی کەمدا جەماوەرێکی زۆر لایەنگریانکردو دووەم ڕێژەی کورسییەکانی لەپەرلەمانی کوردستان بەدەستهێنا، ئەم بزوتنەوانە لەبواری سیاسەتدا پێیان دەگوترێت گروپی سیاسی دیدی هاوبەش و حزبی هەڵبژاردنەکان.

ئەمانە کۆمەڵێك سیاسەتمەداری نارازیبوون لەحزبەکان و سەرکردایەتی کۆمەڵێك کەسی کادیری وەلانراو

كەسانی رۆشنبیرو کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانیان کرد، لەوێشەوە سەرکردایەتی جەماوەریانکردوو کەوتنە ڕکەبەرێی سیاسی لەگەڵ حزبە کۆنەکانی دیکەدا. ئەوجۆرە بزوتنەوانە نەڕاستو نەچەپو نەناسیۆنالیست...هیترن، بەڵکو هەڵتۆقیوی هەلومەرجێکی دیاریکراوی سیاسیو کۆمەڵایەتینو ناتوانن بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بمێننەوەو بە بەسەرچوونی کات ئامانجو شوناسی خۆیان دەگۆڕنو هەوڵدەدەن پەیڕەوی حزبی تایبەت بەخۆیان داڕێژن. (ئەمە پێشتر لەبەشی جۆرەکانی حزبی سیاسی باسمانکردن) یان دەبینین دامەزراوەی مەدەنی بەشێوەیەکی باش کاریگەری لەسەر جەماوەر جێدەهێڵنو دەتوانن ڕۆڵی گەورە بگێڕن.

حزبە سیاسییەکان بەپێشکەشکردنو خستنەڕووی پرۆژە خزمەتگوزاریو ستراتیژیەکانیان هێزو دەسەڵاتی خۆیان لەناو خەڵکدا زیاد دەکەنو لەوێشەوە دەسەڵات دەگرنە دەست. ڤێبر میخلر: سیاسەتناسی ئەڵمانی. لەکتێبەکەی خۆیدا لەژێر ناونیشانی: (حزبە سیاسییەکان) دەڵێت: (حزب زیان بەیەکگرتوویی میللی دەگەیەنێت. بۆنموونە: لەسیستمی فرەحزبیدا ململانێو دەسەڵاتدارێتی لەنێوان حزبەکاندا ڕەواجی هەیە، لەم ململانێیەدا هەر حزبەو بۆ بەدەستهێنانی هێزو زیادکردنی لایەنگرانی، پەنا بۆ ڕاگەیاندنی فریودەرانەو ئیغراکردن بۆ بەرنامەکانیان دەبەنو خۆیان بەسەرفرازیکەرو شایستەی ڕابەرێتی

دەوڵەت دەناسێنن‌و چالاکی ئەوانی دیکە ڕەتدەکەنەوە. لەم ڕووەوە بوونی حزب لەبنەڕەتدا پەرتەوازەکەرو دژی یەکێتی میللەتە.)

ئەم گوتەیە بۆ وڵاتێکی سیستماتیکی‌و قانون سەروەری راستە، بەڵام بۆ وڵاتێکی دواکەوتوو گومان لەدروستییەکەی هەیە. چونکە وەك گوتمان حزب لەوڵاتە دواتەوتووەکاندا دەتوانێت چارەنووسی نەتەوەکەی بخاتە مەترسییەوە.

حزبەکان تەنها بە بەدەستهێنانی نوێنەرەکانیان لەپەرلەمان کۆتایی پێنایەت، بەڵکو گۆڕانکاریش لەدامودەزگاکانی حکومەتدا دروستدەکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بەسیستمی یەك حزبی‌و دوو حزبی، لەپێکهێنانی حکومەتدا.

حزب لەوڵاتانی باشوور نیشاندەری ئەو واقیعەن کەسەرکردەو کۆمەڵێك ئیلیتی سیاسی زاڵن بەسەر دەوڵەتدا، حکومەتیش پشتبەستە بەدامودەزگاو ئۆرگانەکانی حزب‌و ڕێکخستنەکانی. بەڵام راستیەکە ئەوەیە: (ئەمەکداری خەڵك بەسیستمی دەوڵەت زۆر لەوەگرنگترە شێوازی حکومەت چۆنە. ئەمە بەو مانایەیە رەوایەتی رابەرایەتیکردنی خەڵك‌و دادپەروەری‌و خۆشگوزەرانی گرنگترە لەسیستمێکی توندو تۆڵ‌و کلاسیکی‌و نادیموکراسی.)[1]

---

[1]- فصلنامه مطالعات راهبردي. نوشته: محمد خضري. سال جهارم،

حزبە کلاسیکیەکان کەوتوونەتە بەردەم مەترسی ئەوەی جەماوەرەکەیان لەمەش زیاتر کەمبێتەوە. هۆکاری ئەمانە زۆرن، بەڵام گرنگترینیان دەخەینەروو:

١- گرنگینەدان بەکێشە کۆمەڵایەتیەکان.

٢- بنبڕ نەکردنی گەندەڵی لەدامەزراوەکاندا.

٣- تێنەگەیشتن لەکاریگەری دیاردەی بەجیهانیبوون و لەگەڵ ڕۆیشتنی، بەومانایەی تەریبکردنی سیاسەت و بەرنامەکانی حزبایەتی- هەتا لەگەڵ ڕەوشی بەجیهانیبووندا بێتەوە.

٤- سوربوونیان لەسەر پەیڕەوی دۆگماتیزمی خۆیان.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەی (پەیمانگای دیموکراسی سۆفیا) ئەنجامیداوە (تەنانەت حزبە کلاسیکیەکانی ئەوروپاش رووبەرووی کەمبوونەوەی لایەنگرانیان بوونەوەو لەم (١٠) ساڵەی دوایدا(٢٠٪بۆ ٢٥٪)ی جەماوەرەکەیان لەدەستداوە.) هەروەها بەپێی ئەو راپرسییەی ناوەندی (سیفیبوب)ی فەرەنسی ئەنجامیداوە (١٢٪)ی خەڵك باوەڕیان بەو حزبانە نەماوە.) بەڵام لێکۆڵەری بواری سیاسی بەناوبانگی فەرەنسی (جان دی مونفالۆ) پێیوایە: (حزبە خاوەن هەژموونەکان پێگەی خۆیان لەدەستنەداوە، بەڵام ڕێڕەوی ڕەوشی کلاسیکی دەگرنەبەر لەحزبایەتی کردندا، ئەمەش دەبێتەهۆی تەنگژەی

---

شماره سوم، پاییز ١٣٨٠ ص٣٢٩

کۆمەڵایـەتی، ناوبراو داوا دەکات راستەوخۆ دیالۆگ لەگـەڵ جەماوەردا بکرێت.)

سـەرکەوتوویی حزبـە کلاسیکییە دەق گرتووەکـان وردە وردە لای خـەڵك پشـتگوێ دەخـرێن، لـەکاتێکا تائێسـتاش گرۆتینـی پۆپۆلیسـتی بەشـێوەیەکی بـەرفراوانتر دەچێتەناو کایــەی سیاســی. ئایــا: ئــەم دژە یەکییــە سەرچــاوەکەی لەکوێوەیە؟ ئایا: ڕۆژگاری حزبایـەتی لاوازبووەو ئەو حزبە دەقگرتــووە بەرنامــە نەگۆڕانــە، نــاتوانن کاریگــەری لەســەر جــــەماوەر جێبهــــێڵن؟ نــــاتوانن لەئاســــت خواســــتو داواکاریەکانی هاوڵاتیاندابن؟

پــیتر مــایر: کەیەکێکــە لەشــارەزایانی بــواری زانســتی سیاســی لەکتێبەکــەی خۆیــدا بەناونیشــانی:(کــارگێڕی، هەوڵــدان لەبۆشــایدا) ســەبارەت بەمــەرگی دیموکراســی پەرلــەمانی حزبــەکان– کەدەمێکــە لەئــەوروپای خۆرئــاوادا فەرمانڕەوایــەتی دەکــات. دەڵێت:(هەرچــەندە حزبــەکان وەك جاران بوونیان هەیە، بـەڵام واپێدەچێت دابڕاوبن. کـەمترین پەیوەنــدیان بەکۆمــەڵگاوە نــەماوە. حزبــە هەمــەجۆرە سیاسییەکان لەگـەڵ یەکتریـدا ڕکەبـەرێ دەکـەن، بـەڵام بـەلای خەڵکەوە ئەمە گرنگ نییە، بۆیـەش ئیدی حزبەکان ناتوانن پڕوپاگەنـدەی ئـەوە بکـەن وەك ڕابـردوو هـەڵگری ڕەوشـی سیاسی سیستمی دیموکراسین.) لێرەوە مەترسی ئەوە دێتـە گۆڕێ کـە پۆپۆلیسـتو کەسانی سەرشارو شارەزاو لێزانـی

ناسیاسی وەك ئەڵتەرناتیڤی حزبە سیاسییەكان ڕۆڵ بگێڕن. ئێستا لەچەند وڵاتێكی ئەوروپی وەك: یۆنان و ئیسپانیا دەبینین حزبی پۆپۆلیستی تازە دروستبوون و پێگەی باڵاشیان بۆخۆیان دەستەبەر كردووە.

لەلایەكی دیكەوە دیاردەی بەجیهانیبوون توانای حزبەكان- تەنانەت دیموكراسی پەرلەمانیشی لاواز كردووەو سیاسەتمەدارەكانیشی شێوە پەراوێز كردووە. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئایا: بوونی حزبی سیاسی لەناو دەوڵەتێكی سیستماتیكی قانونیدا پێویستە؟ حزبە سیاسییەكان هەر لەسەرەتای مێژووی دروستبوونیانەوە ڕوو بەڕووی ئەو تەنگژەیە بوونەوە، بەڵام لەڕێگای داڕشتنی پەیڕەو پڕۆگرامی حزب و پشتبەستن بەئایدیۆلۆژیایەكی دیاریكراو، توانیویانە ئەو بەربەست و تەنگژانە كەمتازۆر تێپەڕێنن. زۆرجاریش بەگۆڕینی ئایدیۆلۆژیاو بنەماكانی حزبەكانیان خۆیان لەو ئاستەنگانە ڕزگاركردووە. بۆنموونە: حزبە ناسیۆنالیستەكان بۆ ڕزگاربوونیان لەو تەنگژانە، هەندێك بنەمای ئایدیۆلۆژیان گۆڕیوەو بۆماوەیەكی مێژوویی دیاریكراو بانگەشەی بیرباوەڕی چەپیان كردووە، لەكاتێكا لەبنچینەدا حزبی قەومی و ڕاستڕەو بوون.

دەبینین لەكوردستان حزب هەیە بۆ بەدەستهێنانی زیاتری دەنگی هاوڵاتیان لەهەڵبژاردن، كەمتر گرنگی

بەلایەنی ئایدیۆلۆژی خۆیان دەدەن، ئەمە جاران یەکێکبوو لەو توخمو بنەمایانەی جەماوەری زۆری بۆ ئەو حزبانە دەستەبەر دەکرد، لەمڕۆدا تواناو کارامەیی و دروستکردنی متمانەو گرنگیدان بەبواری خزمەتگوزاری و باشترکردنی بژێوی خەڵك، لەئایدیۆلۆژیا گرنگترە. نموونە: تۆڕەکانی پەیوەندی و زانیاری گەیاندن وایانکردووە هاوڵاتیان کاریگەری- یان کەمتر گوێ بەئایدیۆلۆژیاو سیاسەتەکانی حزبەکان بدەن و بانگەشەی حزبەکان کەمتر کاریگەریان هەبێت. ئایا: لەم سەردەمەماندا پەیامی حزبەکان تەنها ئەوەیە زۆرترین کورسی پەرلەمان بەدەستبێنن- یان ئەرکیان ئەوەیە ڕەوایەتی بەخواستەکانی هاوڵاتیان بدەن و لەوێشەوە بیگۆڕن بۆ پڕۆسەی سیاسی و دواجار بیخەنە خزمەت هاوڵاتیان؟[1] لایەنێکی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەوەیە: یەکەم دەبێ کار لەسەر شوناس بکەن و بتوانن خەڵك وشیاربکەنەوەو جەماوەر بەوە پەرداخ و تەیار بکرێت، بەبەڵگە بیسەلمێنن ئەو حزبە کار بۆ ئامانجە باڵاکان دەکات، دەبێ گرنگی بەشوناسی هاوبەشی گەلەکەمان بدرێت- لەوێشەوە حزب سەنگ و بەهاکانی بۆ بگەڕێندرێتەوە، درك بەوە بکەن پێویستە ڕاو بۆچوونی جیاواز لەیەکتری نزیك بکەنەوە.

(ئیدی ئەو سەردەمە ڕۆیی ئایدیۆلۆژیاو کۆبوونەوەی

---

[1] - لێرەدا مەبەستمان لەبنەمای باوەڕی پۆپۆلیزمی نییە.

حزبی و دروشمی کۆن و ڕێکخستنی حزبی و لەدەرگادانی ماڵان بۆئەوەی ببنە لایەنگری حزبێك.) ئێستا دەبێ پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕای گشتی بۆ حزبەکەت مسۆگەر بکەیت، لەمڕۆدا کادیری حزبی زیاتر لەکەسێکی بێ ئیش دەچێت- ئەگەر نەزانێت شێوازی کارکردنی حزبایەتی گۆڕاوە. دەنا نووسینی ڕاپۆرتی کۆتایی کۆبوونەوەی حزبی فلسێك ناکات.

لەم ڕۆژگارەماندا سیاسەتمەداران ئەوەندە کاریگەریان لەسەر کۆکردنەوەی خەڵك بۆ ئامانجی سیاسی نەماوەو ناتوانن هەستو سۆزی کوردایەتی بوژێنن، (جگەلە سەربەخۆیی کوردستان.) بەومانایەی ئیدی سیاسەت لەسیاسەتمەدارەکان نێوانی پەیداکردووەو ئەمەش بۆشاییێکی لەنێوان حزب و جەماوەردا دروستکردووە.

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو بنەما:

یەکەم: سیاسەتمەدارەکانمان زۆربەیان بەدنیای ئەمڕۆ نامۆن و سەریان لێی دەرناچێت.

دووەم: دیاردەی بەجیهانیبوون سیاسەتی کردۆتە نێودەوڵەتی. بەڵام هەتا ئێستاش سیاسەتمەدارانی ئێمە سیاسەت بۆسیاسەت دەکەن.

وەك چۆن حزب و حکومەتە تۆتالیتارو شۆڤێنیەکانی وڵاتە دواکەوتووەکان- ئابووری وڵاتەکەیان دەکردە قوربانی لەپێناو سیاسەتداو سیاسەتیش لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتەکەیان.

راسـتە گـرفتی خـەڵکی خۆرهـەڵات لەوەدایـە، شـێوازی بیرکردنـەوەی بەجۆرێکـە ئاسـتی مامناوەنـدیی نییـە لـەبیرو باوەڕکەیـدا، هەمیشـە بەشـێوەی ڕەهـایی بڕیـاردەدات. لـەمبارەوە (بۆفالا) دەڵێـت: (خـەڵکی لەململانێکانـدا لایـەنێك هەڵدەبـژێرێت و ئیـدی هـەموو شـتێك بـەژێر ئـەو زەڕەبینـەدا تێدەپـەڕێت.)[1] ئەنـدامانی هـەر حزبێـك وا پـەروەردە دەکـرێن هـەموو حزبـەکانی دیکـە خـراپن، پێویسـتە هەوڵبـدرێت لای خـەڵك ناحـەزبکرێن، ململانێـی نێـوان حزبـەکان بۆتـە بەشـێك لەسیاسەتکردن و ئەو هۆکارەشە کۆمەڵگای کوردی خستۆتە ململانێی هەڕەمەکی. واتا: بەردەوام چارەنووسی گەلی کورد مەترسی گەورەی کەوتۆتەسەر، لەکاتێکا کۆمەڵگاکانی دیکە گۆڕانکاریـان بەسـەرداهاتووە، هـەتا خۆیـان لەگـەڵ دیـاردەی بەجیهانیبووندا بگونجێنن.

بێسـەرو بـەرەیی و گەنـدەڵی نـاو حـزب- تەواوکـەری یـەکترین، ئـەم دووانـەش ڕێگـە خۆشـکەرن بـۆ هەلپەرسـتی، لێرەوە سیاسەتەکانی حزب لەسـەر هێڵـە گشتییەکەی خـۆی لادەدات و ئیـدی متمانـەی جـەماوەر بـەحزب کەمدەبێتـەوە. تەنانەت لـەناو هەندێك حزبدا بڕیـای دەستەجەمعی نـەماوە، هەنـدێکجار سـەرکردەیەکی بـەناو سیاسـی بیرۆکـەی دەم

---

[1] - جـەنگی شـاراوە لەباشـووری کوردسـتان. نووسـینی: کریسـتیان کۆیڤۆنـەن. وەرگێڕانـی: پرۆفیسـۆری ی. د. یاسـین سەردەشـتی. بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان. ساڵی ٢٠١١ ل٩٠

بیرەخــەو و زڕە خەونــەکانی لێــدەبن بــەتیۆری و دەیــەوێت لـەواقیعی حزبەکەیـدا پـەیڕەوی بکـات و خـۆی بەرزگارکـەری حزبەکەی دەزانێت.

فریــدریك ئــەنگلز: دەڵێــت: (ســاویلکەیی منداڵانەیــە کەسێك بیرۆکەی هەڵەشەی خۆی بکات بەبەڵگەی تیۆری.)[1] لێـرەدا نـاوبراو مەبەسـتی لەوەیـە، کەسـێك، لێپرسـراوێکی حزب بەهۆی پێگەکەی جاری واهەیە هەڕەمەکی و بیٚ بوونی بنــەمای زانسـتی و ئــەکادیمی، خــۆی دەکاتــە تیۆرسـت و دەمڕاســتی حزبەکــەی- یــان بــەلانی کەمــەوە خــۆی وادەردەخات، لەکاتێکا ئاستی لێکدانـەوەو خوێندنـەوەی بۆ پێشهاتە سیاسییەکانی ناوخۆیی و هەرێمیش نییە، تەنانـەت ئەو کەسـە بـەڕێزە سانتشۆیانە دەکەونـە حاڵـەتی گومڕایی، بـەجۆرێك وێنـای ئەوەدەکـەن حـزب بـەبیٚ ئـەوان دەکەوێتـە مەترسییەوە.

لـــەم ســـەردەمەماندا کـــەم واهەیـــە شـــپرزەیی و هەڵوەشـانەوەی حزبێـك لەکـەموکورتی بـیرو باوەڕەکەیـەوە سەرهەڵبدات.

(ئەگەر دروستیش بێت مەترسی ئەوتۆی نابێت.) بەڵام مەترسی گەورە لەگەندەڵی و خیانەتکاریەوە سەرهەڵدەدات و دەبێتـە هـۆی هەڵوەشـانەوە- یـان بـیٚ جـەماوەربوونی ئـەو حزبـە. ئەگـەر حزبێك بییـەوەێت چاکسازی ڕیشـەیی بکات،

[1] ـ مرض اليسارية الطفولي في الشيوعية. تاليف: فلاديمير ايليتش لينين. الناشر: دار الدولة للطبع والنشر ـ موسك ص٦

دەبــێ بەرگـــەی مەترســـی جیابوونـــەوەو لاوازی خـــۆی لەماوەیـەکی کەمدا بگرێت، ئینجا دەتوانێت جارێکی دیکە هەڵسێتەوەو ببێتەوە خاوەن جەماوەرو ئەندامو لێپرسراوی پاکو جێگای متمانەی خەڵك بەخۆیەوە بگرێت.

هەنـــدێك کۆنـــە تێکۆشـــەر بـــەجۆش و خرۆشـــن بـــۆ بەجێگەیانـدی ئەرکـەکانی حـزب و زیـاتر ئارەزوویـان بـەلای سیاســـەتدا دەچـــێتو وردە وردە هـــەموو ژیانیـــان لەسیاســـەتکردندا نغـــرۆ و وابەســـتە دەکەنـــەوەو حـــزب سروشـــتی شمـــولی بەخۆیـــەوە دەگرێـــت. ئەمـــە لای لێپرســـراوانی بـــالأی حزبـــەکانی کوردســـتان بـــەروونی دیاردەکەوێت.

لەمەش سەیرتر هەندێك سیاسەتمەداری کلاسیکی ناو حزبـەکانی کوردسـتان کـەخۆیان بەمارکسیسـتی دەزانـن، لەراسـتیدا ئەوانـە زیـاتر وەك فەندەمـەنتالیزمی ئـایینین- سـەبارەت بەئاسـتی تێگەیشـتنیان لەمارکسـییەت. رۆشنبیرترینیان ئەو کەسانەن کەدەستبەرداری ئەو بیرۆکانە نـابن کـەهیچ پەیوەنـدیان بـەواقیعی سـەردەمو کۆمـەڵگاوە نەماوە. وابەستە بەو گۆڕانکاریە زۆرانەی ئەمڕۆمان نین.

ژان ژاك رۆســـۆ. دەڵێـــت: (گەنـــدەڵبوونی کۆمـــەڵگا، لـەفرتوفێڵو نایەکسـانییەوە، سەرچـاوە دەگرێـت.)[1] کەواتـە

---

[1] - تێگەیشـتن لـەتیۆرە سیاسـییەکان. نووسـینی: تۆمـاس سـپراکێنز. وەرگێڕانـی: فەرشـید شـەریفی. لـەبلاوکراوەکانی وەزارەتـی رۆشـنبیری- بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان. ساڵی ٢٠١٠ ل٢٠٨

گەندەڵبوونی حزب تەنها کاریگەری لەسەرخۆی نییە، بەڵکو کۆمەڵگاش بەرەو هەڵدێرو چارەنووسی رەش دەباتەوە.

یەکێك لەمەترسییەکان ئەوەیە: زۆرینەی کادیرەکانی حزب بەرژەوەندیو پاراستنی حزبەکەیان بخەنە خواروی بەرژەوەندی خۆیان.

بنەمای گەندەڵی هۆیەکەی باوەڕ لاوازبوونە بەئایدیۆلۆژیاو پرنسیپەکانی حزبی. بێ خەمی ئەو کادیرانەی ڕەنجیان بەحزبەوە نەکێشاوە، ئەوانەی نەسیاسیینو نەخاوەن ئەزموون، تەنها ڕۆژگار هەلی بۆ ڕەخساندوونو لەڕێگای دەستەگەری- یان بوون بەئەندام پەرلەمان- یان بوونیان لەدامەزراوەیەکی حکومەت- یان هەرشتێك لەوشتانەی کردوونیە کەسێکی ناسراو و بەناو کەسایەتیو بەپشتگیری ئەو حزبەی هاتۆتە مەیدانی سیاسی، ئەم لەخەمی حزبەکەی نییە کەڕەنجی پێوە نەکێشاوەو پلەیەکی بەدەستهێناوەو خۆی تێدا دەوڵەمەند دەکات. ئێمە دەزانین بەزەحمەت لەم ڕۆژگارەماندا کەسانی دڵسۆزی سەردەمانی شۆڕش هەن- کەبەرژەوەندی خۆیان بخەنە خوار بەرژەوەندی حزب، تەنانەت ئامادەشبن قوربانی بەگیانی خۆیان بدەن لەپێناو ئامانجو بیروباوەڕەکانی حزب، بۆیە واچاکە کادیرانی حزب واپەروەردە بکرێن، پێویستە پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان سنووردار بکەن- یان بەلانی کەمەوە تەباو هاوسەنگ بێت لەگەڵ نەریتو پەیڕەوەکانی

حزبو نەگاتە ئەو ئاستەی سنوور ببەزێندرێت. ئەمەش بەو مانایەی حزب سەنتەری لێپێچینەوەو سانسۆری لەسەر کادیرانی هەبێت.

کادیرو دڵسۆزانی حزب ئەو کەسە بێ ئەزموونانە نین کەماوەیەك هەڵدەتۆقنەوەو بەسوڕ ڕۆڵ لەناو حزبێکدا دەگێڕنو دوای ماوەیەك بیردەچنەوە. کادیرو ئەندامانی حزبێك ئەو کەسانەنین لەڕاگەیاندنو ناوەندەکانی حزبی زۆربڵێو خۆدەرخەرن، ئەوانەی ئاستی ڕۆشنبیری سیاسییان لاوازەو پێیانوایە مەیدانی سیاسەت ئەوەیە کەئەم ڕمبازی تێدادەکاتو گوتنی گوتەی بێسەروبەرو خۆبەدەمڕاستزانی خەڵکە، تەنانەت زۆرجار لەناو حزبێکی کوردستانیدا گەیشتۆتە ئەوەی کادیرێك بەناوی حزبەوە بڕیار دەربکات. بەداخەوە بەهۆی لەدەستدانی ناوەندی حزبایەتیو گوێنەدان بەپەیڕەوی حزبی، سیاسەتکردن گەیشتۆتە ئاستێکی ئەوەندە نزمو گاڵتەجاڕی، زیاتر لەدەمە چەقێو گوتەی بێ بنەماو ئەگەرو مەگەری لەڕەشەوە دچێت.

پرنسیپو بنەماکانی سیاسەت وایلێهاتووە کادیری بێ مستوا، پشت بەفاڵگرتنەوەو دەرهاویشتە سایکۆلۆژییە کەسییەکانی خۆیانو ئیلهامی ئاسمانی ببەستن، سیاسەتکردن لەلای هەندێك کەسی هەڵتۆقیوەی ناوحزبەکان، بۆتە قسەی بازاڕیو چەندەها سانتشۆی دروستکردوون. کامانەن سیاسەتمەداری ڕاستەقینە؟

ئـەو حزبـەی دەمڕاسـتی زۆربـوون سـەنگ‌و جـەماوەری نامێنێـت. تێکچـونی بـاری سیاسـی حزبێـك- تێکچـونی ناوەنـدی بڕیـارو ئانارشـیزمی نـاو حزبەکەیـە. ئایـا: ئێمـە لەبەریـەکترازانی حزبێکـی ڕەسـەن دەبیـنین- یـان ئـەوەتا سـەرەتای گـۆڕانی قۆناغێکە بۆ قۆنـاغێکی تـازەی مـۆدێرن- یان گۆڕانن بۆ حزبێکی بنەماڵەیی- یان دابڕانیەتی لەواقیعی سیاسەتی سەردەم؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەمانە زۆر هۆکار هـەن کەکاریگەری گەورە جێدەهێڵن، لەمانەش: خراپـی کارگێڕی. گـوێ نـەدان بەپـەیڕەوی حـزب. ئانارشـیزم. بـێ بـەهایی سیاســەتکردن‌و نــەبوونی ئــەزموونی سیاســی لای زۆر لەکادیرانی ئەو حزبە.

تێنەگەیشـتن لەســەردەم، تێنەگەیشــتن لـەڕای گشـتی جەماوەر، نەخوێندنەوەی سایکۆلۆژیای جەماوەر، نەبوونی چـاودێری‌و لێپێچـینەوە. نـەبوونی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی ســتراتیژی باشــی حزبــی‌و دیــاریکردنی ئاراســتەکەی. سـەبارەت بەمـەی دواییـان جـاران مەکتـەبی سیاسـی هـەر حزبێك داڕێـژەرو ئاراستەکەری سیاسەت‌و بنـەماو ئامـانجی ئـەو حزبـە بـوون‌و کەسـانی لێوەشـاوەو سیاسـەتمەدارو بەئەزموون بوون. ئەو دەستەیە، تەنانەت لەهەنـدێك دەوڵـەتی سۆسیالیسـتیدا داڕێـژەری کاروبارەکـانی دەوڵـەتیش بـوون، بـەڵام لـەوڵاتانی خۆرئاوا سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیژی هەیــە لــەجێگای ئەمــە، ئەوانــەش کەســانی پرۆفیشــناڵ

سەرپەرشتی دەکەن و بڕیارەکانیان لەلایەن دەوڵەتەوە جێبەجێدەکرێن، بەکورتی: لەکوردستان جگەلەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوی ستراتیژی نەتەوەیمان باشنییە– یان دەتوانین بڵێین هەر نیمانە بەمانا زانستیەکەی.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی حزبەکانیش ڕۆڵیان نییەو هەر خەریکی لێکۆڵینەوەیە لەمێژووی گەلی کورد،(تەنانەت هەشبێت گوێی لێناگرن) لەکاتێکا ئەو سەنتەرە گرنگە دەبێ خوێندنەوەی بۆ ئاییندە هەبا، ئاراستەکانی دنیای سەردەمی زانیبان، چارەسەری قەیرانەکانی کردباو...تاد، حزبەکانی ئەمریکا هەریەکەو ئامانجێکی بۆ وڵاتەکەیان هەیەو وەك دەستوری حزب کاری بۆ دەکەن. بۆنموونە: حزبی دیموکراتخوازەکان، ئامانجی سەرەکی ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکایە.

حزبی پارێزگارانی ئەمریکا،: ئامانجی ئەوەیە ئەمریکا هێزی سەربازی لەدەرەوەی وڵات بەکاربێنێت بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسی ئەمریکی لەسەرتا سەری دنیادا. بەڵام لەکوردستان بەزەحمەت حزبێك دەبینی ئامانجەکەی روون و رەوان بێت.

هەندێکجار کادیرێکی حزبی دەبینین لەشاشەیەك قسەدەکات . تەنانەت نەك گوێگر، بەڵکو خۆشی نازانێت چی دەڵێ. بەداخەوە لەسەردەمێکی واکەوتوین سیاسەتکردن بۆتە بازاڕی، حزبایەتیکردن مامەڵەی پێوەدەکرێت. ئایا:

سەردەمی حزبایەتی کۆتایی پێهات- یان مۆدی حزبایەتی گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟ ئایا: لەسەر ئاستی سیاسی حزبەکان کاریگەریان لەسەر جەماوەر کەمبۆتەوە ؟ هۆکاری ئەمە بریتییە لە: بێ توانایی لەسەرکردایەتی کردنی ڕای گشتی جەماوەر. بەهۆی نەبوونی دۆزی باش، کەببێتە جێگای سەرنجی جەماوەرو کاریگەری لەسەر زیادبوونی ڕای خەڵك هەبێت. ئەوکاتەی حزبەکان ئاماجی خەڵکی کوردستانیان وەلانا، ئەوکاتەی ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان چووەناو هاوکێشەکانی بەرژەوەندیو ململانێی نێوان حزبە گەورەکانی کوردستان. ئەوکاتەی سیاسەتکردن کەوتەدەست کەسانی لێپرسراوی بەرژەوند خوازو نەزان، لێرەوە مەترسی نەمانی قەوارەی کوردی دروستدەبێت.

بۆنموونە: لەریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، هەلومەرجی دەرەکیو ناوخۆیی گونجاو نەبوو، یەکگرتوویی حزبەکان نەبوو. ئیرادەی جەماوەر دابەش ببوو، چونکە حزبەکان دەمێکە ئەو ئیرادە شۆڕشگێڕیەی خەڵك هەیبوو تێکشکاندبوو. لایەنێکی گرنگی تریش ئەوەبوو: حکومەتی هەرێم پاشەکەوتی دراوی یەدەکی نەبوو هەتا دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، ئیدارەی دەوڵەتی پێبکات.

حزبەکانی کوردستان لەسەربنەمای پڕاگماتیکیو مەزهەبیو ناسیۆنالیستین، لەڕواڵەتدا دیموکراسیو بەکرداریش پەیڕەوی هەژموونگەری دەکەن، بۆنموونە:

ئەگەر سوپای کوردستان بەبێ بوونی دەستووری تایبەت بەخۆیو لەژێر لەکۆنترۆڵی حزبی یەکبخرێتەوە، مەترسی هەیە بکەوێتە دەست حزبێكو سیستمی دیموکراسی لەبار بباتو دواجار سیستمی تۆتالیتاری لەڕێگای کۆنترۆڵکردنی سوپای کوردستان بێتە ئارا. (بەڵام ئەم ئەگەرەیان جارێ دوورە.)

حزبەکانی کوردستان، بەتایبەت حزبە ناسیۆنالیستەکان خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت بەخۆیان بوون، لێرەدا ئایدیۆلۆژیا بەمانای تێڕوانینی حزبەکان بووە، لەڕێگای پەیڕەوەکەیان ئامانجەکانیان خستوونەتە روو، وەك: سەربەخۆیی کوردستانو ئازادیو...هتد، نەك ئایدیۆلۆژیا بەماناکەی خۆی، ئەمەش وایکردووە ئەو حزبە ناسیۆنالیستانە ببنە خاوەنی جەماوەرێکی زۆرو زۆرینەی هاوڵاتیانی کورد لەسەردەمی شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانیدا لایەنگریان بوون، بەڵام ئەمڕۆ چ لەڕووی بەسەرچوونی کاتو کۆنبوونی جیلی شۆڕشو گۆڕانی سەردەم. وردە وردە ئەو پەیڕەو سیاسەتانە بەهای خۆیان لەدەستدەدەن. بۆیەش دەبینین پڕوپاگەندەی زۆربەی حزبەکان لەهەڵبژاردنەکاندا لایەنی ئابووری بەخۆیەوە دەگرێت.

دەبینین لەکوردستان هەر لەساڵانی (١٩٩٤)ەوە هەتا دوای رووخانی ڕژێمی بەعس، تەنانەت هەتا هەڵبژاردنی

یەکەم پەرلەمانی کوردستانیش، ئەندام پەرلەمانو وەزیرو لێپرسراوانی دیکە کەسانی سیاسیو حزبی ئەو پلەو پایانەیان دەگرتە دەست، نەبەهاو سەروەریەکانی شۆڕشکردنو باوەڕبوون بەبەرنامەی حزبو کەسایەتییە سیاسییەکان ڕەنگیان کاڵ نەببۆوەو لای خەڵك بەهاداربوون، بەڵام ئەمڕۆ کەحزبەکان ئەدگاری کۆمپانیایان بەخۆیانەوە گرتووە، ئیدی ئەو کەسانەی دەبن بەلێپرسراو و ئەندام پەرلەمان، گرنگ نییە ئایا: سیاسیین، شۆڕشیان کردووە، ڕۆشنبیرن، خاوەن ئەزموونن‌و...هتد، ئەوە گرنگە ئەوکەسانە تاچەند لەناو خەڵکدا لایەنگریان هەیەو چەند دەنگ بەدەستدێنن، جا ئەوکەسە بێژەرێکی تەلەفزیۆنی بێت- یان گۆرانی بێژ- یان مامۆستایەکی ئایینی- یان سەرۆك خێڵێكو...تاد.

(بەرنامەو ئامانج کەحزبەکان کاری لەسەر دەکەن، لەڕاستیدا کاڵای سیاسین بۆ کڕیارەکان دەخرێنە ڕوو. حزب دەبێ بەرنامەڕێژی وا بخاتەڕوو جێگای سەرنجی زۆرینەی تاکەکەسەکانی کۆمەڵگا بێتو خواستی لەسەر بێت.)(١) بۆنموونە: بوونی کەسایەتی دیارو خاوەن ئەزموون، بەسەرمایەی مەعنەوی حزب هەژمار دەکرێت. ڕاستە ژیانی حزبایەتی تەنها وابەستە بەهەڵبژاردنەکانو ژمارەی

[1] ـ گراهام. تی. ألیسن. شیوەهای تصمیم گیری درسیاست خارجی. ترجمە: منهوچر شجاعی. انتشارات علمیو فرهنگی ١٣٦٤ ص٨١

کورسییەکانی پەرلەمان نییە، بەڵکو لایەنی زۆری پەیوەندی بەیەکگرتوویی حزبیی و بوونی پەیڕەوی ناوخۆی مۆدێرن و پابەندبوونی ئەندامەکانە بەبڕیارەکانی حزب و ستراتیژیی حزب. حزب لەم سەردەمەمانەدا بەوە بەهەڵەدا دەچێت کەپێیوابێ دروشمەکانی ئایدیۆلۆژیی و ئامانجی نەتەوەیی و شۆڕشگێری و سەرکردەو...هیتد، تاکە شتن و لەسەروی ویست و خواستەکانی کۆمەڵگاوەن و لەوێوە دەتوانرێت دەسەلات بگرێتەدەست، واتا: پێیوابێ ئێستاش سەردەمانی شۆڕشەو دەبێ خەڵك وەك شۆڕشگێڕەکان بیربکاتەوە. (ڕێکخستنی سیاسی کلاسیکی لەڕێگای بەرنامەی حزب و بەرزکردنەوەی دروشمی نەتەوەیی و ئامانجە بالاکان، سیاسەتیان دەکرد. بەپێچەوانەی حزبی هەڵبژاردنەکان، کەئەمڕۆ دەیانبینین.)

سەبارەت بەڕیزبەندی حزبەکانی کوردستان لەڕووی بەرنامەو ڕەوشی سیاسییان دەتوانرێت پۆلێن بکرێن، هەرچەندە لەڕووی زانستی سیاسیشەوە کەمتر لۆژیکی تێدایە، چونکە دەشێ حزبێکی ئایدیۆلۆژی ئایینی بگۆڕدرێت بۆ حزبێکی توندڕەو. حزبێکی میانڕەو بگۆڕدرێت بۆ حزبێکی قەومی- یان حزبێکی قەومی بگۆڕدرێت بۆ چەپێکی توندڕەو...تاد.

لەکوردستان حزبی ئیلیت (نوخبە) نییە، نەحزبی ئیسلامی بێخەوش و نەحزبی چەپی بێگەرد، چەند

حزبێکمان هەن دەقگرتوون و گۆڕانی بنەڕەتیەیان بەسەردا نایەت. وەك: حزبە ئیسلامیەکان و حزبە کۆمۆنیستەکان. حزبی قەومیش وەك دوو حزبە سەرەکیەکەی کوردستان. کەسانی ئەکادیمی و رۆشنبیران پێیانوایە: ئەم دوو حزبە پێگەی جەماوەری گەورەیان هەیە، بەڵام ئەمانە شێوە دەقگرتوون و زیاتر پشتبەستن بەسەرمایەی ڕۆژگارانی شۆڕش و رێکخستن و حزبایەتیکردنی کلاسیکی، کەمتر ئاشنایەتیان بەسیستمی نوێی جیهانی هەیە. نموونەش بۆئەمە ئێستاش کار لەسەر حزبی ناوچەگەری دەکەن و ستراتیژیەتی نەتەوەیی و ئامانجی سەربەخۆییان خستۆتە ژێر پرسیارەوە. حزبە رەسەنەکانی سەردەمی شۆڕشی رزگای کوردستان- لەمڕۆدا ڕۆڵی کەمیان لەناو جەماوەردا ماوەو لەسەردەمی تازە شێوە دابڕاون. ئەمەش پەیوەست بەچەند هۆیەکە، لەمانەش:

١- دابڕان و دوورەپەرێزی لەواقیع و تێنەگەیشتن لەدیاردەی بەجیهانیبوون.

٢- نەگۆڕی لەپەیڕەو پرۆگرامەکەیاندا.

٣- دەقگرتووی ئایدیۆلۆژی.

٤- لاوازی لەبواری راگەیاندن، بەگشتی

٥- لاوازی لەڕووی ئیداری و کارگێری.

(لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا خەڵك ئەمەکداری و لایەنگری حکومەتێکی بەهێزو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکات،

حزبەکانیشـیان ئامـانجی سـەرەکیان ئەمەیـەو دوای ئەمـە حزبایەتی دەکەنو هەوڵی گرتنە دەستی دەسـەڵاتیان هەیـە)[1] بەڵام لەکوردستان شێوە پێچەوانەیە، بەپلە یەك دەسـەڵات گرتنە دەستەو پلە دوو پاراستنی دەوڵەتو ئامانجی بالآیە. واتا: دەتوانین ئەوە بەدی بکەین هاولاتیان خەریکە توشی دابەشـبوونی کۆمەلآیـەتیو ئـابووریو تەنانـەت زمـانو دەمارگیریش دەبنەوە. لەبری ئەوەی ئەمانە چارەسەر بکرێن. ئێستاش حزبە دەسەلآتدارەکانی کورردسستان کار لەسەر زالبوونیـان بەسـەر کۆمـەڵگادا دەکـەن، بـەرێگای زۆرو ناچارکردنی خـەڵك لـەڕووی ئابووریو...هیتـد، ڕێگانـادەن جەماوەر بەشداربێت لەبڕیاردان.

سیسـتمی سیاسـی هـەر وڵاتێـك بـەڕۆڵگێڕانی حزبـە سیاسـیەکانو دامـەزراوەی دەوڵـەتو میـدیاو پـەروەردەو فێرکردن، بەروپێشدەچێت- نەك هەر حزبایەتی کردن. حزب دەبێـت وەك دامەزراوەیـەکی سیاسی سـەیربکرێت، نـەك چارەنووسسـاز، لێکۆڵـەرەوانی زانسـتی سۆسـیۆلۆژی ئەمریکی تائکید لەمە دەکەنەوە: (حزب واتا مرونەو توانای خۆگونجانـدنو ڕێکخستنو یـەکگرتوویی نـاوخۆییو بەهای ئایـدیۆلوژیو بەرەوپێشچـوونی دەوڵـەتو گەشـەکردنی

---

[1] ـ محمد سويدي. علم الاجتماع السياسي. الجزائر ديوان المطبوعات الجامعية ١٩٩٠ ص١٠٥

ئـابووری و کۆمەڵایـەتی.)١ ڕاسـتە حزبـەکانی کوردسـتان لەسـەردەمی گـۆڕانی قۆنـاغی شـۆڕش بـۆ دەوڵەتـداریێتی نـەیانتوانی لـەڕووی کـارگێڕی و مواکەبـەکرردنی سـەردەم سەرکەوتووبن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بارودۆخی سیاسی لاوازبێـت و دواجـار خـەڵك متمانـەی بەحزبـە سـەرەکیەکان کـەمبۆوە، بـەڵام بـەردەوامبوون لەسـەر ئـەو ڕەوشـە کۆنـەو بـەئامانجی وزە لێـوەرگرتن هەڵەیـە، چـونکە گیـانی شۆڕشـگێڕی ئـەوکاتیش هێزەکـەی لەنیشـتمانپەروەری خەڵکی کوردستانەوە بوو، نەك دروستی بەرنامەی حزبەکان. ئـەوە ئینتمـای هـاوڵاتی کـوردە پێوانـەی ئـەخلاقی بـۆ حکـومڕانی بـەکار دەهێنرێـت، بەومانایـەی ئامانجـە پیرۆزەکانی نیشتیمانین.

حزبـی سیاسـی مـۆدێرن ئەوەنـدەی وابەسـتە بەپێشـکەوتنی ئـابووری و کۆمەڵایەتیـە، ئەوەنـدە پەیوەسـت بەئایـدیۆلۆژیاوە نییـە. گەشـەی ئـابووری پەیوەندیـدارە بەگـەورەبوونی حزبـی سیاسـی، بۆیـەش بیرۆکـەی ئاسـتی بەرەوپێشچـوونی ئـابووری و سۆسـیۆلۆژی یاریـدەدەرن بـۆ سیسـتمی دیموکراسـی و دروسـتبوونی حـزب. (بـەمانا مۆدیرنەکـەی) بۆنموونـە: کاتێـك کۆمـەڵگا دیموکراسـەکان

---

١- ئەم لێکۆڵینەوەیە کەسانی ناوداری وەك: جیمس کۆڵمان. جۆزیف لابا لۆمبارا. لوسیان بای. سیدنی فیربا. میرون واینر، سامۆیل هینتینگتون، بەشداریان تێداکردووە. المصدر: جریدة ریاض. العدد ١٣٥٨٧ سنة ٢٠٠٨

بنەمای بەهاکانی یەکسانیو مافی مەدەنیو قانونیو سیاسیان دارشتو پەیرەویانکرد، لەسەر بنەمای پێشکەوتنو بەرفراوانبوونو گەشانەوەی ئابووری بوو، حزبە سیاسیەکانیش وەك چالاکی کۆمەلأیەتی سەریانهەلدا. هەندێك لەبیرمەندان پێیانوایە حزب لایەنێکی کۆمەلأیەتی دیموکراتی شەرعییەو فاکتەری تێکەلأویو یەکانگیری کۆمەلأیەتییە، واتا: ئامرازێکە بۆ پەیوەندی کۆمەلأیەتی تاکەکانی کۆمەلگا. ستاین روکان. پێیوایە:(حزبە سیاسییە هاوچەرخەکان بەهۆی کۆمەلێك کەرتبوونی مێژووییەوە لەدایکبوونو ئەمە بۆتە رایەلەیەك لەمێژووی ولأتانی ئەوروپی.) هەر لەسەدەی نۆزدەوە پێشکەوتنە سیاسییەکان ئەوەیان تۆمارکردووە کە: پێشکەوتنی سیاسی لەسەر بنەمای مێژووی سێ شۆرش بووە.

١- شۆرشی بیروکراسی: ئەمە بووەهۆی ئەوەی بژاردەو جیاکردنەوە لەنییوان دەولەتو کەنیسە، لەنێوان ئایینو سکۆلاریزمی، لەناوەندی رۆشنبیری هەرێمی بێنێتە ئاراوە.

٢- شۆرشی پیشەسازی: بووەهۆی دابەشبوونی کارو پیشەکان، لەنێوان کەرتی کشتوکالیو کەرتی پیشەسازیدا.

٣- شۆرشی نێودەولەتی: تەنها بووە هۆی بازنەی سنترالی. (دابەشبوونی بۆ چەپی سۆسیالستو چەپی ناسیۆسیالست.)[1]

---

[1]- سیاست در عصر ما. ستان روکان، نشره نی- ٢٠٠٢ ص١١٧

جاران نەدەكرا ئایدیۆلۆژیا لەحزب جیابكرێتەوە، بەڵام لەم ڕۆژگارەماندا حزب و ڕێكخراو دەبینن هیچ ئایدیۆلۆژیایەكی دیاریكراو- یان پەیڕەوی ناوخۆشیان نییە، بەڵام خاوەنی جەماوەرێكی زۆرن. جیاوازی نێوان بزوتنەویەكی دیاریكراو كەبەهۆی هەڵچوونی جەماوەریەوە گەورە دەبێت، لەگەڵ حزبێكی خاوەن مێژوو كەبە بەسەرچوونی كات و چالاكییە سیاسییەكانی و پەیڕەو پڕۆگرامەكەی گەورەبووە، هەیە. بۆنموونە: بزوتنەوەێكی سیاسی تازە لەماوەێكی دیاریكراودا خاوەنی جەماوەرێكی زۆر بووەو نەیتوانیوە ئەو جەماوەرە زۆرەی خۆی بهێڵێتەوەو نازانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بكات. ئەزموونی حزبایەتیكردنی نەبووە، هۆكاری ئەمەش ئەمانەی خوارەوەیە:

١- لەڕووی خراپی باری ئیداری.

٢- پلانی سیاسی لاواز.

٣- ئیدارەی كۆمەڵایەتی لاواز.

٤- بێتوانایی لەڕووی پارێزگاریكردن لەڕای گشتی و خوێندنەوەی سایكۆلۆژیای جەماوەری.

٥- كەم ئەزموونی لەگرتنەبەری سیاسەتی پاراستن و درێژەپێدان و...تاد.

بەڕای (رۆكان) (سەرەتای قۆناغی دروستبوونی حزب لەكۆمەڵگایەكدا گرنگی زۆری هەیە، چونكە حزبەكان

ڕەنگدەرەوەو دیارخـەری کەموکورتیـەکانی نـاو کۆمـەڵگان، ئــەو کەموکورتیانــەی بــەهۆی ڕووداوەکــانی مێــژوویی لەکۆمــەڵگادا دروســتدەبن، بــۆ ســاڵانێکی دوورو درێــژ دەمێننەوە.)

لەکوردســتان حزبــە قەومییــەکان بــەپێی گۆڕانکاریــە کۆمەڵایەتیـەکان، ئاراسـتەو بنـەماو پـەیڕەوی حزبـەکانیان گۆڕیــوە، هــەتا بزوتنــەوەو حزبــە چــەپەکانیش بــەپێی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی دروشم و ئامانجەکانیان گۆڕیون. بەڵام ئەو گۆڕانکاریانەی کردوویانن بنـەڕەتی و سـەردەمیانەو روون و ئاشکرا نـەبوون، بەتایبەت لـەرووی بـیرو بـاوەڕەوە، تەنانـەت خۆشـیان پێیـەوە پابەنـد نەبوون. بۆنموونە: حزبمان هەیە بەناوی کۆمۆنیستی– یان سۆسیالیسـتی، کەچـی کەمێژووەکـەی دەخوێنیتـەوە وەك دەڵـێن: فـڕی بەسـەر ناوەکەیـەوە نییـە. حزبـەکانی ئێمـەش بەگشتی تازە ئاشنایەتی لەگەڵ جیهانی دیموکراسیدا پەیدا دەکــەن، بۆیــە دەبیــنین هەنــدێك لــەو حزبانــە بــەهۆی سیاسەتکردنیان لەسەر بنەمای کۆن، توشی گرفت و دابڕان لەجەماوەر بوونەوە.

بـەکورتی سیاسـەتکردنەکەیان لەسـەر بنـەمای زانسـتی سیاســەت نییــەو لەگــەڵ دنیــای تــازەو پرنســیپەکانی دیموکراسی نایەنەوە. جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی حزبێك وەك هەڵچــونێکی کۆمەڵایــەتی دێتــە ئــاراوەو لەماوەیــەکی

کەمـــدا گـــەورە دەبێـــت- یـــان جـــەماوەرێکی زۆر دەنگـــی بۆدەدەن و ئـەو حزبـەش تـەنها پشت بەڕاگەیـاندن و هـاندان و بەلاڕێـدابردنی خـەڵك دەبەسـتێت و پێیوایـە ئەگـەر بەهـەر ڕێگایـەك بێت گرنگ ئەوەیە زۆرترین دەنگ بەدەست بێنن، بێ متمانە بوونی خەڵك بەحزبە کۆنەکان بەو مانایە نییە ئەو حزبـە تازانـە بتـوانن دیماگۆگیانـە درێـژە بـەبوونی خۆیـان و مانەوەی جەماوەرەکەیان بدەن. ڕاستە لەخەباتی پەرلەمانیدا ڕێـژەی دەنگـەکان قورسایی ئـەو حزبـە دیاردەخـات، ڕاسـتە لەســـەردەمی دیموکراســـیدا کـــەمتر بـــەها بـــۆ مێـــژووی شۆڕشـگێڕی حزبێـك و قوربانیـەکانی دادەنرێـت، چـونکە پێوانـە لەسـەر زۆری دەنگدانـەکانی جەماوەرە. نـەوەی نـوێ کـەمتر ئاگـاداری شۆڕشـی ڕزگـاری و حزبـە شۆڕشگێڕەکانە، بـەلای ئـەوەوە خۆشـگوزەرانی ژیـانی ئـەمڕۆی گـرنگترە لـەو مێژووەی کەئەم پێی نامۆیە. هـەروەها مانـەوەی ئـەو حزبانـە لەقاوغـە کۆنەکـەی خۆیانـداو گـیرۆدە بوونیـان بـەڕابردووی خۆیـان، یەکێکە لەکێشـەکانیان. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیـە: ئایا: دەبێ حزب خۆی بگۆڕێت بۆ ئەوەی لەگەڵ سەردەمدا بگونجێت- یان هەوڵبدات جەماوەر بگۆڕێت هـەتا وەك ئـەو بیربکاتـــەوە؟ وەڵامدانـــەوەی ئـــەم پرســـیارە پێچـــەوانەکەی راسـتە، دەبـێ حـزب بگۆڕدرێـت، چـونکە کۆمـەڵگای ئـەمڕۆ کاریگـەی ئەمانـەی خـوارەوەی بەتونـدی کەوتۆتـە سـەر. کەگرنگترینیان بریتییە لە:

١- کاریگەری تەکنۆلۆژیا لەسەر کۆمەڵگا.

٢- گەشەکردنی ئابووری‌و زیادبوونی پێداویستیەکانی ژیان.

٣- بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵك بەگشتی‌و کرانەوەی کۆمەڵگاکان لەگەڵ یەکتریدا.

٤- سەیرکردنی حزب لەلایەن جەماوەرەوە، وەك ناوەندێکی تایبەت بەچەند کەسێکی ئەو حزبە.

لەماددەی (٢)ی بڕگەی (١)ی قانونی حزبە سیاسییەکانی عێراق نووسراوە (حزب- یان ڕێکخراوی سیاسی بریتییە لەکۆمەڵێك هاوڵاتی لەسەربنەمای قەناعەتکردنیان بەبیرو باوەڕێك، ئامانجێکی هاوبەشیان هەیەو هەوڵدەدەن بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیان، هەتا بەڕێگایەکی دیموکراسی دەسەڵات بگرنەدەست، بەجۆرێك دژو پێچەوانەی دەستوورو قانوونە پەیڕەوکراوەکان نەبێت.) هەروەها لەماددەی (٥)ی بڕگەی (١) هاتووە: (حزب لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون دادەمەزرێت‌و نابێ ناکۆکبێت لەگەڵ دەستوور.)[1]. لەماددەی (٦)ی هەمان لاپەڕەدا دەڵێت:(حزبی سیاسی دەبێت پشت بەبنەماکانی دیموکراسی ببەستێت، بۆ هەڵبژاردنی سەرکردەکانی حزب.) ئایا: ئەمە لەناو حزبەکانی کوردستاندا هەیە؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر.

---

[1]- الوقائع العراقية. العدد. (٤٣٨٣) قانون الاحزاب السياسية. رقم (٣٥) لسنة ٢٠١٥ ص٢١

ئەگـەر بـوونی حـزب بـۆ ئامـانجێکی نەتـەوەیی– یـان بەرگریکردن بێت لەهـەژاران و بێدەسـەڵاتان لەبەرامبـەر زاڵم و زۆرداران. (بێهێزەکان لەبەرامبـەر بەهێزەکان) ئەوا ڕەوایـەتی هەیـەو بـەهاداری دەبێـت. ڕاسـتە کـامڵبوونی دیموکراسـی پەیوەنـدی بەسیسـتمی حزبایەتیـەوە هەیـەو سـەرهەڵدانی حزبایەتی سیستمی دیموکراسی هاوتاو پارسەنگی یەکتری بـوون. حــزب وەك چـۆن دەتوانێـت چارەنووسـی گــەلێك دیاریبکـات و ببێتــەهۆی دابینکردرنــی ئاشـتی و ئـارامی و خۆشـگوزەرانی خـەڵك، ئـاواش دەتوانێـت چارەنووسـی ئـەو میللەتـە بـەرەو مەترسـی بباتــەوەو پشـێوی دروسـتبکات. پـەیامی حـزب لەسیسـتمی دیموکراسـیدا بریتییـە لـەوەی، لـەڕێگای پەرلـەمانی و ئاشـتیانە بگاتـە دەسـەڵات، دیـارە ئەمـەش بە بـەرفراوانبوونی بنکـەی جـەماوەری حزبەکـەیی و دەستەبەرکردنی ڕای گشـتی بـەدی دێـت، هـەموو ئەمانـەش بنەماکـەیان دەگەڕێتـەوە بـۆ باشـی و گونجـاوی پـەیڕەوو پرەنسیپی ئەو حزبە.

دەبــێ حــزب لــەڕێگای وشــیارکردنەوەی جــەماوەرو خســتنە ڕووی کــەم و کوڕیــەکانی حکومــەت، لــەڕووی کـارگێڕیی و سیاسـی و کۆمەڵایەتی و...هتـد، بتوانێـت ڕای گشتی بۆخۆی مسۆگەر بکـات، زەمینـە سـازیش بـۆ گرتنـە دەستی دەسەڵات، لەڕێگای پـەروەردەکردنی کۆمـەڵێك کـادیر بێـت لـەڕووی سیاسـی و ئیداریـەوە، دواتـر ئـەو کادیرانـە

دیاریبكات بۆ وەرگرتنی لێپرسراوێتی لەحكومەتدا. ڕاستی لەكوردستاندا كەمتر پشت بەم ڕەوشە لۆژیكە دەبەسترێت، بەڵكو زیاتر پشت بەجۆرێك فریودانی هاوڵاتیان وەك سەركەوتن سەیر دەكەن، خراپترین ڕۆڵیش ڕاگەیاندن دەیگێڕێت. خەڵك بۆیە دەنگ دەدات بەحزبێكی دیاریكراو، هەتا كێشەیەكانی بۆ چارەسەر بكات.

توانای سیاسی تەنها كەڵك وەرگرتن نییە لەفشاركردنو كۆنترۆڵكردنی بواری ئابووری- بۆئەوەی فەرمانڕەوایان- یان حزبێك ئیرادەی خۆی بەسەر جەماوەردا بسەپێنێت. لێرەدا مەبەستمان لەفشارەكانی ئابووریو سەربازیو سیاسییە، كەلەلایەن حزبو دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بەسەر هاوڵاتیاندا فەرز دەكرێت. بەدڵنیاییەوە كاتێك دەوڵەت- یان حزب ڕەوایەتیو جەماوەرەكەی لەدەست دەدات (لەوڵاتانی جیهانی سێیەم) ئەوا پەنا بۆ ئەمانە دەبات.

كاتێك فەرمانڕەوایانی حزبو حكومەت پێشێلی مافە ڕەواو سروشتییەكانی جەماوەر دەكەن- یان دەیانخەنە ژێر كۆنترۆڵی خۆیانەوە، ئیدی كەخەڵك خاوەنی مافەكانی خۆی نەما، ئەوا ئەركەكانی خۆی لەبەرامبەر دەوڵەتدا بەزەروری نازانێت. تەنانەت لەناوچوونی ئەو حزبو حكومەتانەی ڕێز لەدادپەروەریو مافی هاوڵاتیبوون ناگرنو دەیانەوێت لەڕێگای زۆرو سەركوتكردنەوە درێژە بەدەسەڵاتەكانیان بدەن، زوو دەبنە جێگای بێمتمانەیی جەماوەرو پێگەی

کۆمەڵایەتیان نامێنێت و لەکاتی سەرهەڵدانی قەیرانی گەورەدا ناوێرن- یان ناتوانن پشت بەدەزگاکانی ئیداری و سەربازی و ئاسایشەکانی خۆشیان ببەستن.

دەکرێ بگوترێت لەناو زۆر حزبی کوردیدا سەرەتا سیاسەتکردن بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتە لەناو خودی حزبەکەدا، لەوێشەوە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتە لەناو حکومەت، ئینجا بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتەیە بۆ بەرژەوەندی کەسی. بەکورتی مەسەلەی بیروباوەڕو ئامانجی حزب و بەرژەوەندی گشتی دەبنە پلە دوو، و ئەو لێپرسراوە دەسەڵاتدارە دەگەڕێتەوە سەر هەمان بنەما سێ کوچکە کۆنەکە، ئەویش بریتییە لە: دەسەڵات و پارەو سێکس، لێرەوە حزب دەبێت بەئامراز نەك بەئامانج. پەیڕەو پرۆگرامی هەموو حزبەکانی کوردستان لەزۆرینەی خاڵەکانیاندا لەیەك دەچن. بەتێڕوانینی گشتی، هەموویان جەخت لەسەر ئەم چەند خاڵەی خوارەوە دەکەن: دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، خزمەتگوزاری بەگشتی، باشترکردنی باری گوزەرانی هاوڵاتیان و ئازادی و...تاد، بەڵام هیچ یەك لەم حزبانە باسیان لەوە نەکردووە پەیڕەوی حزبەکەیان لەکاتی گرتنە دەستی دەسەڵاتی دەوڵەتداری پەیڕەو دەکەن- یان ئامانجیان ئەوەیە حزبەکەیان بکەن بەجەماوەری لەبری ئەوەی جەماوەر بکەن بەحزبی.

ئەوەی ئەمڕۆ لەکوردستان لەلای چەند حزبێك پەیڕەو دەکرێت مامەڵەکردنی ناڕەوای لێپرسراوانە، بەوپێگە حزبیەی هەیانە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەت. سەیر ئەوەیە هەندێك لەو کەسایەتییە سیاسییانە- بەتایبەت ئەو کەسایەتیانەی تازە لەبواری سیاسیدا دەرکەوتوون، جارجارە دەکەونە حاڵەتی هیستریایی و پێیانوایە ئەوان بوون بەزەروریەت بۆ خەڵك، لەکاتێکا ئەمانە مێژووی خەبات و سیاسەتکردن و رۆشنبیریان نییە- یان لەباشترین حاڵەتدا ڕۆڵێکی لاوەکی کۆمبارسیان گێڕاوە. لێرەوە کێشەی حزب دەستپێدەکات، کەسێکی سانتشۆ بەشێوەیەك لەشێوەکان (بەفریودانی خەڵك) دەسەڵاتێکی دیاریکراوی کاتی دەکەوێتە دەست. ئیدی حزبەکەشی لای ئەو دەبێتە ئەو دەسترۆکەی لەکوێی پێخۆشبێت لەوێ پێی هەڵدەپەڕێت و بەناوی حزبەوە بڕیار دەردەکات. بۆیە بوونی سیستمی ڕێکخستنی حزبی دەتوانێت لەبەردەم زۆر شتی لەم بابەتە ڕێگربێت.

دەبێ حزبی سیاسی هەوڵبدات بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵك بەرەو باشتر بگۆڕێت، چونکە حزب و سیستمی ڕێکخستن و پرنسیپەکان- خۆیان لەخۆیاندا دەبنە ئامانج. واتا: لەڕێگای پەیرەوەکانی دەتوانێت دەستەبەری خواستەکانی جەماوەرو بنەماکانی دیموکراسی بکات، هەروەها دروستکردنی کۆمەڵگایەکی سکۆلاریزم کەلەسەر

بنــەماکانی دیموکراســی بێــت. لێــرەدا مەبەســت لەپــەیامو ئامانجی حزب ئایدیۆلۆژیاکەی نییە، بەڵکو مەبەست لەبەرەو پێشبردنی کۆمەڵگایە لەهەموو ڕووەکانیەوە. کەگرنگترینیان خۆشگوزەرانی هاولاتیانو دادوەری کۆمەلایەتیو سەروەری یاساو بــەدیهێنانی ســەربەخۆیی کوردســتانە. هــەروەها دامەزراندنی دەوڵەتی دامەزراوەیی.

خاڵە بەهێزەکانی دیکەی حزبی مۆدێرن جگەلەوانەی پێشتر ئاماژەمان بۆکردن بریتین لە: شێوازی بەڕێوەبردنو لایـەنی جێبـەجێکاری حـزب. بـوونی دیموکراتیـەت لـەناو حزبـدا. دروسـتکردنی هاوپـەیمانێتی لـەنێوان لایەنـەکانی دیکـــەو بـــەهێزی پەیوەندیـــەکان. ڕوونو ئاشـــکرایی سەرچـاوەکانی داهـاتی حـزبو شـێوەی ڕوونـی ئیـداریو خەرجیەکان. پەیوەندی پتەو لەڕووی ڕاگەیاندنەوە. بوونی پەیوەنـدی بـاش لەگـەڵ تاکـەکانی کۆمـەڵگا. مواکەبەکردنی تەکنـەلۆژیا. داڕشـتنی کلێشـەی سـتراتیژیەتی حزبـی مـاوە مامناوەنـدی پەیوەندیـدار بەهـەردووك لایـەنی ڕێکخسـتنی کـاری حزبـیو لایەنـە لۆکاڵیـەکانی کەپەیوەنـدارن بـەبارو دۆخــی کۆمــەڵگاو پرســە لەپێشــینەکانو کــەمتر لایــەنی ئایدیۆلۆژی ئەو حزبە لەخۆ بگرێت.

بەکورتی هـەنگاونان بۆ زیـاتر زاڵبـوونو کۆنترۆڵکردنی حــزبو تــەباییو تــەریب بــوونی حــزب لەگــەڵ خواســتو نیازەکـانی جـەماوەر. ئـەم هەنگاوانـە دەبنـە هۆکـار بۆئـەوەی

لایەنی باوەڕبوون بەپەیڕەوی حزب ببێتە هۆی پتەوبوونی یەکگرتوویی ئەندامانی حزب و کەمبوونەوەی ئانارشیزمی و گەندەڵی ناو حزب.

کاتێك گەندەڵی لەناو حزبدا زیادیکرد ململانێ و دەستەگریش تەشەنە دەکات، ئیدی لێرەوە حزب دەبێت بەدوو بەشەوە، لەلایەك هاوکاری و یەکگرتوویی دەستەیەکی دڵسۆزی دیاریکراو- لەلایەکیش بەرژەوەند خوازەکان. ئیدی مانۆڕەکانی سیاسی و تەکنیکی سیاسی لەکۆنترۆڵ دەچنەدەرێ و هاوسەنگیان نامێنێت و داپڵۆسین و زۆرو دوورخستنەوەو دەرکردن، تەنانەت دەگاتە ئەو ئاستەی کوتلەی زاڵی ناو ئەو حزبە، قوربانی بەچەند کەسێکی سیاسی پلە باڵای حزبەکەشی بدات.

ئەو کەسانەی لەناو حزبدا بەدوای بەرژەوەندی خۆیان دەکەون- ئەندام و ڕێکخستنەکانی حزبی دەکەن بەئامراز، گرفتی گەندەڵی ئیداری سەرچاوەکەی لەلێپرسراوانی ئیداری ناو حزب و ئەو کەسانەی لێپرسراوێتی خۆیان بۆ بەرژەوەندی شەخسی بەکاردێنن، سەرچاوە دەگرێت. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆر لایەن:

١- دانی لێپرسراوێتی بەکەسانی ناشایستە.

٢- لاوازبوونی متمانە بەبیرو باوەڕی حزب.

٣- نەبوونی چاودێری دارایی کاراو بەتوانا.

٤- چاوپۆشی کردنی مەکتەبی سیاسی- یان سەرۆك، لەهەندێك لێپرسراو.

هەر حزبێك گەندەڵی تێیدا زیادیکرد ئەوا بەهۆی ئەوەوەیە کەموکوڕی لەسیستمی ڕێکخستن و گرنگی نەدان بەبیرو باوەڕەکەیەوە سەرهەڵدەدات. لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ئاراستەی حزب و گرتنە بەرچاوی لێکەوتەکانی کەحزب نەخشەی بۆ کێشاون، دەبێ بەشێوەی گلاسنۆسی بێت و چاودێری بکرێت بۆئەوەی بەرئەنجامی باشی لێبکەوێتەوە. بەڵێ ئەو لەمپەڕانە لابرێن کەدەبنە ڕێگر، دیارە بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ڕەوش و بەرنامە ستراتیژیە، دەبێ دەستەیەك لەئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی بکەن. بۆئەم کارەش ڕای گشتی ئەندامانی حزب وەربگیردرێت و ڕوونکردنەوەی پێویست هەبێت.

ڕۆژگارێك حزبەکانی کوردستان، تەنانەت تا ئەمڕۆش حزبە ئیسلامی و کۆمۆنیستەکان، بەهۆی گرتنەبەری پەیڕەوەکانی ئایدیۆلۆژیاکەیان بەشێوەیەکی توند، ئەندامێ لایەنگرانیان لەئازادیە شەخسیەکانیان دادەبڕن، ملکەچی ئەوەیان دەکەن گوێڕایەڵی ڕابەرو بیرو باوەڕەکەیان بن- واتا ئەندامانی ئەو حزبە بەژیانی دەرەوەی حزبەکەیان نامۆ دەکەن، واقیعی ژیانی ڕۆژانەیان تێکەڵاوی بیروباوەڕی حزبەکەیان دەکەن، ئیدی لای ئەو کەسانە هەموو

مەسەلەكانی كۆمەڵایەتی و ئابووری و...هتد، دەبنە سیاسی و لەو ڕوانگەوە سەیریان دەكرێت. بەڵام ئەمە بەومانایە نییە ئەندامانی حزب باوەڕیان بەپەیڕەوی ناوخۆی حزب نەمێنێت و ڕێز لەبڕیارەكانی نەگرن.

پابەند بوون بەپرنسیپەكانی حزبەوە گرنگیەكی چارەنووسسازی هەیە. دەبینین ئەو حزبانەی ئەندامەكانیان پەیوەستن بەبەرنامەو سیاسەتەكانی حزبەكەیان، لەكاتی هەڵبژاردنەكاندا چەند كەسێك لەلایەن حزبەوە بۆ ئەندام پەرلەمانی- یان وەزارەتێك دیاریدەكرێن، ئەگەرچی لەوانەیە نیوەی ئەندامەكانی ئەو حزبە بەو كەسانە ڕازی نەبن كە پاڵێوراون، بەڵام چونكە لەلایەن حزبەوە دەستنیشان كراون، هەموو ئەندامەكانی ئەو حزبە پابەندی خۆیان دەپارێزن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ڕێز بۆ بڕیارەكانی حزب دادەنێن.

حزبە سیاسییەكان تەنها ڕەنگدانەوەی سەردەم و سیستمی دیموكراسی نین، بەڵكو ڕەهەندی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئابووریش بەخۆیانەوە دەگرن، بۆیە ناتوانرێت دروستبوونی حزبی تازە (لەم سەردەمەمانەدا) تەواو و بێخەوش لەسەر بنیادی پێداویستی مێژوویی و نەتەوەیی بێت- یان تەواو پەیوەست بە ئایدیۆلۆژیاوە بێت، بەڵكو دەشێ حزبی تازەی مۆدێرن دروستبن تەنها ئامانجیان پاراستنی بەرژەوندی توێژاڵێكی كۆمەڵگا بێت. بۆیە هەڵەیە واسەیربكرێت هەموو حزبێك گوایا بەرگری لەئامانجی

نەتەوەکەی– یان بەرگری لەقانونو دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکات. لەکاتێکا هەموو حزبێك لەکوردستان ئەو دروشمانەی هەڵگرتوون.

ئێمە دەزانین لایەنی کۆمەڵایەتی بەرەو کامڵبوون دەچنەوەو پەیامهێنی ئەو ڕاستییەن کەشێوازو ڕەفتاری حزبەکان بگۆڕنو دەبیّ بەناچاری ڕیفۆرم لە پەیڕەوەکانیاندا بکەن، بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت حزبی هەلپەرستو بنەماڵەییو کۆمپانیایی، یاری بەچارەنووسی گەلی کوردستان بکەنو بەناوی سیاسەتو دیموکراسیو...هتد، چارەنووسی نەتەوەیەك کەڕووبارێك خوێنی ڕۆڵەکانی بەخاکی نیشتیمان بەخشیوە، ئەمان بەهەدەری بدەنو نەوەی ئەمڕۆ بەوە فریوبدەن خۆیان شایستەن. دەبینین هەندێك لێپرسراوی دەستو پیّ سپی لەسیاسەت، نیمچە دەسەلاّتێکیان بەشێوەیەك لەشێوەکان، لەڕێگای فریودانی گەنجو کەسانی ئاست نزمی سیاسی بەدەستهێناوە، دێن وەك دۆنکیشۆتو شانتشۆی خزمەتکاری، دەم لەهەموو شتێك دەکوتنو سوکایەتی بەڕابردوو و شتە پیرۆزەکانیش دەکەن.

لایەنێکی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ڕۆشنبیری نەتەوەیی لاوازە، هەروەها سیاسەت بۆتە بازاڕییو جیاوازی نێوان چەنەبازێکی دەم درێژو سیاسەتمەدارێکی بەئەزموونو ئەکادیمیەك نەماوە. ڕاستە شێوازی

حزبایـەتیکردن گۆڕانکـاری بەسـەردا هـاتووە- سیسـتمی دیمـوکراتی بـوار بۆهـەموو تاکێـك دەڕەخسـێنێ بـاس لەسیاسـەت بکـات. دروسـتبوونی حزبـی تـازە شـتێکی ئاسایيە. دەشێ حزبێکی تازە دروستبوو، ببێتە جێگرەوەی حزبێکـی خـاوەن مێژووی دوورو درێژ، بـەڵام ئـەو حزبانـەی سیستمی دیموکراسیان بەوە قۆستۆتەوە لەڕێگای فریودانی هاوڵاتیـان دەسـەڵات بەدەسـت بێـنن و لـەڕێگای میـدیاوە لەلایـەن هەنـدێك خـەڵك متمانـەیان پێبـدرێت، ئەمـە تـائێرە لەسیسـتمی دیموکراسـیدا ئاسـاییە. بـەڵام دەسـتبردن بـۆ ئاسایشـی نەتـەوەیی- یـان سوککردنی بەهاو ئامانجەکانی گـەلێك کەچـەندەها سـاڵە دەچەوسـێنرێتەوەو خاکەکـەی داگیرکراوە، شتێکی ئاسایی نییە. کام حزب لەئەمریکا- یان لەفەرەنسـا، دەتوانێـت بەنەشـیاو باسـی مێـژوو بـەهاکانی وڵاتەکـەی بکـات. یـاری بەچارەنووسـی گەلەکـەی بکـات. خیانەت لەنیشتیمان بکات؟

لەسەدەی نۆزدەهەم بزوتنەوەی لیبراڵیزمی لەئەوروپایی لەدایکبوو، توانی وڵاتە خۆرئاواییەکان پێشبخات، لای ئێمە حزبـی تـازەی وا لـەدایك دەبێـت خـەریکی مامەڵەکردنـە بەچارەنووسـی نەتەوەکەیـەوە، پاسـاو بـۆ ناپاکییـەکانی دێنێتەوە- زیادە ڕۆکانی بەدیموکراسی دادەپۆشێت، ڕاستە بـەهۆی کـەم و کـوڕی و تێنەگەیشـتنی حزبـە ڕەسـەنەکان لـەم واقیعە تازەی دنیای بەجیهانیبوونە.

لەکوردستان نەبوونی ئینتیمای نیشتمانی و بۆشایی سیاسی، دروستبووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە ئیدی ئەم بارودۆخە چارەسەر ناکرێت. لەکوردستان قانون و ئامانجی نەتەوەیی و ئاسایشی نیشتیمانی لەخوار دەسەڵاتەکانی دەوڵەتەوەیە، بۆیە دەبینین حکومەت ناتوانێت وەك تورکیا بڕیاری داخستنی حزبێك بدات، جاکە ئەو حزبە خۆفرۆش و داردەستی بێگانەش بێت.

بەهێزیی هەر حزبێك پەیوەندی بەخاکیبوونی کادیرو ئەندامەکانیەتی لەگەڵ خەڵکدا، بەومانایەی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی ئەو حزبە بەهێزن، دیارە بەهێزی سیاسیش هەمان ڕەنگدانەوەی هەیە.

بۆنموونە: جاران پەیوەندی کردنی خەڵك بەشۆڕش و باوەڕهێنان بەئامانجی ئەو حزبە، بەونیازە بوو ڕزگاریان بێت لەوبارو دۆخەی تێیکەوتوون. پەیوەندی کردنی خەڵك بەحزبەکانەوە (لەڕۆژگاری شۆڕشی چەکداریدا) تەنها بۆ دژایەتیکردن و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بوو. لایەنێکی سەرکەوتوویی حزبەکانی کوردستانیش دەگەڕێتەوە بۆئەمە.) دەمانەوێت بڵێین: هەمیشە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بەپێی سەردەمەکان بوونەتە هۆی بەهێزبوونی حزب و ئایدیۆلۆژیایێکی دیاریکراو. ئەگەر فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی ببێتە هۆی بەهێزبوونی حزبێك، ئەوا دەبێ ئەو حزبە توانا-یان پێشبینی ئەوەی هەبێت چۆن بۆ بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە.

دیاره لێرەدا مەسەلەی بیروباوەڕ کەمتر گرنگی هەیە، بەڵکو ئەو ئارمانج و پەیامەی حزبێك بەرزیدەکاتەوە کاریگەری زیاتر لەسەر خەڵك جێدەهێڵێت. ئەگەر حزبێك بیەوێت جەماوەرەکەی زیادبکات، ئەوا دەبێ پەنا بۆ میکانیزمەکانی کۆمەڵگا ببات. هەرکاتێك گرتنەبەری سیاسەتێك- یان ڕابەری حزبێك ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە گرت، ئەوا جەماوەر متمانەی زیاتر بەو حزبە پەیدا دەکات و پشتی پێدەبەستێت. حزبی ڕاستەقینە دەبێ خاوەنی کادیری دیارو بەتوانا بێت، سیاسەتمەداری بەئەزموون. ئەگەر کەسێك پەیوەندی بەحزبێکەوە بکات و تێیدا ببێت بەئەندام، ئەوا تەنها نابێتە مەسەلەیەکی شەخسی، بەڵکو ڕەهندێکی کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە دەگرێت. بەهێز بوونی هەرحزبێك پەیوەندی بەتواناى کارلێکی سیاسەتەکانی ئەو حزبەیە لەسەر کۆمەڵگاکەی. لاوازبوون و بێ جەماوەربوونی هەرحزبێك لایەنێکی دەگرێتەوە بۆ خراپی ئاستی ڕۆشنبیری سەرکردەو کادیرو ئەندامەکانی.

لەسەردەمی شۆڕشی چەکداریدا حزب هەبوو دەیتوانی دەستی بگات بەجەماوەرەکەیی و کەناڵێکی کراوەی هەبوو، ڕابەرایەتی خەڵکی دەکرد، بەڵام بەهۆی دابڕانی لەگۆڕانکاریەکانی سیاسی و دیپلۆماسی لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و دوورە پەرێزی ئەو حزبە، دواجار بەدابڕاوی لەجەماوەرو بواری سیاسی و دیپلۆماسیدا مایەوە.

سەردەمێك حزبە شۆڕشگێڕەكان وزەیان لەچالاكی سەربازیو هەڵواسینی پۆستەری حزبو...هتد، وەردەگرتو جەماوەرەكەیان زۆرتر دەبوو- خەڵكی كوردستان پشتگیریان دەكرد، ئەمە قۆناغێكی مێژوویی دیاریكراو بوو، ئیدی بەسەرچوو. نابێ هەوڵبدرێت وەك حزبە مەزهەبیەكان ڕەوڕەوەی بەرەوپێشچوونی كۆمەڵگا بگێڕنەوە دواوە- یان ڕابگرن. ئەوەی بەلای جیلی سەردەمی شۆڕش نەبەردی بوو، بەلای نەوەی نوێوە شتێكی نامۆو سەیرە، لەباشترین حاڵەتدا وەك ڕووداوی ناو چیرۆكێك وەریدەگرێت. چیتر ناتوانرێت بەلافلیێدان بەرابردووەوە جەماوەر بێدەنگ بكرێتو خەڵك سەرمەستی رابردووی پڕ شكۆدار بكەنەوە.

راستە مێژووی شۆڕشەكانی دنیا جوانترینو نایابترین ناوەرۆك لەخۆ دەگرن، چونكە جگەلەوەی شۆڕشی كۆمەڵایەتیو شۆڕشی رزگاری نیشتمانی بوون، كۆمەڵگای مرۆڤایەتیشیان پێشخست، بەگرتنە بەچاوی شەڕە خوێناویەكانی ئەو رۆژگارەش.

فۆكۆیاما، دەڵێت:(ناتوانرێت حاڵەتی شۆڕشگێری بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ بەردەوام بێت، چونكە هەندێك كەس بەلانی كەمەوە نایانەوێت قوربانی بەخۆشگوزەرانی ژیانیان بدەن لەپێناو سەركەوتنی دۆزێك، ئەو ئازایەتیەی لەم ڕەفتارەوە بەرهەمدێت، لەبەشی ئارەزووەكانی دەروونیەوە

نایەت، بەڵکو لەبەشی شکۆ و ئەخلاقیەوەیە.)١

سەبارەت بەنادیموکراسیێتی ناو هەندێك حزب لەکوردستان و دەستاودەست نەکردنی سەرۆکایەتی حزب، هۆکارەکەی ئەوەیە دەستەیەك لێپرسراوی باڵای ئەو حزبە دەستیان بەسەر شادەمارەکانی بواری چەکداری (میلشیایی) حزب و بواری ئیداریدا گرتووە- حزبیان وەك کۆمپانیایەك لێکردووەو سەرمایەگوزاری بەمێژوو سەروەری سەردەمانی شۆڕش و شەهیدەکان و...هتد، دەکەن، حزب بۆتە ئامراز بۆمانەوەو دەوڵەمەنبوونی ئەو گروپە، لایەنێکی دیکەشی پەیوەندی بەکەموکورتی ئەندامانی ئەو حزبەوەیە کەحزب وەك خاوەنداریێتی کەسانێك سەیردەکەن.

بەدڵنیاییەوە لەئایندەدا دەبینین زۆربەی حزبەکان دەبنەوە حزبی بنەماڵەیی، چونکە ناتوانن وەك حزبێکی مۆدێرنی دیموکراسی سیاسی بژین، حزب توشی نەخۆشیەکانی نەبوونی سەرکردەو خراپی ڕێکخستن و تەنگژەی فکری و هەرەسی ئابووری و کارگێڕی و ئاستەنگی سیاسی و مایەپوچی جەماوەری و...هیتر، دەبێت و قەیرانی ناوخۆیی و دەرەکی و دیپلۆماسی سەرهەڵدەدەن. ئینجا کەئەو تەنگژانە تەشەنەیان کرد، حزبەکانی کوردستان دەبێ

---

[١] ـ نهاية التاريخ. تاليف: فراسيس فوكوياما. فريق الترجمة: د. فواد شاهين، د. جميل قاسم، رضا الشايبي. الناشر:
مركز الانماء القومي- بيروت لبنان. سنة ١٩٩٣ص١٨٠

پشت بەدەوڵەتی دراوسێ- یان دەوڵەتێکی دیکە ببەستن- جاکە هەتا لێوارەکانی خیانەتکاریش بێت، لەبری ئەوەی ئەو کێشانەی ڕووبە ڕووی چارەنووسی حزبەکەیان بۆتەوە کاری ستراتیژی لەسەربکەن و لەبەرامبەر هەڕەشەکانی دەرەکیدا یەکگرتووبن، کەچی کێشەکانی ناوخۆیی حزبەکەیان وابەستە بەهێزی دەرەکی دەوڵەتانی دراوسێ دەکەنەوە.

حزبەکانی کوردستان زۆربەیان پەیڕەو پرەنسیپەکانیان پێشکەوتوخوازانە نین، کەسانی بەرژەوەند پەرست و ئاست نزمی وشیاری سیاسی- هەندێك لەجومگەکانی حزب بەڕێوە دەبەن. هەتا ڕەخنەگرتن لەناو حزبەکاندا زیاتر بۆتە گلەیی و گازندە. تەنانەت ڕەخنەگرتن و ناڕەزایی دەربڕینیش لەحکومەتی هەرێم لەچوارچێوەی داوا ڕەواکانی جەماوەر تێپەڕیوەو تەنها لەخۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕیندا خۆی دەبینێتەوە. کار گەیشتۆتە ئەوەی لێپرسراوی بالاّی حزبێك پاوانی ناوچەیەك بکات بۆخۆیی و حساب بۆ بڕیارەکانی حکومەت و حزبەکەشی نەکات و دواجار دەبێ بەنهێنی حزب و حکومەت لەڕێگای گفتوگۆ لەگەڵ ئەوکەسە ڕێکبکەون.

لەکوردستان بیروباوەڕو کوردایەتی و شۆڕشگێڕی هەتا سالاّنی (٢٠٠٤) گەرموگوڕی مابوو، بەلاّم لەو مێژووە بەدواوە ئیدی حزبی تازە دروستبوون کە نە ئایدیۆلۆژیایێکی

دیاریكراو نەپەیڕەو پرنسیپی حزبایەتی كلاسیكیو نەمێژووی سەروەریو شۆڕشیان هەیە، بەڵام بوونەتە حزبێكی شێوە جەماوەری، تەنانەت گەیشتۆتە ئەوەی كۆمپانیاش ببێتە خاوەنی حزبی تایبەت بەخۆیان، هەتا لەڕێگای سیاسییەوە بۆ بەدەستهێنانی هێز پارێزگاری لەبەرژەوەندیەكانی خۆیان بكەن، لەكاتێكا جاران تەنها كەسانی سیاسەت پیشەو ئیلیتی سیاسی دەیانتوانی لەو مەیدانەدا ڕۆڵیان هەبێتو كاریگەری بكەنەسەر جەماوەر. لەوەدەچێت حزبەكانی كوردستان بیانەوێت حكومڕانی فەرهەنگی كۆنفۆشیۆسی– یان سیوكراسی لەكوردستان جێبەجێبكەن، نەك سیستمی دیموكراسی، دەیانەوێت جەماوەر بەبیرو باوەڕی ڕۆژگارانی ڕابردوو وابەستە بكەنەوە. هەندێك سەركردەی حزبەكان باوەڕیان بەبەسەرچوونی ڕۆژگارو سەردەم نییە. دیموكراسی لەناو حزبەكانیاندا تەنها لەئۆرگانەكانی خوارەوەدا هەیەو ئەمە لەناو حكومەتیشدا ڕەنگیداوەتەوە.

(سەیر ئەوەیە ئەندامە باڵاكانی ئەو حزبانە باوەڕیان بەگەڕانەوە بۆ پەیڕەو پڕۆگرامی حزبەكانیان نەماوە، بەڵام دەیانەوێت بنەماكانی حزبەكانیان وەك دەقێكی پەیڕەوكراوی ئاینی نیشانبدەنو گۆڕانكاری بەسەردا نەهێنن.) وەك گوتمان حزبە گەورەكانی كوردستان چونكە لەڕێگای شۆڕشی چەكداریەوە دەسەڵاتدارێتی كوردستانیان

گرتۆتەدەست، بەردەوام تائێستاش کار لەسەر ئەوە دەکەن خەڵك ڕاکێشی بواری سیاسی بکەن (بەمانا بازاڕیەکەی). واتا بەجیاواز لەپرنسیپەکانی دیموکراسی پەرلەمانی.

بەجۆرێك لەکوردستان سیاسەت بۆتە بەشێك لەژیانی خەڵك. ئێستاش پێیانوایە سەردەمی شۆڕشی چەکداریەو پێویستیان بەئەندامو لایەنگری زۆرەو کەسانی حزبی و دەروێش ئاسا بۆ بەهێزیو مانەوەی حزبەکەیان زەروریە. دەبینین بەگرتنەبەری ئەم سیاسەتەیان زۆر لەخەڵك خراونەتە گێژاوی مەسەلە سیاسییەکانەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەدانین هاولاتیان لەسیاسەت دوور بخرێنەوە- یان خۆیان ببنە کەسانی ئەپۆلیسمی، بەلام لەکوردستان سیاسەت باڵی بەسەر هەموو کایەکانی ژیاندا کێشاوە، لەبەرامبەردا سیاسەتیش ئەوەندە سادەو کەم بەهابووە، زۆرجار بەرەو مەترسی دەرەکیو لەناوچوونی ئەزموونەکەمان دەچێتەوە. دەبینین دوو حزبە گەورەکەی کوردستان هێزی چەکداری حزب وەك پارێزەری حزب سەیردەکەن، لەدوای ئەمە وەك پارێزەری ولاتو هاولاتیان.

لای ئەمان مافی فەرمانڕەوایەتی بەسەر هاولاتیانەوە ڕەوایەتی خۆی لەشۆڕشی چەکداریەوە سەرچاوە دەگرێت، لەکاتێکا پێداویستیەکانی سەردەم جیاوازن لەحکایەتخوانی، دەبێ شێوازی بیرکردنەوەی پەیوەست بەڕابردوو بخرێتە لاوە.

نەوەی تازە گوێ لەڕابردوو ناگرێت، بەلایەوە گرنگنیە کام کەس قارەمان بووە، کام کەس شۆڕشگێڕ، کام حزب خەباتی چەکداری کردووە. (ئەمە مێژوویێکی پڕشکۆداری نەتەوەکەمانەو هەموو کات جێگای شانازییە، بەڵام ڕاستییەکان تاڵن و پێویستە باس بکرێن) ئەوەی بەلای خەڵکەوە گرنگە بژێوی ژیان و خۆشگوزەرانی و ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سەروەری یاسایە. بەلای هاوڵاتیەکی ئاسایی گرنگ نییە چ کەسێك ئاڵودەی سیاسەت بووە.

جیاوازی لەنێوان پەیڕەوکەران و لایەنگرانی حزب و سەرکردەیەك بەزەحمەت لێك جیادەکرێنەوە. ڕاستە ئەم دووانە هەردووکیان هێزی یاردەدەرن بۆ حزب و سەرکردەی کاریزما، بەڵام دەتوانرێت بگوترێت لایەنگرانی حزب کەسانێکن لەڕووی سۆزداری و بیروباوەڕەوە هاوشێوەی ئەندام و پەیڕەوکەرانی بەرنامەو سیاسەتەکانی حزب نین. ئەمانەی دوایی (لایەنگران) هەرکاتێك ئەو حزبە لاوازبوو- یان سەرکردە شکستیهێناو دەسەڵاتی نەما، پشتی تێدەکەن. ئەگەر بەوردی سەیری ساڵانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بکەین- کەگەرمەی شۆڕشی چەکداری بوو، شۆڕش بەرەو بەهێزی دەچوو‌ەو ئەمەش بۆ ئەوکاتە وەك ئەزموونێکی مێژوویی بوو. لەو قۆناغەی ستراکتۆرەکانی کۆمەڵایەتی گۆڕانیان بەسەردا دەهات- یان بەرەو

گۆڕانکاری دەچوونەوە، تەنانەت پەیوەندییە لۆکاڵیو هەرێمیەکانیش ئاراستەکەیان گۆڕابوو.

گەلی کورد چارەنووسی خۆی بەشۆڕشەوە وابەستە کردبوو، ئەوکات ئایدیۆلۆژیای حزبەکان بنەماکەی سیاسەتی ئەبستراك نەبوو، بەڵکو کۆمەلایەتی بوو، بەوبەڵگەی لەناو زۆر لەحزبەکان باڵی ڕاسترەو چەپو ئەرستۆکراتو...تاد، هەبوون. هەمووشیان لەگەڵ شەپۆلی ڕەوشە کۆمەلایەتیەکەدا کۆکبوونو یەك ئامانجو ئاراستەیان هەبوو. لەو ڕۆژگارەدا یەکێك لەخاڵە بەهێزەکانی حزب ڕابەرایەتیکردنی خەڵکی کوردستان بوو، لەوێوە هێزی سیاسی سەربازیان دەستەبەر دەکرد. لێرەشەوە سەرکردەی لێوەشاوە درکی بەپێویستی ئەو قۆناغە کردبوو- بۆیە فاکتەرە کۆمەلایەتیەکانی کردنە ئامرازی سیاسی.

گرتنەبەری ئەم ڕەوشە لەلایەن ئەو سەرکردانەوە لەیەك کاتدا کۆمەلایەتیو سیاسیش بوو. بۆیە واباشە لەزەمینەی سیاسی مێژووەکەمان تێبگەین، ڕووداوەکانی مێژوویی شیتەڵو شرۆڤە بکەینو وەك ئەزموونی سیاسی شکۆو بوێریان لێوەربگرین.

هەڵوەشانەوەو بێ جەماوەربوونی هەموو حزبێك هۆکارە بنەڕەتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وەلانانی پەیڕەوی ناوخۆی ئەو حزبە. سەرکردەی بەهێز دەتوانێت یەکگرتویی حزبەکەی بپارێزێت. لینین دەڵێت: (دابەشبوونی حزب

باشتره لەناجێگیریو لەرزۆکی حزب.) ئەمە بەو مانایەیە ئەگەر چەند کەسانێکی ناشایستەی سەرکردایەتی لەحزب جیاببنەوە، باشتره لەوەی لەناوەوەدا حزب داڕزێنن. کۆنگرەی حزب شتی تازە داناهێنێت، ئەوەندەی ئەو بەرئەنجامانەی داڕێژراون جێگیر دەکات، واتا: سەرئەنجامی کۆنگرە لەئەگەرە خراپەکەیدا دروستبوونی دوو ئاراستەی لێکجیاوازەو دواجار دەشێ ئەم دوو ئاراستەیە ببنە دوو حزب. زۆربەی ئەو کەرتبوونانەی لەناو حزبەکاندا ڕوویانداوە بەبەهانەی لادانبووە لەپەیڕەوی حزب، بەڵام لەڕاستیدا هۆکارو پاڵنەرو ئامانجی دیکە لەپشت ئەمەوە هەبووە. ڕاستە لەناوخۆی هەر حزبێکدا ناکۆکیو ململانێی فکریو بەرژەوەندی پارێزی هەیە. (جگەلە ناکۆکیو ململانێی دڵسۆزانە کەلەپێناو مانەوەو بەهێزبوونی حزبو هەوڵدانی کەسانی بیرمەندو سیاسی ناو حزب لەخزمەتی حزبەکەیاندا بێت.) ئیدی هەموو ململانێو دەستەگەری ناو حزب ناڕەوایەو پاڵنەری سەرەکی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتو پاراستنی بەرژەوەندی شەخسییە.

حزبی دەسەڵاتدار لەسەرمایەی حکومەت پارەو ئیمتیاز دەدات بەئەندامەکانی، پەیوەندی نێوان سەرۆکی باڵێکی ناو حزبو لایەنگرانی- جۆرێکە لەئەمەکداریو کلتوری نێوان ئاغاو ڕەعیەتەکەی، ئەم موریدیەش لەلایەن لایەنگرانیەوە شەرعیەت بەخۆیەوە ناگرێت. کاتێك حزبێك گەیشتە ئەوەی

هێزو دەسەڵات دابەشبوون: دەسەڵاتی سیاسی لای تاقمێك کەدەستیان بەسەر لایەنی ئیداری حزبدا گرتووە، لایەنی هێزیش بکەوێتە دەست ئەوانەی چەکداری ئەو حزبەن، ئەمە لەدەستگەری و ململانێی حزبی تێدەپەڕێنێت و زۆر مەترسیدارە. بۆیە حزبێکی بچوکی خاوەن جەماوەر– باشترە لەحزبێکی گەورەی شەپڕێو و بێجەماوەر.

گوێنەگرتن و وەلانانی ئەندامانی حزب و ڕێکخستنەکانی، یەکێکن لەو هۆکارانەی حزب دەخاتە مەترسییەوە. وەك چۆن پەیڕەو نەکردنی پرنسیپەکانی حزب مەترسیدارن. ئاواش فەرامۆش نەکردنی ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن گرنگە. کەئەمە لەبواری سیاسیدا پێی دەگوترێت ڕیفۆرمی کاتی. دەبێ هەموو ئەندامێکی حزب بەشێك لەلێپرسراوێتی بگرێتە ئەستۆ و قوربانی بدەن لەپێناو هەڵسانەوەی حزب. تەنانەت دەبێ لێپرسراوانی باڵای حزب لەپێناو حزبەکەیاندا قوربانی بەپلەو پایە حزبییەکەیان بدەن. ئەرکی حزبی ئەوەیە لەڕێگای ئەندامەکانیەوە بیروباوەڕو ئامانج و ئاراستەی حزبەکەیان بەجەماوەر بناسێنێت و قەناعەت بەهاوڵاتیان بکات ڕێبازو ئامانجەکانیان ڕاستن و لەبەرژەوەندی ئەواندایە. هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی وشیارێتی سیاسی خەڵك.

دەبێ هەموو ئۆرگانەکانی ڕێکخستنی حزب، واتا بارەگاکانی ڕێکخستنی شارو شارۆچکەکان ئەرکی

بەهێزکردنی پەیوەندی بەجەماوەرو دروستکردنی متمانەی خەڵك بەو حزبە بگرنە ئەستۆ، ئەمەش لەپێناو دەستەبەرکردنی ڕای گشتییە بۆ ئەو حزبە. بەکورتی کادیران و ئەندامانی حزب دەبێ هەوڵبدەن حزب بکەنە جەماوەری. ئەو گۆڕانکاریە یەك لەدوای یەکانەی کۆمەڵگای کوردی، زیادبوونی هەژموونی ئیسلامی سیاسی، زیادبوونی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەو باری خراپی ئابووری و بژێوی خەڵك، کەمبوونەوەی متمانەی جەماوەر بەحزبەکان، کاریگەرییە دەرەکییەکان و...هتد، ئەو حزبە دەسەڵاتدارانەی کوردستانیان بۆ سەردەمی (١٩٦٠)کان گێڕاوەتەوە. زیاتر لەحکومەتی مۆنۆکراسی دەچێت، نەك دیموکراسی.

ئەگەر حزبێکی دێرین بیەوێت ببێتە حزبێکی مۆدێرن، ئەوا بەدڵنیاییەوە سەرەتا رووبە رووی گرفت دەبێتەوە. دەستبردن بۆ هەر ڕیفۆرمکردنێك لەحزبدا، پێویستی بەیەکدەنگی ئەندامەکان و ئیرادەی بەهێزی لێپرسراوانی بالأی حزبە. ئەو بنەمایانەی پێویستە گۆڕانکاری بەسەردا بێت ئەمانەن:

١- ڕەهەندو ئەدگاری سەردەمانی شۆڕشی ڕزگاری تێدا کاڵبێتەوە. (هەرچەندە هەندێك لەسەرکردە کۆنەکانی ناو ئەو حزبە نەدەتوانن لەگەڵ سەردەمی تازەدا بژین و نەدەستبەرداری دەسەڵاتەکانیشیان دەبن.)

٢- حزبێكی فره ئاراستەو خاوەن یەك ڕەوشی بنەڕەتی بێت.

٣- گرنگی كەمتر بە ئایدیۆلۆژیای حزب بدرێت.

٤- بەپێی پرنسیپەكانی دیموكراسی سیاسەتەكانی حزب داڕێژرێن.

٥- نەهێشتنی فره ڕیش سپیەتی و لێپێچینەوە هەبێت. دانانی دەزگایەكی شێوە دادگایی حزبی، بۆ ئەوانەی سەرپێچی دەكەن.

٦- حزب لەبەكاربەرییەوە بكرێتە ئامڕاز بۆ گەیشتن بەئامانجە باڵاكانی گەلی كورد.

٧- سەنتەرێكی لێكۆڵینەوەی ستراتیژی حزبی باش، دامەزرێندرێت.

٨- ناوەندی ئیداری و كارگێڕی حزب دامەزرێندرێت و داهات و خەرجییەكانی حزب ئاشكراو روونبن.

٩- دامەزراندنی دەزگایەكی راگەیاندنی كاریگەرو بەتوانا، بەتایبەت شاشەو سۆسیاڵ میدیا گرنگی پێبدرێت.

١٠- كۆبوونەوە حزبیەكان بكرێنە كۆبوونەوە جەماوەرییەكان.

١١- رێكخستنەكانی حزبی و بارەگاكان بەجەماوەری بكرێن.

١٢- هەر حزبێك لەحكومەت بەشداربوو، پێویستە نوێنەرەكانی رۆڵیان دیاربێت- لەخزمەتكردنی

خەڵك، هەتا ئەندامو لایەنگرانی ئەو حزبە بتوانن لەناو هاوڵاتیان شانازی بەمەوە بکەنو حزبەکەیان لای جەماوەر متمانەی زیاتر بەدەست بێنێت.

١٣- بوونی ناوەندێکی بڕیار، کەتوانای ئەوەی هەبێت هەموو ئەندامانی حزب پابەندی بن.

ئامانجو بەرنامەی هەموو حزبەکانی کوردستان دەکەونە ژێر پرسیاری ئەوەی: بۆچی تێدەکۆشن. شێوازی دەسەڵاتداریو فەرمانڕەوایەتیان چۆنە. باوەڕیان بەچی هەیە؟ جا لەوپەڕی حزبە چەپەکان- هەتا ئەوپەڕی حزبە قەومیو مەزهەبییەکان. هەرچەندە لەکوردستان بەزەحمەت دەتوانرێت حزبێکی کارێزمی کەچارەنووسی خەڵك وابەستە بەخۆی بکاتەوە هەبێت، بەڵام کەمو زۆر ئەو ئاڕاستەیە بەدیدەکرێت. کەهەنێك لەخەڵك خەریکە- یان باوەڕیان بەوە هەیە سەرکردەی کارێزما هەیەو خاوەنی توانایەکی لەڕادەبەدەرەو دەبێ چارەنووسی خۆمان بدەینە دەست ئەو، هەتا ئامانجەکانمان بەدیبێنێت. مەترسی ئەوە هەیە حزبێکی مەزهەبی لەکوردستان دەسەڵات بگرێتە دەستو خەڵك وەك هەڵچونێکی جەماوەری پشتگیری لێبکات.

ئیدی لێرەوە مەسەلەی پەنابردن بۆ پەیڕەو پرنسیپی حزبی بەهای نامێنێتو ستەمو توندو تیژی دێتە گۆڕێو پەیوەندی نێوان ئەخلاقو سیاسەت وەلا دەنرێت، چونکە لەبنەڕەتدا تەباییو تەریبیو لۆژیکی نێوان ئەخلاقو

سیاسەت گومانی لەسەرەو زۆرینەی کات تەنها بێهودەییە. ویل دۆرانت. دەڵێت: (ئایا هیچ ئەخلاقیاتێك لەدنیادا بوونی هەیە کەبتوانێت لەناوەڕۆکەکەیدا گرنگی بە پابەندبوونی یەکسانی وابەستە بەپەیوەندیەکانی تایبەتیو گشتی هەڵبگرێت؟)(١)

لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی فەلسەفەی پڕاگماتیکی تازە لەنەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا، ئیدی دۆخەکە پێویستی بەوە دەکرد خەڵك خۆپیشاندان بکەنو بڕژێنە سەر شەقامەکان، بۆئەوەی حکومەتە دیکتاتۆرو سەرکوتکەرەکان بڕوخێنن.

هەتا هەندێك لەوحزبانەی هێزی جەماوەریان هاندەداو سەرکردایەتیان دەکردن، پێشوەخت ئەلتەرناتیڤیان بۆدوای ڕووخانی ڕژێمە تاك حزبیە دیکتاتۆرەکان داڕشتبوو.

دەمانەوێت بڵێین ئەوە هێزی ڕاپەڕیوی جەماوەری کوردستان بوو کەڕژێمی بەعسی فاشی ڕووخاند، سەرەتاش حزبە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان تەنها ئامرازێك بوون جەماوەر وەك لایەنی مەعنەوی پشتی پێبەستبوون. ئامانجی جەماوەر نەهێشتنی زوڵمو زۆری ڕژێمی بەعس بوو، بەڵام ئامانجی حزبەکان گرتنەدەستی دەسەڵاتبوو. بەهەمان شێوەی حزبی بەلشەفیك لەڕوسیاو حزبی

---

[١] ـ دورانت، ویل. تاریخ فلسفه. ترجمه: عباس زریاب. تهران. انتشارات علمیو فرهنگی ١٣٧٣ ص٢٥١

کۆمۆنیست لەچین، بەم شێوازە سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی جەماوەر بوونو دەسەڵاتیان گرتەدەست. ڕاستە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان پەیڕەوی سیاسەتێکی دیاریکراویان نەدەکردو دەرهاویشتەکانیان نەدەزانی، تاکە ئامانجی گەلی کوردستانو عێراق نەمانی ڕژێمی بەعس بوو.

ئەو حزبانەی لەهەرێمی کوردستان حکومەتیان پێکهێنا، سەرەتا هانی خەڵکیان دەدا بەشداری سیاسییان هەبێت، دواتر بۆ زیاتر زاڵبوونیان مەسەلەکانی مەترسی دەرەکیو ئاسایشی نیشتیمانیان کردە بەهانە، بەمەش پرسی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەگەڵ مەسەلەکانی شەخسیو خێزانی تێکەڵاوی یەکتری بوون. ئێستا لەکوردستانی باشوور هەموو شتێك ڕەنگو بۆنی سیاسەتی گرتووە. تەنانەت بەجۆرێکە کەسانی سادەش بەئاسانی تێوەگلاونو ڕۆژانە باسی لێوەدەکەن. ئەو حزبانەی ئێمە لەڕێگای دروستکردنی میلیشیای چەکداری هەوڵدەدەن کەڵك لەوزەو توانای کەسەکان وەربگرنو لەهەمان کاتیشدا خۆیانی پێ بپارێزن، واتا: حزبەکانیان تەنانەت دروستکردنی حزبی تازەو ڕێکخراوی شێوە حکومیش جۆرێکن لەم سیاسەتانەی کەحزبە گەورەکانی کوردستان گرتبوویانەبەرو هەتا ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

گۆڕانکاری لەوشیارێتی زیاتری لەکۆمەڵگای مەدەنی، بەهەموو پێکهاتەکانیەوە، بووەهۆی کرانەوەی کۆمەڵگای

کـــوردی لەهـــەموو ڕووەکانیـــەوە. لەمانـــەش لـــەڕووی سیاسـییەوە، بۆیـە گرنگـی ڕیفـۆرمکردنی سیاسـی لـەناو ئۆرگـانو بەرنامـەی حزبـدا چاوپیاخشـانەوەی دەوێـت- لـەڕووی گۆڕانکاریـەکانی کۆمەڵایـەتیو سیاسـیو ئابووری سەردەم، دەبێ ئەمە بکرێتە بنەمایەك بۆ پەیڕەوێکی گشتی گونجاو لەگەڵ سەردەم. ئەگەر ئەو حزبە هەروا بەدابڕاویو باڵایی بمێنێتەوە، ئەوا ناتوانێت خۆی لەبەردەم تەنگژەکاندا ڕابگرێت.

واچـاکە حزبـە سیاسـییەکان توانـا دامەزراوەیـەکانیان بەهێز بکەن، بەتایبەت لەڕووی ئەوەی پەنا بۆ توندوتیژی نەبەن- یـان خۆیـانی لێبپارێزنو هـەوڵی ئەوەبدەن بڕیـاری دەستەجەمعی بدەن.

لەناو حزبە نەتەوەییەکاندا ئایدیۆلۆژیایەکی بنەڕەتیو نەگۆڕ نییە، بەڵکو ئینتمای نیشتمانیو خاك و زمانو نەژاد هەیـە. بەڕواڵـەت سـەربە بـیرو بـاوەڕێکن، بـەڵام لەراسـتیدا دەقاودەق پەیڕەوی ناکەن.

بەکوتی هۆشیاری نەتەوایەتی گەلێك کەژێر دەستەبێتو خاکەکـەی داگیرکرابێـتو ئایدیۆلۆژیایـەك بکاتـە ئـامراز بۆرزگـاری نیشـتمانی، جیـاوازە لـەحزبێکی ئایـدیۆلۆژی خاوەن دەوڵـەتو سـەروەری. راستە حزبە کوردستانیەکانی سەردەمی شۆڕشی رزگاری دوو بنەمای جیاوازیان هەبوونو کردبوویـانن بـەئامانجو دروشـم، یەکـەم: سـەربەخۆیی

کوردستان و بوون بەدەوڵەت. دووەم: پەیڕەوی بیرو باوەڕێك کەبەپێی ڕۆژگارەکە مۆدێرن بووبێت- یان جێگای سەرنجی زۆرینەی خەڵك بووبێت، ئەمەش بەو مانایە نەبووە حزبێکی ئایدیۆلۆژی بێخەوش بوون. (وەك: حزبەکانی: کۆمۆنیستی و ئیسلامیەکان) چونکە ئەو حزبە قەومیانەی کوردستان ئەوکات دەبوا ڕەهەندو ڕێچکەی خۆیان هەبێت و بەپێی ڕۆژگار ستراتیژێتی خۆیان دارشتباو سیاسەت و ئامانجەکانیان یەکتری بگرتبایەوە. بۆنموونە: حزب هەیە لەکوردستان لەسەر بیروباوەڕی چەپ دامەزراوە، بەلاّم لەراستیدا حزبێکی ناسیۆنالیستی میانڕەوە.

بەدڵنیاییەوە ئەو حزبانەی لەسەردەمی شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانی خەباتیان کردووەو بەرنامەو ئۆرگانەکانیان بەپێی ئەو ڕۆژگارە داڕشتووە. دەبێ لەخەباتی مەدەنی و پەرلەمانیدا پەیڕەو پڕۆگرامەکانیان بگۆڕن- یان بەلانی کەمەوە ڕیفۆرم لەبنەماکانیاندا بکەن. حزبی مۆدێرن دەبێ باوەڕی بەسیستمی دیموکراسی هەبێت و لەسەر بنەمای قانون و مافی مرۆڤو دادپەرەوەری کۆمەلاّیەتی و...هتد، بێت. لەسیستمی دیموکراسیدا حزب پێویستی بەسەرکردەی ڕێکخەرو چالاکی سیاسی و ئیداری هەیە. لێپرسراوانی حزب دەبێ خوێندنەوەیان بۆ پێشهاتەکان هەبێت. ئاگاداری گۆڕانکاریە ئابووری و کۆمەلاّیەتی و زانستییەکان بن.

هـیچ حزبێـکی سیاسـی ناڵێـت بـاوەڕی بەدیموکراسـی نییە، تەنانەت ئەگەر ئایدیۆلۆژیاکەی مەزهەبی توندڕەویش بێـت، هـەموو حزبێـك پابەنـدی خـۆی بەپرنسـیپەکانی دیموکراسـیەوە دەردەبڕێـت. سیسـتمی دیمـوکراتی تـەنها بـەمانای هەوڵـدان بـۆ گرتنـە دەسـتی دەسـەڵات نییـە، بۆیـە دەبیـنین ئەگـەر حزبێـك دەنگـی زۆری نـەهێناو بەشـێوەی سەرەکی بەشداری لەحکومەتدا نەکرد، چارەنووسی حزبەکە دەکەوێتە مەترسییەوە.

لــەکاتێکا ڕێگــا دروســتەکە ئەوەیــە حــزب گرنگــی بەڕێکخسـتنی حـزبو بەجـەماوەربوونی بـداتو شانبەشـان لەگـەڵ گرنگیـدان بەهەڵبژاردنـەکان. ئەگـەر بڵـێین زۆرینـەی حزبـەکانی کوردسـتان ئامانجیـان بۆتـە دەنگهێنـانی زۆرتـر لەهەڵبژاردنـەکانو پەیامـە سـەرەکیەکەی خۆیـانو ئامـانجو ستراتیژیەکەیان لەمەدا قەتیسم کردووە، بەهەڵەدا نەچووین. تەنانـەت پەیوەندییـە حزبیـەکانی نـاو حزبـەکانیش لەسـەر بناغـەی دەسـتەو دەسـتەگەریەو لەگۆشـەنیگای بەرژەوەنـدی شەخسیەوە سەیری حزب دەکرێت. حزبـەکان کـەمتر پـەیامو پەیڕەوەکەیان بۆخزمەتی میللەتو ئومێدە مێژوویەکەیـەتی. ئەمـەی دوایـی لەسـەردەمی شۆڕشـی ڕزگـاری نیشـتیمانیدا تـەواو کـاری لەسـەردەکراو حزبـەکانی ئـەوکات کردبوویـان بەدروشمی سەرەکی خۆیان. لەم دروشمانەش: سـەربەخۆیی کوردسـتانو ڕزگـارکردنی گەلەکـەمان لەچـنگ داگیرکـەرانی

کوردستان. مافی سەربەخۆیی و فیدڕاڵی و...هتد. کەچی لەمڕۆماندا حزبەکانی کوردستان زۆربەیان نەك هەر ئامانجە سەرەکیەکانی خۆیان بیرچۆتەوە، بەڵکو بنەماو بنچینەی ئایدیۆلۆژیاو پەیڕەو پڕۆگرامی حزبەکانیشیان وەلا ناوەو گرنگی پێنادەن.

ڕاستە شۆڕشی پەرلەمانی مەدەنی جیاوازە لەگەڵ خەباتی چەکداری، بەڵام بەو مانایە نا بنەماکانی فەرامۆش بکات. بۆنموونە: حزبی سۆسیاڵ- دیموکراتی ئەڵمانیا کەلەساڵی (١٨٧٥) دامەزراوە، هەتا ئێستاش لەسەر ڕەوشی بنەما سەرەکیەکەی لاینەداوە، کەتێکۆشانە لەپێناو دادوەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی. یان حزبی دیموکرات مەسیحی ئەڵمانی کەلەساڵی (١٩٤٥) دامەزراوەو لەپەیڕەوەکەیدا حزبێکی دیموکراتی لیبراڵیەو پابەندە بەڕێچکەکانی ئایینی و مێژووی ئەوروپا، لەڕێڕەوەکەی خۆی لای نەداوە.

ئەوەی لای حزبەکانی خۆمان تێبینی دەکرێت ئەمەیە: لەسەر بنچینەیەکی جێگیر نین و سیاسەتەکانیان دووربینی و ستراتیژیەتی تێدابەدی ناکرێت. لایخۆی حزب چارەنووسی خۆی بەخەڵکەوە پەیوەست بکات، حزبەکان بوونەتە لەمپەڕ لەبەردەم ئاراستەو خواستە کۆمەڵایەتیەکان. بۆنموونە: هەموو هاوڵاتیانی کوردستان نەیاندەویست شەڕی ناوخۆ هەبێت، کەچی لەسەرووی ئیرادەی ئەوانەوە، شەڕ درێژەی دەکێشا.

**مەترسی گەرە لەوەدایە: چارەنووسی گەلێك لەدەست حزبەكاندایە، لەكاتێكا راستیەكە ئەوەیە دەبێ هاوڵاتی كوردستان خۆی بڕیار لەچارەنووسی خۆی بدات.**

## باسی سێیەم:

# سەرکردە

سەرکردەو ڕابەرایێتی ڕەگو ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێـژوو. هـەر لەوکەسـانەی کەسـەرکردایەتی دەسـتەیەکی کـەمیان کـردووە– هـەتا دەگاتـە نـاپلیۆن و گاندیو...هتـد، سەرکردەن.

سـەرکردە ئـەو کەسـەیە دەتوانێـت بەگرتنەبـەری چـەند فاکتەرو میکانزمێك کەسانی دیکە لەدەوری بیرو باوەڕەکەی خۆی کۆبکاتەوەو قەناعەتیان پێبێنێت.

جـیمس بیرنـز: جیـاوازی لـەنێوان سـەرکردەی بیرمەنـد، سەرکردەی ڕیفۆرمخواز، سەرکردەی شۆڕشگێڕ، سـەرکردەی قارەمان و سەرکردەی ئایدیۆلۆژی دادەنێت. دیـارە هـەر یـەك لەمانـە بـەپێی بەسـتێنی رسـتەکە لـەزمانی کوردیشـدا مانـای خۆیان هەیە.

لیستر سلڤمان. (luster saliva) جیاوازی لەنێوان پاڵەوانی نەتەوەیی و سەرکردەی دیارشی- یان نێوەنگیری سیاسی دادەنێت. لەم سەردەمانەدا دەتوانرێت بگوترێت سەرکردەی ڕابەرو سەرکردەی دیموکراسی و بیروکراسی و دیپلۆماسی و مەزهەبیش ڕۆڵی زیاتر دەگێڕن، لەبواری سیاسی. بەڵام ئایا: کام لەمانەی سەرەوە لەکوردستانی باشوور ڕۆڵیان هەیەو دەتوانرێت جەماوەر پشت بەو سەرکردەو حزبەکەی ببەستێت؟ کێ سەرکردەی ڕاستەقینەیە؟ کام حزب و سەرکردە پشت و پەنای خەڵکە؟ کام سەرکردەی سیاسی کورد لەتەنگژە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکاندا بۆتە سپاسیتێڵ؟ ئایا: ڕابەرانی کۆنی شۆڕشی ڕزگارین- یان کێ؟ ئەرستۆ دەڵێت: (سەرکردە سیاسییەکان کاتیان نییە، چونکە هەمیشە بەدوای ڕەوش و ژیانی سیاسییەوەن، ئەویش: دەسەڵات و نەمرێتی و کەسایەتی بەهێزکردنە.) مەبەستی ناوبراو لەوەیە: کەسانی وشیارن پێشبینی پێشهاتەکان دەکەن و لێکدانەوەی لۆژیکیان بۆهەموو هاوکێشە سیاسییەکان هەیە.

ویلیام شکسپیر، دەڵێت: (هەندێك سەرکردە بەمەزنی لەدایك دەبن. هەندێك مەزنیان بەدەست هێناوە، هەندێکیشیان مەزنێتیان بەسەردا سەپێنراوە.) سەرکردە بەمانا کلاسیکیەکەی تەنها مەبەستمان لەڕابەرانی شۆڕش و

سەرکردەی سەربازیی و....هتد، نییەو باسەکەمان لەمەدا کورت ناکەینەوە. لەم تەوەرەماندا باس لەسەرکردەی ڕاستەقینەی مۆدێرن و سەردەمناس دەکەینەوە.

ئەوانەی لەڕۆژگارێکی دیاریکراودا دەبنە پێشەواو ڕابەری نەتەوەیەک- یان حزبێك. کەم وا هەیە لەقۆناغێکی جیاوازتردا بتوانن بەهەمان پێگەو مەزنی جارانیان بمێننەوە. بۆنموونە: دەشێ سەرکردەیەکی کارێزمی کوردی لەسەردەمی شۆڕشی ڕزگاری کوردستاندا، ڕابەرایەتی شۆڕش و گەلی کوردیشی کردبێت و خەڵك چارەنووسی خۆی بەئەو سپاردبێت و سەرکردەش لەو قۆناغەدا جەماوەری وەك ئامرازێك بەکارهێنابێت و لایەنگران و حزبەکەشی وەك کەرەستەیەك سەیر کردبێت، بۆ ئەو ئامانجەی کەهەیبووە (وەك ڕزگاری کوردستان) دەمانەوێت بڵێین: هەرقۆناغێکی مێژوویی بەپێی بارودۆخ و سەردەم و پێشکەوتنەکان، پێویستی بەکەسی سەرکردەی خۆی هەیە. (هەرچەندە بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان ئیدی سەرکردەی مێژوویی و کەسی کارێزما بەزەحمەت دروست دەبنەوەو سەردەمی ئەمە بەسەرچوو.) دەبێ ئەو ڕاستیەش بخەینەڕوو سەرکردەو کەسی کارێزما قۆناغەکانی مێژوویی و پێداویستیەکانی سەردەمی خۆی دروستیکردوون- نەك سەرکردەکان قۆناغەکانیان گۆڕیبن.

(جگەلە ناپلیۆن بۆناپارت، کەتوانی قۆناغی فیودیاڵی لەئەوروپادا بگۆڕێت بۆ قۆناغی بۆرژوازیی- یان لینین کەبەهۆی گرتنەبەرو پەیڕەوکردنی بیرو باوەڕی مارکسیستی و لەڕێگای حزبەکەیەوە توانی گۆڕانکاری ریشەیی بکات و قۆناغێکی تازە بێنێتە ئاراوە. دیارە دەرکەوتنی ناوبراو وەك کەسێکی کاریزما ڕێگا خۆشکەربوو بۆ زۆربوونی جەماوەری حزبەکەیی و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر. دەمانەوێ بڵێین: چۆن بیرمەند دەبێتە سەرکردەو دواتر بەپشتبەستن بەجەماوەر سەرکەوتن بەدەست دێنێت. ڕاستە هەموو سیاسەتمەدارو بیرمەندێك سەرکردە نییە، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەموو سەرکردەی شۆڕشێك سیاسەتمەدارە. جیاوازییە بنەڕەتییەکە لەوەدایە: سەرکردەی لێهاتوو بەپشتبەستن بەجەماوەرو حزبەکەی ئامانجێکی پیرۆزی نەتەوەیی دیاریکردووە، بەڵام کەسی سیاسی هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات و زیادکردنی کەسایەتی خۆیی و ئامانجی لاوەکی هەن.

بارودۆخی مێژوویی لەبەهێزترین کەسایەتیەکان بەهێزترە، بۆ کەسێکی مەزنی مێژوویی ئیرادەو ئەزموون لەو رۆژگارەی تێیدا دەژیت، پەیوەستە بەسەردەمەکەیی و ئاستی وشیاری کۆمەڵگاکەی خۆی و ملکەچیان بۆ سەلیقەو تواناکانی سەرکردە. واتا: لایەنێکی ئەمە وابەستە بە پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتیە- ئەمانە بەو مانایە نیین سەرکردە کەسێکی ئاساییەو هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی و

مێژوویی دروستی دەکات، بەڵکو کەسی سەرکردە لەئەوانی دیکە دووربینترەو ئیرادەی بەهێزەو درك بەوە دەکات، ئەو ئەرکانەی لەو قۆناغە مێژووییەدا زەرورین چین، کاریان بۆدەکات و بەسەر کێشەکاندا زاڵدەبێت.

بلیخانۆف دەڵێت: (سەرکردەکان بەو هێزە تایبەتیەی خۆیان دەتوانن کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگا هەبێت، بەڵام ئاستی ئەو کاریگەرییە بەئامرازەکانی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دیاریدەکرێت.)١

کەسی سەرکردە ئەگەر ئامانجی بالاو پیرۆزی گەلەکەی نەبێت، بیری دەچێتەوە بۆچی بۆتە کەسێکی سیاسی. سەرکردەی راستەقینەی ژیرو خاوەن ئەزموون، دەتوانێت لەکاتە سەختەکاندا رێنوێنیکەرو فریادڕەسی گەلەکەیی و حزبەکەشی بێت. لەوکاتەی حزبەکەی توشی شکست و لاوازی دەبێتەو- دووبارە راستی بکاتەوەو بەهێزی بکاتەوە.

ماکیاڤێللی دەڵێت: (پێویستە سەرکردە جیاوازی لەنێوان رابەرێتی و سیاسەت دابنێت. رابەرایەتیکردن پشت بەبوونی ئەخلاق دەبەستێت، بەڵام زانستی سیاسی هیچ پەیوەندیەکی بەئەخلاقەوە نییە، سیاسەت وەك زانستێك لەسەر بنەمای ئەخلاق نییە.)

---

١ - نقش شخصیت در تاریخ. نوشته: گ. و. بلخانف. ترجمه: خلیل ملکی. انتشارات صدا (١٣٨١) ص٤٨

پێـودانگی ڕاسـتەقینە بـۆ سـەرکردە، بریتییـە لـەوەی کاتیٚ دەسەڵاتی گرتەدەست، چۆن هەڵسوکەوت دەکات.

سەبارەت بەئاستی ڕۆشنبیریی سەرکردە، کۆنفۆشیۆس دەڵێت: (چەندە سەرکردە سەرقاڵ بێت، پێویستە کات بۆ خوێندنـەوە فەراهـەمبکات، ئەگـەرنا ئـەوا خـۆی بەنـەزانی گەمارۆ دەدات- پێش ئەوەی دوژمنەکانی گەمارۆی بدەن.)

ڕاستە سایکۆلوژیای خەڵکی خۆرهەڵاتی بەدوای کەسی سۆپرمانەوەن، پاڵەوانی ڕزگاری نیشتمانی. کەسی تامردن سـەرکردە. لەحزبـەکانی کوردسـتان سـەرکردە لـەجیاتی ئەندامانی حزبو جەماوەر بیردەکاتەوەو هەر ئەویش بڕیار دەدات. لەوڵاتـە دواکەوتووەکانـدا کاریگـەری سـەرکردەی کارێزمـای سیاسـی لەسـەرووی کاریگـەری هـەموو سیاسەتمەدارە ئیلیتەکانی ئەو وڵاتەوەیە- تەنانەت زۆر جار لـەبری ئەمانـە کەسایەتی خێڵـەکی و سـەرۆکی کەمینەیـەکی قـەومی- یـان مەزهـەبی- یـان هـەر کەسـایەتیەکی دیکـەی کۆمەڵایـەتی، دەبنـە جێگـرەوەی ئیلیتـی سیاسـی. وەك لەکوردسـتان ئـەم دیاردەیـە بـەدی دەکرێـت. بۆنموونـە: هەندێکجار دەستەی سەربە سەرۆکی حزب، کۆنگرەی حزب بـۆ ئـەو مەبەسـتە بـەکار دێـنن کەهەنـدێك کەسـی سیاسـی لەحزب دوور بخەنەوەو بەناو نوێبوونەوەو هێنانەناوی گەنج بۆ ناو حزب، کۆنە سیاسییەکانی کەناکۆکن لەگەڵ سـەرۆك وەلا دەنـرێن. بڕیـارو پلانـدانانی حزبێـك ئەگـەر تێـڕوانینی

ستراتیژی لەخۆ نەگرێت، هیچ بەهایەکی نییە،. دیارە ئەم دووانەش پێویستیان بەڕاو بۆچوونەکانی سەرکردە هەیە.

دەبێ هەموو سەرکردەیێکی کاراو لێهاتوو توانای بڕیاردانی سەختو مەترسیدارو چارەنووسسازی هەبێت، سەرچاوەی ئەمەش لەوشیاریو توانا و بەهێزی سەرکردەوەیە. ڕاستە لەوانەیە بڕیاردانی سەرکردیەك هیچ بەرئەنجامێکی باشی لێنەکەوێتەوە، بەلام بەبێ بوونی بڕیاریش هیچ بەرئەنجامێك بوونی نابێت.

ئەگەر سەرکردە بریاری لەشتێکی چارەنووسسازی گەلەکەیدا– یان حزبەکەی، ئەوا بڕیاردانە، نەك فەرمان دەرکردن و ڕێنمایی. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین هەر سەرکردەیەك، تەنانەت لێپرسراوانی پلە دووی حزبیش، پێویستە ڕاوێژکارو یاریدەدەری ئەکادیمیو خاوەن ئەزموون، هاوکاریانبن بۆ لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو بڕیارو هەنگاوانەی دەدرێن، جا کە لەڕووی ڕێکخستن– یان سیاسی– یان هەرشتێکی دیکەوە بێت، ئەگەرنا سەرکردەی ئەو حزبە توشی گرفتێکی گەورە دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە: دەستەو دایرەکەی لەبەرامبەریدا وەفادارو دڵسۆز نابن، بەڵام ئەگەر کەسانی دەوروبەری سەرکردە بێتواناو کورتبینو ناسیاسیو دەستەمۆبن، ناتوانن لەبڕیارو بەرنامە داڕێژاوەکاندا هیچ ڕۆڵو کاریگەریەکیان هەبێتو وردە وردە ئەو حزبە وەك تەکیەو دیوەخانی لێدێتو ئەم دەروێشانە

تـــەنها ســـەرلەقاندیان لەســـەردەبێت لەبەرامبـــەر بڕیـــارو گوتەکانی سەرکردەدا، لێرەدا گرنگی ڕای جیاوازو ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن دیاردەکەوێت.

گـوتنی مەسـەلەکانی پەیوەسـت بەسیاسـەت مـەرج نییـە جـوان‌و دڵگیربـن– یـان دەسـتبەجێ ببنـە جێگـای قەناعـەت پێکـردن، کـارو کاردانـەوەی سیاسـی دەتوانێـت لـۆژیکی سیاسی بەئاراستەی دروستدا ببات. واتا ئەوەی سەرکردە دەیڵێـت مـەرج نییـە هـەمووی ڕاسـتبێت، بۆیـە پێویسـتە سەرکردایەتی ئەو حزبە ڕای خۆی هەبێت. هەرچەندە ئەگەر ئـەم ڕێـڕەوەی سـەرلەقاندنە درێـژە بکێشـێت، سـەرەتایە بـۆ چـەکەرە دروسـتکردنی سـەرکردەی سـەرکوتکەر– یـان تۆتالیتـاری. بۆیـە پێویستە ئەنـدامانی ئەو حزبـەو جەماوەر واسـەیری کەسـی کارێزمـا بکـەن سـەرۆکیانە، نـەك گـەورەو لێپرسراوی ژیانیان.

ئـەو سـەرکردەیەی بیـەوێت جـەماوەرو لایـەنگری زۆربـن ئەوا دەبێ نهێنـی سـەرکردایەتی کـردن بزانێـت. سـەرکردەی لێوەشاوە تێڕوانینی بۆ ئایندەی گەلەکەی هەیـەو داڕێـژەری ئـەو سـتراتیژیەیە کەدەسـتەبەری ئامانجەکـەیان دەکـات. رابـەری مـەزن وەك مایسـترۆی تیمـی ئۆرکیسـترا وایـە، پشـت دەکاتـە ئـەو جـەماوەرەی دانیشـتوون‌و حزبەکـەی دەبێتـە ئاوێنـەی ئـەو ئامانجـە گەورانـەی گەلەکـەی لێـی چاوەڕوان دەکەن.

سەرکردەی راستەقینە دەبێ بزانێت ڕەوشی سیاسی چ پەیوەندیەکی بەبنەماو میکانیزمی سیستمی سیاسیەوەیە، چۆن بتوانێت کەسایەتی کاریزمایی خۆی لەڕێگای سیاسییەوە بکاتە جەماوەریو کاریگەری لەسەر ڕاو بۆچوونی خەڵك جێبهێڵێت. راهبەر دەبێ بەپشتبەستن بە سیاسەتمەدارانی حزبەکەییو گرتنەبەرچاوی بارودۆخی کۆمەڵایەتیو ئابووری، کارلێکی پۆزەتیڤانەی هەبێت لەگەڵ جەماوەردا.

چەندین جۆر سەرکردەمان هەن لەمانەش:

١- سەرکردەی مێژوویی شۆڕشگێڕ: چارەنووسی نەتەوەیەك دەگەێنێتە رزگاری نیشتمانی، وەك گاندیو بسمارکو...هتد.

٢- سەرکردەی کاریزما: گرنگی بەئیرادەی گشتی گەلەکەی دەدات. کەسێکە پڕجوڵەو بەهێزو باوەڕ بەخۆبوو، خاوەنی ئیرادەیەکی پۆڵاینە، کەسێکی یەکلایکەرەوەیە. دان بەشکستیدا نانێتو لەبەرامبەر دژبەرو ناحەزەکانیدا ڕەقەو لەبەرامبەر لاینگرەکانیشیدا میهرەبانو بەبەزەییە. پشت بەقەناعەت پێکردنی جەماوەرو ئیلیتی سیاسی دەبەستێتو لەڕووی سۆزداریو پەرۆشەوە نیازو گفتوگۆکانی دەردەبڕێت. ئەو کێشانەی دێنەپێش بەشێوەی بنبڕ چارەسەریان دەکات،(١) هەمیشە واهەست دەکات

---

[١] - پێچەوانەی سەرکردەی پراگماتیکی، کەکێشەکان بنبڕناکاتو بەشێوەی لاوەکیو کاتی چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە.

لەڕکەبەرێدایە لەگەڵ کاتداو دەیەوێت گۆڕانکاری بنەڕەتی بکات. کەسی کارێزما بەوە لەکەسانی ئاسایی جیا دەکرێتەوە وەك ئەوەی توانایەکی ناسروشتی هەبێت. فەرمانڕەوای کارێزما هەمیشە کەسێکی ڕادیکاڵەو کاریگەری ڕاستەخۆی لەسەر هاولاتیان هەیە. خەڵك بۆ گوێدانە بەرژەوەندی ماددی خۆیان گوێڕایەڵو پەیڕەوی فەرمانەکانی دەکەن. ئەندامانی حزب لەدەوری کەسی کارێزما کۆدەبنەوە. لەو حاڵەتانەدا دەنگدەران کاریگەری ئایدیۆلۆژیاو سیاسەتەکانی ئەو حزبەیان ناکەوێتە سەر، بەڵکو پاراستنی بەرژەوەندی خۆیانو جەماوەریەتی کەسی کارێزماو ڕاگەیاندن کاریگەری پەیدادەکەن.

٣- سەرکردەی ئۆتۆکرات: خۆی بڕیارەکان دەداتو سیاسەتەکانی حزب دادەڕێژێت، هەژموونی بەسەر حزبدا باڵدەکێشێتو ڕێگا نادات لێپرسراوانی حزبەکەی بەشداری بڕیارو سیاسەتەکانی حزب بن.

٤- سەرکردەی دیموکراسیخواز: بەتەنهاو سەربەخۆ بڕیارەکان دەرناکات، ڕێگا دەدات ئەندامانی حزب تەنانەت لەڕێگای ڕاپرسییەوە خەڵکیش بەشداربکات لەبڕیار دانەکان، لەم ڕێگایەوە قەناعەت بەدەورو بەرەکەی دەکات.

٥- سەرکردەی پراگماتیکی: سەرکردەیەکی عەقلانییەو دەتوانێت ئاراستەکان دیاری بکات، هەروەها دەتوانێت ڕێگەچارەو ئەڵتەرناتیڤو دەرهاویشتەکانی بزانێت، دواجار بڕیارێکی گونجاو دەداتو قەناعەت

بەئـەوانی دیکـە دەکـات جێبـەجێی بکـەن. ئـەو کەسـێکە دەتوانێت حزب و کۆمەڵگاکەی لەسەر ئەو دەقەی گرتویـەتی بهێڵێتــەوە، نایــەوێت کۆمــەڵگا بــەرەو ئاراســتەیەکی پێشــکەوتووتر بباتــەوە. ئــەو پێیوایــە دەتوانێــت هــەموو کێشـەکان لەچوار چێوەی ئۆرگانـەکان و پـەیڕەوی حزبـەوە چارەسەربکات، ئەو سەرکردە تەوفیقیە پێیوایە سەرچاوەی هەموو گرفتەکان لەدژەیەکی و بەرکەوتەی بەرژەوەندیەکانە، بۆیــە بــەڕێگای تەوفیقیانــە لایەنــەکان پێکـدێنێت. واتــا: دانوستانی دوو لایەنە. ئـەو کەسە بـاوەڕی بەئایدیۆلۆژیای دەقگرتـوو نییـە، بـەڵام لەهەنـدێك کـات و ڕۆژگـاردا دروشمی ئایــدیۆلۆژی بەرزدەکاتــەوە، وەك دروشمێــك بــۆ حــزب و باوەڕەکـەی. بەنـەرمی مامەڵـە لەگـەڵ دژبەرەکانیدا دەکـات و دژی ملـەکردن و دوژمنکاریـە. ئـەمجۆرە سـەرکردانە زیـاتر لەپیاوانی پەیوەندیە گشتیەکان دەچن.

٦- ســـەرکردەی شۆڕشـــی رزگـــاری: لەتەنگـــژە مێژووییەکانـدا، لەوکاتانـەی شۆڕشـی ڕزگـاری چـەکداری دەستپێدەکات، (لێرەدا مەبەستمان لەڕابەرانی شۆڕشە.) ئەو سەرکردانە دەگەنە ئاستی ئەوەی وابیربکەنەوە دەبێ خەڵك گوێڕایـەڵی ڕاو بۆچوونەکانی ئەو بن، چونکە ئەو خاوەنی پەیامێکـەو دەبـێ بـەهاوکاری ئـەو خەڵکانـەی باوەڕیـان پێیــەتی، ئــەو پەیامــە بگەیەنــدرێت. کەســی ســەرکردە لــەڕۆژگاری شۆڕشــی چــەکداریدا هەوڵــدەدات ئەوانــەی

دەوروبـەری لـەژیانی ئاسـایی ڕۆژانـە دابڕێـت‌و هـەموویان لـەپێناو بـەدیهێنانی ئـەو پەیامـەی لـەبیرو هۆشـی ئـەو دایـە، تێبکۆشن.

لەکۆتاییـدا ئـەوەماوە بڵـێین: سـەرکردەی راسـتەقینەو مێـژوویی، نـەك هـەر تـەنها پـارێزەری نەتەوەکـەی خۆیـانن، بـەڵکو بـەرگری لـەماف نەتـەوە سـتەملێکراوەکانیش دەکـەن‌و بۆهەمیشـە لەمێـژووی مرۆڤایەتیـدا بەکەسـانی مـەزن سەیردەکرێن‌و دەبنە جێگای شانازی.

# زاراوەکان

**بیروکراســـــــــــــــی**: (Bureaucrats) زاراوەی

بیروکراسـی لەلایـەن کەسـێك بـەناوی (دوگـۆرنی) لەسـاڵی (١٧٤٥) بەکار هێنـراوە. ئـەم زاراوەیە لـەدوو وشـەی گریکـی وەرگـیراوە: (بـیرو) بـەمانای ئیـدارەو مێـزی فەرمانگـە دێـت. وشــەی (کراســی)یش بــەمانای حکومــەتو دامودەزگاکــانی دەوڵــەت دێــت. لــەم ڕۆژگارەشمانــدا بــەکارهێنانی زاراوەی بیروکراسـی بـەمانای تەشریفاتو ڕۆتـینو ناکـارایی ئیـداری دێـت. بـێ ئاگـایی حکومـەت لەگۆڕانکارییـە سیاسـییەکانو بیرو ڕاکانی خـەڵك. هـەروەها شـێوازی بەڕێوەبردنی ئیـداری لەلایــــەن کەســــانێك کەلەخەڵکـــــەوە دوورنو دەیانــــەوێت دەسـەڵاتداری خۆیـان لـەناو دەزگـا ئیداریـەکانی دەوڵەتـدا بـەرفراوانتر بکـەن، ئەمـەش بەئامانجی زیـاتر کـۆنترۆڵکردنی لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی.

**کارتلی:** بەو حزبە سیاسییانە دەگوترێت کەبۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان کەڵك لەئیمکاناتی دەوڵەت وەردەگرن (واتا: سیستمی سیاسی)

**پراگماتیسم:** (Pragmatism)تێکەڵەیەکە لەفەلسەفەی عەقڵی پڕاکتیکی. (کانت، بەفەلسەفەی عەقڵی پراکتیکی دەزانێت. شۆبنهاوەر: بەبالأیی ئیرادەی دەزانێت. داروین: بەگریمانەی مانەوەی باشترینی دەزانێت. ویلیان جیفر: ئەمە بەفکری باشترو باوەڕی گونجاوتر دەزانێت. بەلأم فەلسەفەی (utilitarinnism) هەموو خێرو چاکەکان لەسۆنگەی قازانج و کەڵك لێوەرگرتنەوە سەیر دەکات.

**ئەنترۆپۆلۆجیا:** زاراوەیەکی یۆنانیە، لێکۆڵینەوە لەگەشەو پەرەسەندنو جیاکردنەوەی مرۆڤ لەئاژەلأنی دیکە دەکات، هەروەها بنەچەی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای بایۆلۆژی پۆلێن دەکاتو شرۆڤەی فەرهەنگو چالاکیەکانی دەکات.

**ئایدیۆلۆژیا:** (باوەڕناسی) بنەمای فکری گشتی کۆمەڵگاو تاکەکەس دیاریدەکات، لەهەموو بوارەکانی ئایدیاڵی و سیاسی و ئەخلاقی و فەلسەفی.

**ئۆتۆكراسی:** (Autocracy) زاراوەیەكە بەو حكومەتە دەگوترێت كەكەسێك- یان كۆمەڵێك كەس- یان حزبێك فەرمانڕەوایەتی دەكات و پابەند نییە بەدەستورو یاساكان. ئۆتۆكراتی لەناو ئەو حزبانەدایە كەفاشی و ڕەفتار فاشیین. ئەم زاراوەیە بەزمانی یۆنانی بەمانای: حوكمی ئیلاهی دێت. واتا: گەیشتنی ئەو كەسە بۆ حوكمكردن بەڕەزامەندی خواوەند. جیاوازی نێوان ئۆتۆكراتی و دیكتاتۆری لەوەدایە: دەسەڵاتداریێتی ئەوەی یەكەمیان لەسەر بنەمای ئەمەكداری و رەعیەتە. بەڵام حوكمی دیكتاتۆری خەڵك تەنها لەترسان ملكەچی فەرمانڕەوان.

**سیۆكراتی:** ڕێبازێكە پشتبەستە بەبیرۆكە ئایینەكانی مەسیحی و جوولەكە. بەمانای فەرمانڕەوایەتیكردن بەپێی حەقی خواوەندی. ئەمجۆرە رژێمانە لەسەدەكانی ناوەڕاست لەئەوروپادا سەریانهەڵداوەو دەمارگیری ئایینی و سەركوتكردنی ئازادیەكانی سیاسی و كۆمەڵایەتیان كردووە. بەوهۆكارەوە كۆمەڵگای دواكەوتوو دروستبوون و پێی دەگوترێت سەدە تاریكەكان.

**دۆگمایزم:** پەیڕەوێكی فكریە لەسەر بنەمای باوەڕبوون بەوەی هەقیقەتی رەهایان لایە. ئەم زاراوەیە لەبنەڕەتدا بەمانای راستی رەها دێت. دواتر مانایەكی

سیاسی و کۆمەڵایەتی نێگەتیڤی بەخۆیەوەگرت و بۆ ئەو پەیڕەو و شێوازە فکریانە بەکاردێت کەدەمارگیرو کۆنکرێتین و دوورن لەلۆژێك. وەك بزوتنەوە ئایینییەکان و فاشیستەکان- کەپشت بەباوەڕێکی فکری نەگۆڕ دەبەستن و هەر دەرچونێك لەو پەیڕەوە، بەلادان دەزانن.

<u>دیماگۆگی:</u> زاراوەیەکی گریکیە لەوشەی (دیموس) واتا: گەل و (گۆگی) واتا: کارەوە، هاتووە. بەڵام بەمانا سیاسییەکەی، واتا: ئەو رەوشەیە کەسیاسییەکان بۆ فریودانی خەڵك دەیگرنەبەر، لەپێناو دەستگەیشتنیان بەدەسەڵات.

<u>رادیکاڵ:</u> پەیڕەوو ئامانجی ئەو حزب و بزوتنەوە سیاسییانەیە کەدەیانەوێت ڕیفۆرمی بنەڕەتی و قوڵ لەبوارەکانی سیاسی و ئابووری و فکری و کۆمەڵایەتی و دەستووری، کۆمەڵگادا بکەن. رادیکاڵیەت لەبنەڕەتدا رێبازێکی پێشکەوتوخوازانەیە، بەڵام لەمڕۆدا زاراوەی رادیکاڵ بۆ ئەو گروپانە بەکاردێت کەلادەرو توندڕەون، لەبیرو باوەڕەکەیاندا.

<u>لیبراڵیزم:</u> (Liberalism) زاراوەیەکی لاتینیە (لیبر) بەمانای ئازادیخوازی. لایەنگرانی ئەم بیرو باوەڕە

بەرگری لەئازادی رادەربڕین، مافی مرۆڤ، ئازادی ئایینی، ئازادی چاپەمەنی، مافی مەدەنی، سیستمی دیموکراسی، حکومەتی سکۆلاریزم دەکەن. لیبراڵەکان پێیانوایە: تاکەکەسەکان مافی سروشتی خۆیانە جیاواز لەحکومەت و کۆمەڵگا، بوونی خۆیان هەبێت. بەمەش لیبراڵەکان دەیانەوێت دەوڵەت لەبواری ئابووری و سیاسی کەمترین دەسەڵاتی هەبێت، چونکە حکومەت تەنها ئامرازێکە بۆ هێشتنەوەی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی پەیوەست بەئازادی تاکەکەس. لیبراڵە نوێکانیش پێیانوایە نابێ دەوڵەت دەست لەکاروبارەکانی ئابووری و ئازادییەکانی تاکەکەس وەربدات.

**مۆنۆکراسی:**(monocracy) بەو حکومەتانە دەگوترێت کەبەهۆی تەنگژەو شۆڕش و گۆڕانکاریەکان دروستدەبن و دەستەیەك کەسی نەزان کاروباری ئیداری و کۆمەڵگا دەگرنە دەست و ژیرانە هەڵسوکەوت ناکەن، بەڵکو هەڕەمەکیانەو بەپێی بۆچوونی خۆیان. دواجار بۆمانەوەو گەیشتن بەئامانج پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن. لەمجۆرە حکومەتانەدا بێسەروبەرەیی سەرهەڵدەدات و کەسانی پرۆفشناڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی، دوورە پەرێز دەبن.

**ئەپۆلیتیسم**:(Apolitisme) زاراوەیەکی فەرەنسیە مانای: گوێنەدانو خۆپاریزی لەسیاسەتو مەسەلە کۆمەڵایەتیو نیشتمانیەکان. دواجار دوورە پەرێزی لەسیاسەت. واتا: نانیشتمان پەروەرێتی.

**پۆپۆلیسم**: باوەڕێکە پێیوایە: دەبێ ئامانجە سیاسییەکان بەپێی خواستی خەڵك بنو جیابن لەدامەزراوەو حزبەکان، چونکە خواستەکانی خەڵك خۆیان لەخۆیاندا هەقو ئەخلاقین. بەواتایەکی دیکە: هەرچی میللەت بیەوێت دەبێتە هەمان رەوایەتیو ئەخلاق. ریبازی پۆپۆلیسم تێکەڵەیەکی بیرۆکەی مارکسیستیشی لەگەڵدایە.

**ئەنترناسیۆنالیسم**: ئەو باوەڕەیە: خێرو بەختیاری مرۆڤ پێویستی بەوەیە میللەتان بەبێ لەبەرچاوگرتنی دەمارگیری قەومی، پێکەوە هاوکاری یەکتری بکەن.

**ئاگزیستانسیالیسم**: ریبازێکە پێودانگی کاملبوونی مرۆ تەنها لەئازادی ئەودا دەبینێتەوە، لەوبڕوایەدایە تاکە بوونەوەری کەئازاد دروستکراوە مرۆڤەو مەحکومی هیچ زۆرو ستەم و بارگرانیەك نییە. هەرشتێکی دژی ئازادی بێت مرۆڤ لەمرۆییەتی دەشۆرێت. پەیڕەوانی ئەم بیرۆکەیە دەڵێن: باوەڕبوون بەخواوەند جۆرێکە لەکۆیلایەتیو دیلیو ڕێگرە لەبەردەم گەشەکردنی مرۆڤ.

ئانیلجنسیا: ئاماژەیە بەو توێژاڵە رۆشنبیرەی گرنگی بەکاروباری فکری دەدەن. ئەم زاراوەیە لەسەدەی نۆزدەوە بەکار هاتووە. بەتایبەت لەروسیاو پۆلۆنیا.

دترمینیسم: رێبازێکە باوەڕی بەحەتمییەت هەیە. باوەڕبوون بەقەزاو قەدەرو چارەنووسی دیاریکراو.

سپاسیتێڵ: واتا: رزگارکەر. سەرەتا ئەم دەستەواژەیە بەمەسیح گوتراوە.

کۆلاك: دەستەواژەیێکی روسیە، لەمانای فیودیالی نزیکە. بەو خاوەن زەویە زۆانە گوتراوە کەلەئەنجامی ئەو ریفۆرمە کشتوکاڵیانەی (بیوتر ستولیبێن) لەکۆتایی دەسەڵاتدارێتی ئیمپراتۆریەتی روسی کراونو خاوەن موڵکەکان تێیدا دەوڵەمەند بوون.

تۆتالیتاریسم: (totalitarisme) زاراوەیێکی سیاسییە بۆ جۆرە حکومەتێك بەکاردێت کە ئەم چەند تایبەتمەنیانەی خوارەوەی تێدابێت: ١- یەك ئایدیۆلۆژیای گشتی هەبێت. ٢- یەك سیستمی تاك حزبی فەرمانڕوا بێت. ٣- یەك کەس رابەری هەمیشەیی بێت. ٤- هەموو ئامرازەکانی پەیوەندیو راگەیەندنەکانی لەدەستدابێت. ٥-

زاڵبـوون و گرتنەدەسـتی لایـەنی ئـابووری، لەلایـەن حزبـی دەسەڵاتدارەوە.

<u>شمــولی:</u> بــۆ وەســفکردنی ئــەو دەوڵەتانەیــە کەهەوڵـدەدەن دەسـت بەسـەر هـەموو جومگـەکانی ژیانـدا بگــرن- بەلایــەکانی شەخسیشــەوە. ئــەوەی لــەحوکمی دەسـەڵاتخوازی جیا دەکاتـەوە ئەوەیـە: شمـولی هەوڵـدەدات بەسەر هەموو کایەکانی ژیاندا زاڵبێت.

<u>کارێزما:</u> خەسڵەتێکە دەگەڕێتەوە بۆ تاکە کەسێك- یان دامەزراوەیەك- یان پلەو پایەیێك، بەهۆی پەیوەندیداریان بەبوونی هێزی کاریگەریان لەسەر خەڵك.

<u>گلاسـنۆس:</u> گرتنەبـەری سیاسـەتێکە کـار لەسـەر کرانـەوەو شـەفافییەت دەکـات لەدامـەزراوەکانی دەوڵەتـدا، هەروەها ئازادی زانیاری بەدەستهێنان.سیاسەتی ئاشکرا.

<u>ئەرســـتۆکرات:</u> (aristocrate) بــەمانای ئــەو نـەجیبزادە دەوڵەمەندانـەی بـەبۆماوەیی گەیشـتوونەتە پلـەو پایــەی کۆمەڵایــەتی، ئەوانــە توێــژاڵێکبوون هاوشـێوەی ئەشرافەکان.

<u>ستراکتۆر:</u> داب و پەیڕو و بنەماکانی کۆمەڵایەتی.

پلۆرالیسم: فرەیی و گرتنەبەری زۆرینەگەرایی. ئەم ڕێبازە لەسەر ڕێچکەی مۆنیسمی (Monism) بنیاد نراوە کەباوەڕی بەوەیە: دروستبوونی هەموو دنیا سەربە یەك بنەڕەتن. (یەك بوونیەت)

ئایکۆلۆژیا: بریتییە لە: لێکۆڵینەوە لەژینگە.

پاترياريکی: باوکسالاری.

ئانارشیسم: (Anarchisme) لەرووی سیاسییەوە بەمانای سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە بەبێ بوونی دەوڵەت. بەگشتی کۆمەڵگا خاوەنی هیچ جیاوازی چینایەتی نەبێت. ئەم زاراوەیە زیاتر بۆ ئایدیۆلۆژیای چەپی ڕادیکاڵ بەکار دەهێندرێت.

پلاتفۆڕم: (platform) بەرنامەی کاری سیاسی- یان بەرنامە دارشتن بۆ هەڵبژاردنەکان.

پارێزگاران: زاراوەیێکی لاتینیە بەمانای پاراستن و چاودێریکردنی داب و نەریت و باوەڕە کۆنەکان دێت. ئەوانە دەیانویست پاشاو پیاوانی کلێساو ئەشرافەکان دەسەڵات بگرنە دەست.

**پرۆلیتاریـــــا**: (proletarius) ئـــــەم زاراوەیـــــە لەسـەدەی حەڤـدە بـۆ یەکـەمجار لەلایـەن کـارڵ مـارکس و فریـدریك ئـەنگڵز لـەکتێبی (مانافێسـتی حزبـی کۆمۆنیسـت) بـەکار هـاتووە. بـەکارهێنانی ئـەم زاراوەیـە ئاماژەیـە بـەو چینەی هـیچ ئامرازێکی بەرهـەمهێنانی لەدەسـتدانیەو تـەنها بەفرۆشتنی وزەی کاری جەستەیی و فکری دەژیت.

**فەندەمەنتاڵی**: (Fundamentalism)

زاراوەیێکـــی سیاســـی فکرییـــە. بـــاوەڕبوون بەبنـــەمای ئایینێك و دەقە بنەڕەتیە نەگۆڕەکانی.

**فۆرمالیسم**: بیرو بۆچوون: دۆخکە لەهزردا، بەهۆی ئەوەوە کەسێك باوەڕ بەوە دێنێت شێتك راستە، بەبێ ئەوەی گرنگی بەوەبدات ئایا بەشێوەی بەرجەستە- یان بەڵگـەدار راستی ئەو شتە سەلمێندراوە. لای گریکەکان دوو چەمکی لێکجیـاواز بـۆ ئەمـە هـەن. پیسـتیس (pistis)و دۆکسـا (doxa) یەکـەمیان پشـتی بەدڵنیابوونـەوەو بەرجەسـتەیی بەســتووە، دووەمیشــیان لەســەر بنــەمای ئاماژەکردنــە بەتیۆری و قبوڵ کردنێتی.

# ئیندێکس

ئەنتۆنی گرامشی: فەیلەسوف و کۆمەڵناسێکی شۆڕشگێڕی ئیتاڵییە. لەشارۆچکەی (ئالیسی دورگەی ساردینیا) ساڵی ١٨٩١ لەدایکبووەو لە ٢٧/٣/ ١٩٣٧ کۆچی دواییکردووە.

ڤیلادیمیر ئیلیتش ئەلیانۆف لینین. (١٨٧٠-١٩٢٤) فیلسوف و سیاسەتمەدارێکی گەورەیەو رابەری شۆڕی ئۆکتۆبەری روسیە.

ئانتۆنی گیدنز: ساڵی ١٩٣٨ لە لەندەن لەدایکبووە. زانایەکی سۆسیۆلۆژی هاوچەرخە. یەکێکە لەگەورەترین زانایانی بواری کۆمەڵناسی سەردەم. زیاتر لە (٢٤) کتێبی هەن. کەبۆ زۆربەی زمانەکانی دنیا وەرگێڕدراون.

**شـــارڵ لـــوی دی ســـیکوند.** (١٦٨٩-١٧١٤) ناســراوبه (مۆنتیســکۆ) (Montesquieu) فەیلەســوفێکی گــەورەی فەرەنســییەو خــاوەنی تیــۆری جیاکردنــەوەی دەسەڵاتەکانە. ئێستا زۆربەی سیستمە سیاسییەکان پشت بەڕاکانی ئەو دەبەستن.

**جیۆڤانی سارۆرە:** (Giovanni Sarori) (١٩٢-٢٠١٧) ڕۆژنامەنووس و زانایێکی بواری سیاسی بووە.

**نیکـۆلای دی برنـاردۆ دی مایکیـاڤللی:**(١٤٦٩-١٥٢٧) سیاســـەتمەدارێکی گــــەورەی ئیتاڵییـــە. نـــاوبراو دامەزرێنەری تیۆری سیاسی ریالیزمیەو دواتر تیۆرییەکانی بوون بەبنەمای بنەڕەتی سیاسەت.

**جـورج هلـم فریـدریش هیگـڵ:** (١٧٧٠-١٨٣١) فەیلەســـوفێکی ئەڵمانییـــە. یەکێکـــە لەگـــەورەترین دامەزرێنەرانی (ئایدیالیستی ئەڵمانی)

**کـــارڵ هانریـــك مـــارکس:** (١٨١٨- ١٨٨٣) فەیلەســوف و ئـابووریزان و زانـای کۆمەڵناســی و مێــژوو نــووس و ڕۆژنامــەنووس و شۆڕشــگێڕێکی ئەڵمانییـــە. بیرۆکـەکانی نـاوبراو ڕۆڵێکـی گـەورەیان گێـڕاوە لەزانسـتی کۆمەڵناسـی و بەرەوپێشـبردنی بزوتنـەوە شۆسیاڵیسـتەکان. مارکس یەکێکە لەگەورەترین ئابووریزانانی دنیا.

**<u>ساموێل فیلیپس هنتینگتۆن:</u>** (١٩٢٧-٢٠٠٨) (Samuel Phillips Huntington) زانایەکی بواری سیاسی ئەمریکییە. خاوەنی کتێبی ململانێی شارستانیەکانە.

**<u>سارا کوفمان:</u>** (١٩٣٤-١٩٩٤) فەیلەسوفێکی فەرەنسییە. خاوەنی چەند کتێبێکە، لەمانەش کتێبێك لەسەر فریدریك نیتشەو کتێبێکیش لەسەر سیمگۆند فرۆید.

**<u>کارڵ مانهایم:</u>** (Karl Mannheim) (١٨٩٣-١٩٤٧) کۆمەڵناسێکی جوولەکەی بەبنەچە مەجەرییە. دامەزرێنەری زانستی کۆمەڵناسی کلاسیکییە. هەروەها دامەزرێنەری زانستی سۆسیۆلۆژی مەعریفییە.

**<u>جوهان راڵز:</u>** (Rawls John) (١٩٢١-٢٠٠٢) فەیلەسوفێکی ئەمریکیە، تیۆریەکانی دەربارەی دادپەروەرین.

**<u>هانا ئارنێت:</u>** (١٩٠٦-١٩٧٥) تیۆرستێکی سیاسی و لێکۆڵەرەوەیێکی جوولەکەی بەرەگەز ئەڵمانییە.

**<u>یوشیهیر فرانسیس فۆکۆیاما:</u>** (YoshihiroFrancis Fukuyama) ساڵی(١٩٥٢) لەدایکبووە. زاناو فەیلەسوف و ئابووریزان و سیاسێکی ناودارە. خاوەنی کتێبی: کۆتایی مێژوویە.

**فریـــدریك ئـــەنگلز:** (١٨٢٠- ١٨٩) تیۆرســـتێکی سیاسـی و فەیلەسـوفێکی ئەڵمانییـە. لەگـەڵ کـارڵ مـارکس، مانێفســتی حزبــی کۆمۆنیســتیان نووســیوەتەوە، چــەندین کتێبی بەناوبانگی هەن.

**جۆرجی پلیخـانۆف:** (١٨٥٨-١٩١٨) بیرمەنـدێکی روسـیە. دامەزرێنـەری بزوتنـەوەی دیمـوکراتی کۆمەڵایـەتی روسـییە. تیۆرسـتێکی مارکسیسـتی دیـارو کەسـایەتێکی کۆمەڵایەتی بەناوبانگە.

**فرانز فانون:** (١٩٢٥-١٩٦١) کۆمەڵناسێکی دیارەو بەتیکۆشان دژبە دیاردەی رەگەزپەرستی بەناوبانگە.

**جـیمس کۆڵمـان:** (James Coleman) (١٩١٤- ١٩٩١) سیاسـەتمەدارێکی ئەمریکیـەو بـەرگری لەدادپـەروەی کۆمەڵایەتی کردووە.

**مـــایرو وینـــر:** (١٩٣١-١٩٩٩) لێکۆڵـــەرەوەێکی سیاسی بەناوبانگی ئەمریکییە.

**ویلیـــام جـــیمس دیورانـــت:** (١٨٨٥-١٩٨١) (William James Durant) فەیلەســـوف و مێژوونووسێکی ئەمریکیـە. بـەناوبانگترین کتێبی: چیرۆکی شارستانییەکانە.

جـان جـاك رۆسـۆ: (١٧١٢-١٧٧٨) فەیلەسـوف و کۆمەڵناسی بەناوبانگی فەرەنسییە، بیرۆکە فەلسەفییەکانی ئـەو، بوونـە هۆکـار بـۆ سـەرهەڵدانی شۆڕشـی فەرەنسـی. هـــەوەها بەرهەمـــەکانی کاریگـــەریان لەســـەر پـــەروەردەو فێرکردن و سیاسەت جێهێشتووە.

ماکسیمیلیان کـارڵ ئیمـل مـاکس ڤیـبر:(١٨٦٤- ١٩٢٠) زانایـەکی بـواری ئـابووری و سیاسـی ئەڵمانییـە. یەکێکـە لەدامەزرێنـەرانی زانسـتی کۆمەڵناسـی مـۆدێرن و لێکۆڵینەوە لەدامەزراوەکانی ئیداری دەوڵەت.

ئـالان تـۆرین: (١٩٢٥) فەرەنسـیە. دامەزرێنـەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیە. خاوەنی چەند کتێبە، لەمانـــەش: رەخنـــەگرتن لەمۆدێرنـــەو بزوتنـــەوە کۆمەڵایەتیەکان. دیموکراسی چییەو...هتد.

یـورگین هابرمـاس: لـەدایکبووی (١٩٢٩) زانایـەکی سۆسـیۆلۆژی ئەڵمانیـەو بەیـەکێك لەگـەورەترین زانایـانی بواری سۆسیۆلۆژی و سیاسی هەژماردەکرێت.

جـۆن رولــس:(John Rawls) (١٩٢١-٢٠٠٢) سیاســەتمەدارو فەیلەســوفی ئەخلاقیاتــە. گــرنگترین کتێبـەکانی: تیـۆری دادپـەروەری. لیبراڵـی سیاسـی. دادپـەروەری وەك ویـژدان. نـاوبراو بەدامەزرێنـەری تیـۆری

لیبراڵـی کۆمەڵایـەتی دادەنرێـت، چـونکە یەکێکـە لەوکەسـە دیارانەی گرنگی زۆری بەدادپەروەری کۆمەڵایەتی داوە.

شارڵ موریس تالیران: (١٧٥٤-١٨٣٨) سیاسی و دیپلۆماتکارێکی بەناوبانگی فەرەنسیە. هەندێك لێکۆڵەرەوە پێیانوایە یەکێکە لەکاریگەرترین دیپلۆماتکارو سیاسیەکانی مێژووی ئەوروپا.

فریـدریخ ئۆگۆسـت فـون هایـك: (١٨٨٩-١٩٩٢) ئابووریزان و سیاسەتمەدارێکی نەمساویە، ناوبراو لایەنگری لیبراڵی کلاسیکی و سیستمی سەرمایەداری بازاڕی ئازادی کـردووە. لەسـاڵی ١٩٧٤ خـەڵاتی نـۆبڵی لـەبواری ئـابووری پێدراوە.

دۆن کیشـۆت: نووسـەری ئـەو رۆمانـە (میگێـڵ دی سێرفانتیس ساڤیدرا)یە. (١٥٤٧- ١٦١٦) کورتەی رۆمانەکە ئەوەیە: پاڵەوانەکەی (دۆن کیشۆت) کەسێکی ئەرستۆکراتەو زەوی وزارێکی زۆری هەیەو پێویستی بەوە نییە ئیش بکات. هەربۆیـەش زۆربـەی کاتـەکانی خـۆی بەخوێندنـەوەی ئـەو کتێبانــە بەســەر دەبـات کەباسـی جـوامێری و سوارچـاکی سەدەکانی ناوەراست دەکەن، ئەوانەی بەسواری ئەسپ دێو و هـەژدیها دەکـوژن. نـاوبراو خـەون بـەوەوە دەبینێـت وەك ئەوانە ببێتە قارەمان و داستانی جوامێرانە تۆماربکات.

ڕۆژێکیان (ئالۆنسۆ کیکسانۆ) بڕیاردەدات ببێتە سوارچاک، جلی زینهار لەبەردەکاتو ناولەخۆی دەنێت (دۆن کیشۆت)و لەگەڵ خۆیدا (سانتشۆی) نۆکەری دەباتو بەدەشتو دەرو گوندو ئاوەدانیەکاندا بەدوای هەژدیهاو دێو و زەبەلاحەکاندا دەگەڕێت. (دیارە ئەمانە تەنها لەناو مێشکی ئەودا بوونیان هەبووە.) ئیدی خەیاڵی ئەوەی بەسەردادێت ئاشی بای لێدەبێت بەدوژمنو دێو، زۆر بەسەرهاتی سەیرو سەمەرەی بەسەردێن. لەکۆتاییدا نەخۆش دەکەوێتو لەسەر جێگای مەرگ دەکەوێت، ئینجا بۆی دەردەکەوێت کەسێکی گەمژە بووە، بەڵام تازە کارلەکار ترازاوە. (بەکارهێنانی ئەم دووناوە زیاتر ئاماژەکردنە بەو کەسانەی بەدوای وەهم دەکەون، سانتشۆی نۆکەریشی ئاماژە کردنە بەو کەسانەی بەدوای وەهمی وەهم دەکەون.

<u>ناپلیۆن</u>: ناوی تەواوی: ناپلیۆن دی بۆناپارت، (١٧٦٩-١٨٢١) سەرکردەیەکی بەناوبانگی مێژوویی و سیاسەتمەدارێکی فەرەنسییە.

<u>موریس دوفرجیە</u>: (Maurice Duverger) فەرەنسیە (١٩١٧-٢٠١٤) پارێزەرو سیاسەتزانو مامۆستای قانوونە، ڕشتەکەی تایبەتە بەقانونی دەستووری.

# سەرچاوەکان

١- جـــەنگی شـــاراوە لەباشـــووری کوردســـتان. نووسینی: کریستیان کۆیڤۆنەن. وەرگێڕانی: پرۆفیسۆری ی. د. یاسین سەردەشتی. بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان. ساڵی ٢٠١١ ل٩٠

٢- دیاردەی بەجیهانیبوون. نووسینی: عمر شینکی: لــەبڵاوکراوەکانی وەزارەتــی رۆشــنبیری. هــەولێر ٢٠١١ ل٢٢١

٣- تێگەیشــتن لــەتیۆرە سیاســییەکان. نووســینی: تۆمــاس ســپراکێنز. وەرگێڕانــی: فەرشــید شــەریفی. لــەبڵاوکراوەکانی وەزارەتــی رۆشــنبیریی-بەڕێوەبــەرێتی خانەی وەرگێڕان. ساڵی ٢٠١٠ ل٢٠٨

**٤- ئايديۆلۆجياى ئەڵمانى. نووسينى: كارڵ ماركس و فريدريك ئەنگلز. وەرگێرانى: عمر رەسوڵ شينكى. لەبڵاوكراوەكانى دەزگاى دواڕۆژ ٢٠١٧ ل٢٧**
٥- الامير. تاليف: نيكولا ميكيافللي. الناشر: معهد البحرين للتنمية السياسية. ترجمة: محمد عبدالرضا التميمي ٢٠١٤ص ١١٤
٦- مجلة تكريت للعلوم السياسية. المجلد ٢ السنة ٢ العدد ٢ (٢٠١٥) ص١٨٧
٧- انطوان غرامشى: قضايا علم السياسة الماركسيية. ترجمة: واهى شرفان وقيس الشامى ـ بيروت دار العلمانية ١٩٧٠ ص٤٩
٨- الاحزاب السياسية. تاليف: موريس ديفريجة. ترجمة: عبدالحسين محمد. الناشر: دار النهار للنشر والتوزيع. ١٩٧٧ص٨
٩-اطلاعات درباره احزاب و**جناحهاى سياسى**.
**نشره نى ص١٨**
١٠- الدموقراطية. تاليف: تشارلز تيللي. ترجمة: محمد فاضل طباخ. الناشر: المنظمة العربية للترجمة- بيروت لبنان ٢٠٠٩ ص٣٤٨
١١- ماهي الديموقراطية؟ حكم الاكثرية ام ضمانات الاقلية. تاليف: الان تورين. ترجمة: حسن قبيسى. بيروت دار الساقي ٢٠٠١ص٢١
١٢- الدين في الديموقراطية. تاليف: مارسيل غوشية. ترجمة: د. شفيق محسن. المنظمة العربية للترجمة ٢٠٠٧ ص٨٥
١٣- الاحزاب السياسية والديمقراطية. الناحيتين النظرية والعملية. تاليف: نورم وسيفاكور اشياغبور.

ترجمة: نورالاسعد وسوزان قازان. الوكالة الأميركية للتنمية الدولية،(USAID) ٢٠٠٨ ص٧
١٤- الحضارة الديموقراطية. تاليف: ليسلي ليبسون. ترجمة: فواد موباقي وعباس عمر. بيروت: دار الافاق الجديدة. ١٩٨٠ص٢٨
١٥- فرانسيس فوكوياما. نهاية التاريخ والانسان الاخير. فريق الترجمة: فواد شاهين، د. جميل قاسم. رضا الشايبي. الناشر مركز الانماء القومي ١٩٩٣ ص٢٥٤
١٦- مجلة العلوم السياسية. النظم الديموقراطية في اوروبا- التجريبة التوافقية في الحكم. ترجمة: امنة علي. ٢٠٠٧ص٣٣١
١٧- الاحزاب السياسية. تاليف: موريس ديفرجية. ترجمة: عبدالمحسن سعد. الناشر: الهيئة العامة لقصور الثقافة القاهرة ٢٠١١ ص١٣٢
١٨- التخطيط الاستراتيجي للاحزاب السياسية: تاليف: كاسبارف فان دن بيرغ. الموسسة الدولية للديموكراتية والانتخابات (International ide)
١٩- الموسسة الدولية المعهد الهولندية للدموقراطية متعددة الاحزاب.(idea)
٢٠- التخطيط الاستراتيجي للاحزاب السياسية. الموسسة الدولية للدموقراطية والانتخابات ٢٠١٩ ص١٤
٢١- مرض اليسارية الطفولي في الشيوعية. تاليف: فلاديمير ايليتش لينين. الناشر: دار الدولة للطبع و النشر- موسك ص٦
٢٢- محمد سويدي. علم الاجتماع السياسي. الجزائير ديوان المطبوعات الجامعية ١٩٩٠ ص ١٠٤- ١٠٥

٢٣- **ستان روكان، سياسى نرويجى ٢٠٠٢ ص١١٧**

٢٤- **الوقائع العراقيه. العدد (٤٣٨٣) قانون الاحزاب السياسيه. رقم(٣٥) لسنه ٢٠١٥ص٢١**

٢٥- نهاية التاريخ و الانسان الاخير. تاليف: فراسيس فوكوياما. فريق الترجمة: د. فواد شاهين، د. جميل قاسم، رضا الشايبي. الناشر: مركز الانماء القومي- بيروت لبنان. سنة ١٩٩٣ص١٨٠

٢٦- التحليل السياسي الحديث. تاليف روبرت دال. ترجمة: علا ابو زيد. القاهرة: مركز الاهرام للترجمة والطباعةو النشر ١٩٩٣ص٨٦

٢٧- اطلاعات سياسي اقتصادي- **شماره: ١١١- ١١٢ ص٥٧**

٢٨- **م. دورزه. جامعه سناسى سياسى. ترجمه: ابو** الفضل قاضى. **دانشكده تهران . ١٣٦٧ ص٢٤٥**

٢٩- **فوكوياماو ديموكراسى ليبرالّ- پايان تاريخ. نوشته: تالوين تافلر. ترجمه: پرويز صداقت. مجله: سياسى- اقتصادى ١٣٧٣ (شماره)٧٩**

٣٠- **حق ملل در تعين سرنوشت خويش. نوشته: ولاديمير ايليج لينين. مجموعه اثار، جلد (٢٢)**

ترجمه: علی دبیر. انتشارات پژوهك- تهران - چاپ اول ۱۳۵۹ ص۲۸

۳۱- روح القوانین. (کتاب دوازدهم- فصل دوم) نوشته: منتسکیۆ. ترجمه: علی رامین. نشریه امیر کبیر ۱۳۵۸ ص۳۰۳

۳۲- اطلاعات سیاسی- اقتصادی. شماره: (۹۳-۹٤) مقاله: جمع بندی مارکسیسم در قرن بیستم. نوشته: دکتر حسین بشیری. ص١٤

۳۳- دیموکراسی در اندشه- مارکس و لینین. نوشته: جیووانی سارتوری: ترجمه: دکتر مصطفی رحیمي. اطلاعات سیاسی- اقتصادی شماره: ١٦١- ١٦٢ ص٥٧

۳٤- توتالیسم، حکومت، ارعاب، کشتار و خفقان. نوشته: هایك. ترجمه: محسن ثلاثي. انتشارات جاویدان ١٣٦٣ص٩٢

۳٥- سیپنویچ. فصلنامه علمی پژوهشی- دوره هشتم. شماره (٤) پاییز ١٣٩٥ ص٢٢

۳٦- کتاب: تاریکخانه ایدیولوژی. نوشته: سارا کوفمان. ترجمه: ستاره هومن . نشره نی . تهران ١٣٥٦ ص ١٠١

٣٧- ایدیولۆژیای سیاسی عصر ما. نوشته: تی سرمنت. ترجمه: محمود کتابی. تهران انتشارات دانشگاه اصفهان ١٣٥٧ ص٤

٣٨- نقش شخصیت در تاریخ. نوشته: گ. و. پلخانف. ترجمه: خلیل ملکی. انتشارات صدا (١٣٧١)ص١٩

٣٩- ظهور وسقوط لیبرالیسم غرب. نوشته: انتونی اربلاستر. ترجمه: عباس منحبر. تهران نشره مرکز ١٣٦٧ ص٢٩٥

٤٠- هگڵو فلسفەی پراکتیك. نوشته: چارلز تیلور. مجله سیاسی اقتصادی. ترجمه: حسین بشیریه. شماره ٦٣ . ٦٤ ص١٩

٤١- نقش شخصیت در تاریخ. نوشت: گ. و. بلیخانف. ترجمه: خلیل ملکی. انتشارات صدا ١٣٨١ص ٤٨

٤٢- درباره حزب (مارکسیسم و حزب): نوشته: کلاس هورنر. منتشر شده در سایت هفته.

٤٣- بیتهام. توسعه سیاسی. ترجمه: أحمد نقیب زاده. نشره قومس ١٣٧٦ ص٨٥

٤٤- کتاب: چارچوبی نظری برای بررسی سیاست تطبیقی. ترجمه: علیرضا طیب. ناشر: مرکز أموزش مدیرت دولتی ١٣٧٦ ص ٢١٤ (مجلد- ششم)

٤٥- سـيد حسـن زاده. نوسـازی‌و دیگرگـونی سیاسی. تهران نشر سفیر ١٣٦٨ ص٩٥

٤٦- کتـاب: دوزخیـان زمـین: نوشـته: فـرنتس فـانون. ترجمــه: محمــود ریاضـــي. انتشــارات تــیراژه (١٣٦٣)ص٢٣٢

٤٧- فصلنامة مطالعات راهبردی. نوشت: محمد خضري. سال جهارم، شماره سوم، پاییز ١٣٨٠ ص٣٢٩

٤٨- گراهـام .تـی. ألیسـن. شـیوه‌های تصـمیم گـیری در سیاسـت خـارجی. ترجمـه: منهوچـر شجاعی. انتشارات علمی‌و فرهنگی ١٣٦٤ ص٨١

٤٩- ئـەم لێکۆڵینـەوە کەسـانی نـاوداری وەك: جیمس کۆڵمان. جۆزیف لابا لۆمبارا. لوسیان بای. سیدنی فیربـا. مـیرون واینـر و سـامۆیل هینتینگتـۆن- بەشـداریان تێدا کردووە. المصدر: جریدة ریاض. العدد ١٣٥٨٧ سنه ٢٠٠٨

٥٠- دورانـت، ویـل. تـاریخ فلسـفه. ترجمـه: عبـاس زریـاب. تهـران. انتشـارات علمـی‌و فرهنگـی ١٣٧٣ ص٢٥١

٥١- فوکویامـا، فرانسـیس. بهتریـن دنیاهـا. مصـاحبه: مایکل لـرین‌و بنـاتریس بـا فوکویامـا. ترجمـه: فرامرز رستمی. مجله: سیاست بین الملل- شماره (١٧٥- ١٧٦)